# ململانێی ناوماڵی شیعە
# لە حەوزەوە تا حەشد

# ململانێی ناوماڵی شیعە
## لە حەوزەوە تا حەشد

نووری بێخاڵی

وشە
دەزگایەکی رۆژنامەوانی سەربەخۆیە

له بڵاوكراوه‌كانی

وشه

ده‌زگایه‌كی رۆژنامه‌وانی سه‌ربه‌خۆیه

كتێبی ژماره حه‌وت

- ناوی كتێب: ململانێی ناوماڵی شیعه، له حه‌وزه‌وه تا حه‌شد
- نووسه‌ر: نووری بێخاڵی
- بابه‌ت: لێكۆڵینه‌وه
- نه‌خشه‌سازی: ئاراس ئه‌كره‌م
- چاپ: یه‌كه‌م- هه‌ولێر، ٢٠١٨
- تیراژ: ٥٠٠ دانه
- نرخ: ٣٠٠٠ دینار
- چاپخانه: چاپخانه‌ی رۆژهه‌ڵات
- له به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تیی گشتیی كتێبخانه گشتییه‌كانی هه‌رێمی كوردستان ژماره‌ی سپاردنی (  ) ساڵی ٢٠١٨ی پێ دراوه

## پێرست


لەبری پێشەکی ........ 7
تەونی جاڵجاڵۆکە! ........ 9
شیعە و شیعەگەری لە فیکری سیاسییەوە بۆ مەزهەبی ئاینی ........ 11
نەجەفی ئەشرەف و قومی پیرۆز! ........ 19
شەڕی حەوزە و ڕۆڵی خومەینی! ........ 23
عەمامە و ئەفەندی و شیوعی! ........ 28
مەرجەع و پشکی خومس ........ 34
تارمایی خومەینی! ........ 42
تۆفانی دوای شۆڕش! ........ 47
هەناردەکردنی شۆڕش! ........ 50
ویلایەتی فەقیە، گرێکوێرەکە! ........ 65
لایەنگر و قوربانی! ........ 70
شیعەی ئیخوانی، وەهابیی شیعە! ........ 74
شیعە و تراژیدیا! ........ 77
لە نێوان خامەنەئی و سیستانیدا! ........ 79
حزب وەک دەمامکی حەوزە! ........ 84
حەشد وەک ماشەی دەستی وەلی فەقیە! ........ 87
پاشبەند ........ 99
بەرچاوڕوونی ........ 101
ئەمریکا و ئێران، پڕۆژەیەک بۆ بەردەوامیی شەڕ لە جیهاندا ........ 102
لە (گۆدلی)یەوە بۆ (ماکگۆرک) ........ 102
شەڕی سارد و بازرگانیی مەرگ! ........ 104

جەنگی درێژخایەن وەک ستراتیژی دوورمەودا ..................... 105
سیاسەتی ئەمریکا لە خزمەتی ستراتیژی ئێران ................. 107
تاوانەکانی حەشد بە چەکەکانی ئەمریکا! ......................... 110
کورد، نیازپاکی ناو هاوکێشەکان! .................................. 113
پاسداران، کارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆر ...................................... 115
لە پەراوێزی ڕووداوەکانی ناوچەکەدا ........................................ 119
کەڵەگایی ئێران و کاردانەوەی نێودەوڵەتی ............................. 119
سعوودیە و ستراتیژی نوێ ................................................ 120
ئەگەری شەڕ، یان کارتەکانی فشار؟ ................................... 122

# لەبری پێشەکی

پێشتر و لە شوێنکاتی جیاوازدا، چ وەک وتاری ڕۆژنامەنووسی، یان بەدواداچوون، کەم و زۆر لێرە و لەوێ، قسەمان لەسەر چەند لایەنێکی شیعە و شیعەگەری کردووە، بەتایبەت لە پەیوەست بە ڕۆڵی پاوانخواز و دەسەڵاتگەرایان لە ناوچەکەدا، بەڵام لەم نووسینەماندا قووڵتر لەو بابەتە دەدوێین. بە جۆرێک تیشک دەخەینە سەر شیعە وەک فیکری سیاسی و ڕەگە مێژووییەکانی ململانێی ناوماڵی شیعە، بەتایبەتی ململانێ و ناکۆکییەکانی نێوان شیعەی ئێران و عێراق، لە نێویشیاندا سروشتی ناکۆکیی نێوان هەردوو حەوزەی (قوم و نەجەف) و مەرجەعی هەردوو وڵات، تەنانەت ململانێی ناو حەوزەیەک و مەرجەعەکان خۆیشیان.

لە ڕوانگەی مندا هەموو ئاین و ئاینزا و مەزهەبەکان لە یەک ئاست دان، واتە هیچ کامیان لەوەی دیکە بە گەورە و بەرزتر نازانم. هەر لەسەر بنەمای ئەم تێگەیشتن و تێڕاونینەشدا، وەک چۆن کۆی ئاین و مەزهەبەکان بە یەک چاو دەبینم، ئاواش بە یەک ئاست و هاوتەریب، ڕێز لە پێڕەوکارانی هەموو ئاین و ئاینزا و مەزهەبەکان دەگرم. بۆیە کاتێ لەم نووسینەدا چەمک و دەستەواژەی (شیعە) تان بەرچاو دەکەوێ، بە هیچ جۆرێک مەبەست بێڕێزیکردن نییە بە باوەڕی ئاینیی شیعە و پەیرەوکارەکانی. بەپێچەوانەوە، چونکە من ئەوە زۆر باش دەزانم، لە کۆی زیاتر لە چل ملیۆن کورد، نزیک بە دە ملیۆن کورد، پێڕەوکاری شیعەن، کە هەرگیز ناکرێ بێڕێزی

بـە بیروباوەڕەکەیـان بکـەم، دیـارە ئـەم تێڕوانینـەم بـۆ هەمـوو ئایـن و مەزهەبەکانـی دیکەیـش ڕاسـتە. بۆیـە باسـکردن لـە (شـیعە) لێـرەدا، باسـکردنە لـە شـیعەگەریی سیاسـی، شـیعەگەرییێک، کـە وەک هـەر ئایـن و مەزهەبێکـی دیکـە بـە سیاسـی و ئایدیۆلـۆژی کـراوە، نـەک شـیعە وەک باوەڕێکـی ئاینـی و خـاوەن پرەنسـیپ و سـرووتی تایبـەت و جیـاواز بـە شـیعەکان.

ڕاسـتییەکەی، مێـژوو و ڕووداو و ئەزموونەکانیـش پێمـان دەڵێـن، ئـەوە هـەر فیکـری سیاسـیی شـیعەگەری نییـە، کـە بەلاڕێـدا چـووە و بـە بەرگـی ئاینـی و مەزهەبی، هەوڵـی داوە پرسـی ئیمامـەت و مەرجەعیـەت، بکاتـە چەکـی خۆسـەپاندن و بـە هۆیـەوە کارەسـاتی خوڵقانـدووە، بەڵکـو فیکـری سیاسـیی سـوننەش، بـە هەمان ئاقـاری بەلاڕێداچوون و ترسـناکدا چـووە، بەتایبەتـی لـە پەیوەسـت بـە پرسـی ڕەوایەتیـی حوکمـڕان و دەسـەڵاتداردا، کـە دواجـار لـە بەرگـی خەلیفـە و بەتایبەتیـش سـوڵتاندا (وەک سـێبەری خـوا لەسـەر زەوی!) جێـی خـۆی گـرت و کارەسـاتی کەمـی بـە شـوێن خۆیـدا نەهێنـا. وەک چـۆن مێـژووی مەسـیحییەتیش لەمـە بـەدەر نییـە.

کەواتـە جەختکردنـەوەی ئـەم نووسـینە لەسـەر شـیعە و شـیعەگەری، بـە هیـچ شـێوەیەک ناچێتـە خانـەی مەزهەبـی و جیـاکاری کردن لـە نێوان ئـەم و ئـەو مەزهەبـدا، یـا خوانەخواسـتە بێڕێزیکـردن بـە بیروباوەڕیـی پێڕەوکارانـی ئـەم و ئـەو مەزهـەب، هێنـدەی هەوڵێکـە بـۆ ناسـینەوەی ڕووخسـار و ئەدگارەکانـی ناکۆکـی و ململانێـی نێـو ماڵـی شـیعە و هـۆکار و ڕەگ و سـەرچاوە مێژووییەکانـی ئـەو ململانێیـە.

# تەونی جاڵجاڵۆکە!

تێگەیشـتن لـە ململانـێ ناوخۆییەکانـی ماڵـی شـیعە، هـەروا کارێکـی سـادە و ئاسـان نییـە، بەڵکو پێویسـتی بـە قووڵبوونـەوە و ڕۆچـوون بـە نـاو مێـژووی حـەوزە و مەرجەعیـەت و ململانێـی بەرژەوەندییـە ئاینـی و ئابوورییەکانیـان هەیـە. واتـە ئـەوە هـەر بـە تەنیـا چەمکـی (ویلایەتـی فەقیـە) و ململانێـی مێژوویـی نێـوان نەجـەف و قـوم نییـە، کـە خاڵـی جیاکـەرەوەی نێـوان جەمسـەرەکانی شـیعەکان بێـت، بـە پێچەوانـەوە، ئەمانـە بەشـێکن لـە کـۆی ململانێیەکـی قووڵتـر. بەتایبەتـی ئەگـەر لـەو ڕاسـتییە ئـاگادار بیـن، کـە شـیعە مەزهەبێـک نییـە، بەڵکـو لەنـاو خۆیـدا دەیـان و سـەدان ڕێچکـە و ڕەوت و مەزهەبـی جیـاوازە!

ڕەنگـە ئەمـە بـۆ خوێنـەر سـەیر بێـت، بـەڵام بـە وردبوونـەوە لـە پرسـەکە و بینینـی دیـوە شـاراوە و ڕەهەنـدە پەنهانەکانـی ململانێیەکـە، باشـتر هێڵـە گشـتییەکانی ئـەو فـرە ڕەوتـی و ڕێچکەیـی و مینبەرییەمـان لەنـاو جیهانـی شـیعەدا بـۆ دەردەکـەوێ. ئـەوەی ئاراسـتە و قەبـارەی ئـەو ململانێیـەش دیـار دەکات، جگـە لـە کۆمەڵێـک هـۆکاری سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و جیۆگرافـی، پێشـوەختە پاشـخان و ڕوانگـەی مەرجـەع و پشـکی خومسـە. بۆیە بەبێ تێگەیشـتن لە بایەخ و کاریگەریی (خومس) لـە بڕیـاری سیاسـی و ئاینیـی شـیعە، هەروەهـا بەبـێ تێگەیشـتن لـە مەرجـەع (شـوێنکاتی دەرکەوتنـی، زەمینـەی پـەروەردە و گۆشـبوونی، هەلومەرجـی پێگەیشـتن و گەشـەکردنی، پاشـخان و ڕوانگـە ئاینـی و سیاسـییەکەی)، زۆر ئەسـتەمە لـە سروشـتی ململانـێ و ناکۆکییەکانـی

نـاو ماڵـی شـیعه بگەیـن.

جگـە لەمـە، شـەڕ و ململانێـی نـاو ماڵـی شـیعە، فرەبـەرە و مینبـەرە، شـەڕی (ئایەتـوڵا و مەرجەعـە بـە ڕەچەڵـەک عـەرەب و ناعەرەبـەکان، عەمامەبەسـەرەکان و ئەفەندییـەکان، عەمامەپۆشـە دەرچووەکانـی زانکـۆ و حـەوزەکان، عەمامـە ڕەش و عەمامـە سـپییەکان، شـەڕی نێـوان حەسـەنی و حوسـەینییەکان و..)، ئینجـا ڕۆڵـی پشـکی خومـس لـە یەکلاییکردنـەوەی ئـەو ململانێیانـەدا. بۆیـە لـە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسـی شـیعە و ناکۆکییەکانـی ناویـدا، کـە پرسـێکی تـا ئەوپـەڕی ئاڵـۆزە، دەبـێ لـەو پێدراوەوە بێـت، کـە شـیعە یـەک مەزهـەب، یـان یـەک ئاینـزا نییـە، بەڵکـو کۆمەڵێـک ڕێچکـە و ڕێبـازی جیـاوازە، هەر یەکێکیـان مەرجەعێک ئاراسـتەی دەکات و بەڕێـوەی دەبـات.

بـە کورتـی، ئێمـە ناتوانیـن بڵێیـن شـیعە مەزهەبێکـە، بەڵکـو دەیـان و سـەدان مەزهەبـە، بـەو پێیـەی هـەر مەرجەعێکـی تەقلیـد، بـۆ خـۆی خاوەنـی ڕێبازێکـی تایبـەت بـە خۆیەتـی. بـۆ خـۆی خاوەنـی بڕیـار و فەرمانـی تایبەتـی خۆیەتـی، بـۆ خـۆی لایەنگـر و سـوپا و بەرژەوەندیـی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە. کەوابـوو ئاسـاییە لـە یـەک کاتـدا، هـەر بـۆ نموونـە لـە نەجەفـدا چـوار مەرجەعـی تەقلیـد ببینیـن، یەکێکیـان بەنـاو عەلمانـی بێـت، یەکێکـی دیکـە شـیعەیەکی تونـدڕۆ بێـت، یەکێکـی تـر شـیعەیەکی میانـڕۆ و نـەرم بێـت، ئـەوەی تریـان شـیعەیەک بێـت، هـەواداری ئێـران بێـت. تەنانـەت شـیعەیەکی لایەنگـری سـعوودیەش بدۆزینـەوە. بـە مانایەکـی دیکـە، شیعە پشـت بـەو ئایەتوڵایـە دەبەسـتێ، کـە شـوێنکەوتەیەتی، ئـەو چ بفەرمـووێ و فەرمـان بـکات، بڕیارەکـە هـی ئـەوە. لـەو نێوەشـدا خومـس سـەنگی مەحەکـە لـە یەکلاکردنـەوەی باڵانسـی هێـز و بڕیـاری ئاینـی و سیاسـیی هـەر مەرجەعـە و ڕێچکـە و ڕەوتێکـی نـاو دنیـای شـیعە!

## شیعە و شیعەگەری لە فیکری سیاسییەوە
## بۆ مەزهەبی ئاینی

وەک لـە شـوێنیکی دیکەیشـدا و لـە بۆنـەی جیـاوازدا ئاماژەمـان بـۆی کـردووە، پرسـی شـیعە و دەرکەوتنـی لـە مێـژوودا، پرسـێکی هەمەلایـەن و ئاڵـۆزە، بابەتێکـە لـە بەدواداچوونێکـی ڕۆژنامەنووسـیدا جێـی نابێتەوە، بەتایبەتـی کـە بەسـەر ڕاو بۆچوونگەلێکـی جیـاوازدا دەکەویـن، کـە پێویسـتییان بـە بـەراوردکاری و گەڕانـەوە بـۆ سـەرچاوە مێژووییـەکان هەیـە. بۆیـە هـەر لـەم ڕوانگەیـەوە، لێرەدا بەپێـی توانـا هـەوڵ دەدەیـن، بەرچـاوی خوێنـەر لەبـارەی بابەتەکـە ڕۆشـن بکەینـەوە و پـەردە لـە ڕووی زۆر پـرس و باسـی دیکـەی پەیوەسـت بـە جیهانـی شـیعە و شـیعەگەری لابدەیـن.

شـیعە (کـە بـە مانـای گـرووپ، کۆمەڵـە، تایەفـە دێـت) لـە ڕۆژی سـەرهەڵدانییەوە، پـێ بـە پێـی مێـژوو و قۆناغـەکان و بـە گوێـرەی بـارودۆخ و هەلومەرجـەکان گەشـەی کـردووە، تـا گەیشـتووەتە ئەمـڕۆ. بـە جۆرێـک شـیعەگەری سـەرەتا وەک ڕوانگەیەکـی سیاسـی دەربـارەی شایسـتەیی و ڕەوایەتیـی لـە حوکمڕانـی و دەسـەڵاتدا دەردەکەوێـت، دوای ئـەوە بـۆ بزووتنەوەیەکـی سیاسـی دەگۆڕێـت، کـە دەسـەڵاتی بـاو ڕەت دەکاتـەوە، دواتریـش دەبێتـە گـرووپ، یـان مەزهەبێکـی ئاینی سـەربەخۆ. ئیتـر هـەر لـە ڕوانگـەی ئـەم پرۆسـەی گەشەکردنەیشـەوە، ئاوڕێـک لـە مێـژووی دوور و نزیکـی ململانێکـە دەدەینـەوە. چونکـە ئـەوەی ئەمـڕۆ بـە (شـیعەی دوازدە ئیمامـی) دەناسـرێت و بـاوە، کـۆی ئـەو مێـژووە و

هەڵکشان و داکشان و تەنیا ڕووخسار و ڕەهەندی شیعە و شیعەگەری نییە.

بە گوێرەی زۆر لە سەرچاوە مێژووییەکان، شیعە سەرەتا وەک فیکرێکی سیاسی، کە پەیوەستە بە ڕەوایەتی و شیاوی و شایستەیی دەسەڵات و حوکمڕانێتی کردن، سەری هەڵداوە. ڕوونتر بڵێین، سەرهەڵدانی شیعە بەرهەمی ئەو پرسیارە سەرەکییەیە، کە دەکرێ بە دەربڕینی جیاواز بیخەینەڕوو، ئەویش ئەوەیە: " لە دوای پێغەمبەر کێ مافی ئەوەی هەیە شوێنی بگرێتەوە؟ یان کێ شیاوی ئەوەیە ببێتە شوێنگرەوەی پێغەمبەر؟ یاخۆ کێ ڕەوایەتی و شایستەیی وەرگرتنی دەسەڵاتی ئەوی هەیە؟"

ئەم پرسیارە دەسپێکی داگیرسانی بڵێسەی ئاگری ململانێ و ناکۆکیی سیاسییە لەناو مێژووی ئیسلام و تەنانەت خودی ئیسلام خۆیشیدا. پرسیارێک ڕێگای بۆ دەرکەوتنی بۆچوونی جیاواز، کێشە و ململانێ، گومانکردن لە باوەڕی ئاینیی یەکتر، یەکتر تەکفیرکردن و بە زیندیق ناوبردن، دواجار بۆ شەڕ و کوشتار لەنێو موسڵمانانداندا کردەوە. ئەو پرسیارەی هەر زوو موسڵمانەکانی دابەشی سەر سێ بەرەی جیاواز کرد. بەرەی یەکەم، پێیوابوو شایستەیی و ڕەوایەتیی وەرگرتنی دەسەڵاتی موسڵمانان بۆ کەسوکار و بنەماڵەی پێغەمبەرە (بەرەی عەباس و عەلی).. بەرەی دووەم، ئەو شیاویی و شایستەییەی بە لایەنگر و ئەنسارەکانی مەدینە (بەرەی سەعدی کوڕی عوبادە) ڕەوا بینی.. هەرچی بەرەی سێیەمیشە، ڕەوایەتی و شیاویی شوێنگرەوەی پێغەمبەری، بەوانە شایستە دەبینی، کە یەکەم کەس بوون، بوونە موسڵمان و شوێن پێغەمبەر کەوتن (بەرەی ئەبوبەکر).

سەرەڕای جیاوازیی ڕا و هەڵوێستی ئەم سێ بەرەیە لەسەر ئەوەی،

کە کێ شایستە و شیاوترە بۆ ئەوەی شوێنی پێغەمبەر بگرێتەوە و جڵەوی کاروباری موسڵمانان بگرێتە دەست، بەڵام هەرچۆنیک بێت و بە هەر هۆکاریکەوە بێت، کە لێرە شوێنی باسکردنی نابێتەوە، زۆربەی هەرە زۆریان بە (ئەبوبەکری سددیق) وەک شوێنگرەوەی پێغەمبەر، رازی بوون، یان رازی کران!

قۆناغی دووەمی شیعەگەری، کە لە فیکری سیاسییەوە دەبێتە رەوتێکی سیاسیی دیار، ئەو سەردەمەیە، کە بە (هاشمییەکان) ناسراوە و ئەویش بریتین لە هەر دوو بەرەی عەباسییەکان و عەلەوییەکان (دیارە عەلەوییەکانی تورکیا و سووریا، کە بە گوێرەی هەندێ سەرچاوە، نەسیریان پێ دەگوترێ، لەو عەلەوییەی لە پێشەوە ناومان برد جیاوازن). هەڵوێستی ئەوانیش لە پشتیووانی ئەهلی بەیت دەردەکەوێت، کە دژایەتیی دەسەڵاتی ئومەوییەکان دەکات. کاتێکیش عەباسییەکان گەیشتنە دەسەڵات، پاشماوەی هاشمییەکانیان پەراوێز خست و زەبرێکی کوشندەیان لێ دان و لە جومگەکانی دەسەڵات و بواری حوکمڕانیدا دووریان خستنەوە، لەو سەردەمەدا شیعەگەری زێدەتر چوارچێوەی ئۆپۆزسیۆنی وەرگرت و وەک جۆرێک لە (ئەگەر بوێرین بڵێین) بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی دەرکەوت.

کاتێکیش بزووتنەوەی شیعەگەری بە هۆی شاڵاوی ڕاوەدوونان لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بووە بزووتنەوەیەکی نهێنی، ئەمجارە پەرەیان بە چەمکی ئیمامەت دا، بەمەش شیعەی ئیمامی، کە لە بنەڕەتدا ڕەوتێکی سیاسی بوو، بەرگێکی ئاینی پۆشی و لە سێبەری ئەو چەمکەدا، وردە وردە و بە خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتیی باو، بناغە فیکرییەکانی خۆی داڕشت. لەو قۆناغەدا شیعەی ئیمامی وێڕای پابەندبوون و دەستگرتن بە بنەما و کۆڵەگەکانی باوەڕی ئیسلامی لە باوەڕبوون بە یەکتاپەرستی، محەمەد وەک دوا پێغەمبەر،

قورئـان وەک کتێبـی ئاسـمانی و ڕۆژی دوایـی و زیندووبوونـەوە، هـاوکات ئیمامەتـی کـردە یەکێـک لـە کۆڵەگەکانـی بـاوەڕی مووسـڵمانان. بـەو مانایـەی، هەمـوو مووسـڵمانێک پێویسـتە پابەنـد و گوێڕایەڵـی ئیمامـی سـەردەمەکەی خـۆی بێـت.. ئیمامێـک کـە لـە هەڵـە و گونـاه بـەدەرە.. ئیمامەتێـک کـە زنجیرەکـەی لەگـەڵ بزربوونـی، یـان دیارنەمانـی گـەورە (الغیبـة الکبـری) ئیمامـی دوازدەهـەم (ئیمـام حەسـەن ئەلعەسـکەری- ٢٦٠ ک )دا کۆتایـی دێـت. بەمـەش شـیعەگەری کـە لـە فیکرێکـی سیاسـی دەسـتی پێکـرد، بـووە ڕەوتێکـی سیاسـی و دواتـر بـۆ مەزهەبێکـی ئاینـی گـۆڕا و گەشـەی کـرد و جۆرێـک لـە پیرۆزیـی ئاینـی بـە خـۆی بەخشـی.

هـەر لەنـاو ئـەو مێژووەشـدا دوو ئاراسـتەی دیکـە هـەن، کـە جەخـت لەسـەر لایەنگیـری ئەهلـی بەیـت دەکەنـەوە، یەکەمیـان لـە ڕوانگـەی سیاسـییەوە، بـەوەی کـە زۆر لـە سیسـتەمی خەلافـەت پەسـت بـوون (حەمدانییـەکان، بزووتنەوەکانـی تۆڵۆنـی و ئەداریسـە و غەزنـەوی و موڕابیتـەکان). دووەمیشـیان لـە ڕوانگـەی سـۆز و خۆشەویتسـییەوە (بۆچوونەکانـی ئیبـن خەلـدون و شـافیعی وەک نموونـە!).

ڕەوت، یـان مەزهەبێکـی دیکـە، کـە گوایـە شـیعەن و لـە ڕاستیشـدا شـیعە نیـن، زەیدییەکانـی یەمەنـن، یـان مەزهەبـی زەیدیـی (زەیـدی کـوڕی زەینولعابدیـن)، کـە بـە گوێـرەی هەنـدێ سـەرچاوە، لـە بـاری فیکـری و بـاوەڕەوە، زۆرتـر لـە فیقهـی سـوننە نزیکـە و لەژێـر کاریگەریـی موعتەزیلەشـدا بـووە. زەیـدی کـە دژایەتییێکـی سەرسـەختی ئەمەوییەکانی دەکـرد، شایسـتەیی و شـیاوی بـە عەلـی کـوڕی ئەبـو تالیـب و نەوەکانـی ڕەوا دەبینێـت، بـەڵام لـە چەنـد خاڵێکـی گرنگـدا لـە شـیعەی دوازدە ئیمامـی جیـاوازە، کـە دوو لـە گرنگتریـن خاڵـەکان بریتیـن لـە (ئیمامـەت و غەیبـە). بـە پێچەوانـەی دووەم، مەزهەبـی زەیـدی جگـە لـەوەی ئیمـام لـە هەمـوو خەسـڵەت و تایبەتمەندییێکـی بەپیرۆزکـراو دادەماڵـێ، هـاوکات

پێیوایە ئاساییە، کە لە سەردەمێکدا چەندین ئیمام هەبن. هەروەها لە شیعەی دوازدە ئیمامیدا ئەوەی بڵێت غەیبە (ونبوونی مەهدی) نییە، ئەوە کافرە، دەی زەیدی بڕوایان بەم بابەتە نییە. بۆیە بەم پێودانگە بێت، زەیدییەکانی یەمەن، نەک هەر شیعە نین، بەڵکو بە تێگەیشتنی شیعەگەری، گرووپێکی لادەریشن، بەڵام دواجار ئەوە بەرژەوەندیی ئایەتوڵای مەزنە بڕیار دەدات، کە زەیدی شیعەن، یان نا!

عەلەوییەکانیش هەروا، لە ڕوانگەی شیعە، ئەوان بە ڕەهایی و زۆر لە زەیدییەکان خراپترن، چونکە تەنیا ئیمامێکیان قبوڵە، کە ئەویش (عەلی)یە. (کاکەییەکان)یش، کە هەنووکە هەندێکیان بە زۆری دەیانەوێ خۆیان وەک ئیسلام و بەتایبەتیش وەک شیعە بناسێنن، دوور و نزیک ناچنەوە سەر مەزهەبەکە. وەکوتر (ئیسماعیلی) یەکانیش پێشتر بە لادەر دادەنران و دواتر وەک شیعە ناسێندران. بۆیە تێگەیشتن لەم هاوکێشەیە هەروا ئاسان نییە، تەنانەت شیعە ئەگەر بزانێت بەهائی و مەسیحییەکانیش سوودیان بۆ شیعە هەیە، ئەوا ئایەتوڵایەک بڕیار دەدا، کە شیعەن، چونکە خزمەتی شیعەگەری دەکەن!

قۆناغێکی دیکەی گەشەکردنی شیعە، بریتییە لە سەردەمی سەفەوییەکان (کە بەپێی هەندێ سەرچاوەی مێژوویی، تورکی شافیعی ئازربایجانن) و کاریان لەسەر چەمک و گوتەزای سۆفیگەریی فەلسەفی کرد و شیعەگەریان کردە پرس و کێشەیەکی فارسی. وەک چۆن عوسمانییەکانیش لەو سەردەمدا سوودیان لە سۆفیگەری وەرگرت، بۆ ئەوەی جێ پێی دەسەڵاتی خۆیان قاییم بکەن. هەر لە سەردەمی سەفەوییەکانیشدا (١٥٠١-١٧٢٢) بوو، کە شیعەگەری بە کۆمەڵێک ڕێوڕەسم و نەریت و سرووتی ئاینی سواغ درا و تۆخ کرایەوە و لەوێوە

شـیعەگەریی فارسـی، بـووە خـاوەن ناسـنامە و کەسـایەتیی تایبـەت و جیـاواز لـەو شـیعەگەرییەی عەرەبـی، کـە لـە عێـراق و وڵاتـە عەرەبییەکان و چەنـد وڵاتێکـی دیکـەدا هەبـوو.

دەتوانیـن بڵێیـن، یەکەمیـن نموونـەی دیـار و کاریگـەری شـیعە لـە ئێـران، پێوەنـدی بـە دەرکەوتنـی هێزێکـی خێڵەکـی شـیعەوە هەیـە بـە نـاوی قزڵبـاش، کـە بـە هـاوکاری مـەلا شـیعەکانی پـەروەردەی دەسـتی مەلاکانـی جەبـەل عاملـی لبنـان، دەوڵەتـی سـەفەویان دامەزرانـدووە. ئەمـەش لـە ناوەڕاسـتی تەمەنـی دەوڵەتـی سـەفەویدا دەسـت پـێ دەکات. تـا ناوەڕاسـتی سـەردەمی دەسـەڵاتی سـەفەوی، تەنانـەت تـا دەگاتـە شـا عەباسـیش، ئـەو حەفـت خێڵـە قزڵباشـە، کـە شـیعە بـوون، پارێزگاریـان لـە سـەفەوی دەکـرد، بـەڵام بـە دروسـتبوونی حـەوزەی ئیسـفەهان، لەسـەر دەسـتی (عاملـی)، کـە مەلایەکـی لبنانییـە. هێزێـک پەیدابـوو و هێـواش هێـواش گـەورە بـوو و تـا کۆتایـی هاتنـی دەسـەڵاتی سـەفەوی، قزڵباشـەکانی بـە تـەواوی پەراوێـز خسـت و خۆیـان بوونـە باڵادەسـت و خـاوەن بڕیـاری دەوڵـەت.

ئەگەرچـی پێکهاتـن و شـێوەگرتنی کەسـایەتیی شـیعەگەریی فارسـی بـۆ پەهلەوییـەکان دەگەڕێتـەوە، بـەڵام سـەردەمی قاجارییـەکان (١٧٧٩-١٩٢٥) خاڵـی یەکلاکـەرەوە بـوو لـە بـە سیاسـیکردنی شـیعەگەری، بـەو پێیـەی ئـەوکات لاوازیـی سـەنتڕالیزمی سیاسـی و دەسـەڵات و کارگێـڕی، هـۆکاری سـەرەکیی بـوو لـە بـوار ڕەخسـاندن و زەمینەخۆشـکردن بـۆ بەشـداریی سیاسـیی پیاوانـی ئاینیـی شـیعە و هاتنیـان بـۆ نـاو کاروبـاری دەسـەڵات و حوکمڕانـی. کەواتـە دووەمیـن نموونـەی گرنـگ لـە مێـژووی ئێرانـدا، کـە دەبینیـن مـەلا سـەر دەکەوێـت، لـە سـەردەمی (فاتـح عەلـی شـا)ی قاجـارە. ئیـدی مـەلاکان دێنـە نـاو دەزگاکانـی دەوڵـەت و دەبنـە هێزێکـی گـەورە.

سەردەمی ڕەزا شای پەهلەوی، قۆناغێکی دیکەیە، کە شیعە تێیدا گەشە دەکات. ڕەزا شا کە هاتە سەر حوکم، هاوکاری (ئەلحائری)ی خەزووری ئیمام خومەینی کرد، کە ئەو کاتە حەوزەیەکی بچووکی لە (ئاراک) هەبوو، بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە سەر قوم. هەروەها هاوکارییێکی زۆری حەوزەی قومی کرد. کەواتە ئەوە خومەینی نییە، کە حەوزەی قوم زیندوو و بەهێز دەکاتەوە، بەڵکو ئەوە ڕەزا شایە ئەو کارە دەکات. بەتایبەتی کاتێک ئایەتوڵلا (خالّسی) دوای شۆڕشی بیست لەگەڵ کۆمەڵێک مەلا و مودەریسی شیعە لە عێراق دەرکرا، لەلایەن ڕەزا شا پێشوازییێکی گەرمی لێکرا و بردی لە قوم نیشتەجێی کرد و دەستی بە وانەگوتنەوە کرد، بەمەش هێز و گوڕ و تینێکی دیکەی دایە حەوزەی قوم. کاتێکیش خومەینی گەڕایەوە، هەر بە جارێک ئەو هێز و کاریگەرییە زیاتر بوو.

بۆ نموونە ئەگەر سەیری ئامارەکان بکەین، ڕێژە و ژمارەی مامۆستا و قوتابییەکانی حەوزەکە لە سەرەدەمی ڕەزا شا، بۆ سەردەمی محەمەد ڕەزا شا، لەویشەوە بۆ سەردەمی خومەینی، لە هەڵکشان دان و ئێستا ئەو ڕێژە و ژمارەیە هەر لە ژماردن نایەت.

هەرچی پێوەندیی بە نەجەفەوە هەیە و بۆ ئەوەی بزانین گرنگیی نەجەف چۆنە و لەچی دایە، دەبێ لەوە تێبگەین، کە وێڕای ڕەگە مێژووییەکەی و بوونی مەزاری یازدە ئیمامەکە لە عێراق و گەورەترین گۆڕستانی دنیا لەو شارە، ئەوەی کە بە ڕۆڵی خۆی هاوکارییێکی دیکەی گەورە و بەهێزبوونی شیعەی عێراقی کرد، (مدحەت پاشا) بوو. مدحەت پاشا کە هاتە عێراق، عەرەبە کۆچەرییەکانی (بەدو) نیشتەجێ کرد، بۆیە عەرەبە شیعەکان و بەتایبەتیش سەیدەکانیان، کە بە ناوی ئەوەی ڕۆڵە و نەوەی پێغەمبەرن، بۆ سواڵ دەچوونە ناو ئەو عەرەبە کۆن کۆچەری و نوێ نیشتەجێ کراوانە. چونکە عەرەبیش

هـەر بـۆ خـۆی حـەز بـەوە دەكات هـاوكاری ئەهلـی قورەیـش بـكات، زۆر لـەو عەرەبـە كۆچەرییـە نیشـتەجێكردووانە، بوونـە شـیعە. ئـەوە بۆیـە دەبـێ بـە لامانـەوە زۆر ئاسـایی بێـت و هەرگیـز سـەیر نەبێـت، كـە لەنـاو هۆزەكانـی (عوبەیـد، جبـوور، شـەممەر و فـڵان و فیسـاردا) كەمایەتییێكی شـیعە دەبینیـن، كـە هـەر ئەمـەش هـۆكاری سـەرەكی بـوو لـەوەی فوڕاتی ناوەڕاسـت، كـە سـوننی بـوو، ببێتـە شیعەنشـین.

## نەجەفی ئەشرەف و قومی پیرۆز!

لەڕاستیدا لە باری بنەما و کۆڵەگەکانی باوەڕ و ڕێوڕەسم و نەریت و سرووتەکاندا، جیاوازییێکی ئەوتۆ لە نێوان شیعەگەریی عەرەبی و فارسیدا نییە، بۆیە ئەو ناکۆکی و ململانێیانەی لە نێوان ئەم دوو جەمسەرەی شیعەگەریدا هەن، زیاتر سیاسین. ڕاستە لە ڕووخساردا ململانێیەکە لە نێوان مەرجەعیەت و حەوزەکان دایە، بەڵام سروشتی ناکۆکی و ململانێیەکە لە بنەڕەتدا پێوەندی بە باوەڕ و مەزهەبەوە نییە (کە بە دەستی ئەنقەست بەرگێکی ئاینی بەبەردا کراوە)، بەڵکو جەوهەری ململانێیەکە، ویستی هەردوو لایە بۆ سەپاندنی ئۆتۆریتەی سیاسی و دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەوەی تردا. هەنووکەش کە (محەمەد حوسێن فەزڵوڵڵا)ی مەرجەعی شیعەی لبنان، وەک سێیەم جەمسەر لەناو ململانێیەکەدا نەماوە، (عەلی خامەنەئی) لە ئێران و (عەلی سیستانی) لە عێراق، نوێنەرایەتیی ئەو ململانێیە دەکەن، لەگەڵ ئەوانیشدا ناکۆکیی نێوان هەردوو حەوزەی قومی ئێرانی و نەجەفی عێراقییە. بۆیە خراپ نییە سەرەتا ئاماژەیەک بە هەردوو حەوزەکە (وەک دوو گەورەترین قوتابخانەی زانستیی شیعەکان لە جیهاندا) بکەین، ئینجا تیشک بخەینە سەر سەرچاوەی ململانێی هەردوو مەرجەعیەتیش، کە (پرسی ویلایەتی فەقیە) خاڵێکی جەوهەریی ململانێکەیانە!

ململانێی نێوان مەرجەعیەتی شیعەی ئێران و عێراق، بەوەی ئاخۆ مەرجەعیەت و پێشرەوی و سەرکردایەتیکردنی ئاینی و سیاسیی جیهانی شیعە، شایستەی کامیانە، دیوێکی ناکۆکییەکانە (کە ڕەگەکەی بۆ

سەرەتاکانی سەدەی رابردوو- بیستەم- دەگەڕێتەوە). لەگەڵیشیدا ناکۆکییێکی قووڵ لە نێوان مەرجەع و ئایەتوڵلاکانی ناو خودی یەک حەوزە، لایەنێکی دیکەی هەستیاریی ناکۆکییەکانی نێو ماڵی شیعەیە. لە هەموو حاڵەتەکاندا، چ ناکۆکیی لەسەر مەرجەعیەت، یان ململانێی نێوان دوو حەوزەکە، کە بەرگی ئاینی و فیقهیان بەبەردا کراوە، لە بنەڕەتدا سیاسییە، تا مەزهەبی، کە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس ئەو ململانێ و ناکۆکییە تۆخ و قووڵتر بووەوە، بەتایبەتی لە پەیوەست بە کاریگەری و ڕۆڵی هەردوو مەرجەع (خامەنەئی و سیستانی) و هەردوو حەوزە زانستییەکەیش.

حەوزەی زانستی، چەمکێکە بۆ قوتابخانەی فیقهی سەر بە مەزهەبی (جەعفەری) بەکار دەهێندرێت. لە سەردەمی ئێستادا دوو حەوزەی ناسراوی شیعە هەن (نەجەف و قوم)، پێش ئەم دوو حەوزەیە، شیعەکان چەندین قوتابخانەی ئاینییان هەبووە، لەوانە قوتابخانەی (مەدینە- نیوەی دووەمی سەدەی یەکەمی کۆچی) و (کوفە- ناوەڕاستی سەدەی دووەمی کۆچی) و ( قوم- چارەگی یەکەمی سەدەی چوارەمی کۆچی) و (بەغدا- نیوەی دووەمی سەدەی پێنجەمی کۆچی) و (حللە- دوای هاتنی مەغۆل بۆ بەغدا ٦٥٦ی کۆچی).

لە سەدەی ١٣ی کۆچیدا، حەوزەی نەجەف (٤٤٩ کۆچی)، کە زۆر لە سەرچاوە مێژووییەکان (شێخ جەعفەر محەمەد کوڕی حەسەن ئەلتووسی)، بە یەکەم دامەزرێنەری ئەو حەوزە زانستییە دادەنێن، گەشەی پێدراوە و پێشکەوتنی زۆری بە خۆیەوە بینیوە. گەشەسەندن و پێشکەوتنی حەوزەی نەجەف لەو سەردەمەدا، بۆ دەرکەوتنی ژمارەیەک پیاوی ئاینی دیار و هەڵکەوتووی وەک (شێخ مورتەزا ئەلئەنساری، محەمەد حەسەن ئەلشیرازی، سەید ئەبولحەسەن

ئەلئەسفەهانی، ئاخوند ئەلخوڕاسانی و محەمەد حوسێن ئەلنەجەفی)، هەروەها بۆ دامەزراندنی کۆمەڵێک پەیمانگا و زانکۆی ئاینی و ناوەندی لێکۆڵینەوە و کۆڕ و کۆمەڵەی وەک کۆڕبەندی بڵاوکردنەوە دەگەڕێننەوە. سەرچاوە مێژووییەکان باس لەوە دەکەن، لەو قۆناغەدا و بەتایبەتی لە سەردەمی (سەید محەمەد حوسێن کاشف ئەلغیتاء)دا، نەجەف بووە گەورەترین و کاریگەرترین ناوەندی زانستی و ئاینیی شیعەکان. بەو پێیەی لە سەردەمی (ئەلغیتاء)دا، خولی بەردەوام و جیاواز بۆ مەشق و ڕاهێنانی وتاربێژەکان کرانەوە، هەروەها لەگەڵ هاوڕێکانیدا لە حەوزەی نەجەف، کۆمەڵەی نووسین و ڕۆشنبیری دامەزراند، ئەو کۆمەڵەیەی ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بەرەوپێشبردنی حەوزەکەدا بینی، بەتایبەتی لە هێنانە ناوەوەی چەندین بوار و بابەتی زانستیی سەردەم بۆ ناو میتۆدی خوێندنی حەوزەکە.

بەم جۆرە، حەوزەی ئاینیی نەجەف بووە لانکەی پێگەیاندن و پەروەردەکردنی زانا و موجتەهید لە بوار و لقە جیاوازەکانی زانستەکانی ئاین و فەلسەفە و سۆفیگەری و مێژوو و ماتماتیک، هەروەها ژمارەیەکی زۆری لایەنگر و شوێنکەوتە و قوتابی لە دەوری خۆی کۆکردەوە.

لە بەرامبەر حەوزەی نەجەف لە عێراقدا، حەوزەی قومی ئێران دێت، کە بە بۆچوونی هەندێ پیاوی ئاینیی شیعە و لەناویاندا (خامەنەئی) ی ڕابەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی، بە کۆنترین حەوزەی شیعەکان دادەنرێت و سەرەتاکانی دامەزراندنی حەوزەکە و کردنی شاری قوم بە رووگەی ئاینی و ناوەندێکی ناسراوی زانستی، بۆ سەردەمی (ئیمام ئەلجەواد) دەگەڕێتەوە. هاوکات بە گوێرەی سەرچاوەکانی ئەشعەریە و ئال بابەوی، حەوزەی قوم کۆنترین حەوزەی زانستیی شیعەیە، هەرچی پێوەندیشی بە حەوزەی قومی ئاینییەوە هەیە، کە تیایدا

پسـپۆرێتیی زانسـتی و خوێندنـی زمانـە بێگانەکانـی پـەرە پێـدرا، لـە سـەرەتای سـەدەی ڕابـردوو لەلایـەن (ئایەتـوڵا عەبدولکەریـم ئەلحائـری) دامـەزراوە. بەپێـی بۆچوونـی ڕێبـەری بـاڵای شۆڕشـی ئیسـلامیی ئێـران و هەنـدێ پیـاوی دیکـەی ئاینـی شـیعەی ئێـران بێـت، حـەوزەی قـوم، کـە لـە کۆتاییەکانـی سـەدەی دووەمـی کۆچـی، یـان بـە لایەنـی کەمـەوە لـە سـەرەتاکانی سـەدەی سـێیەمی کۆچیـدا دامـەزراوە، ناوەنـد و نوێنـەری تـەواوی حـەوزە زانسـتییەکانی دیکەیـە.

سـەرچاوە مێژووییەکانیـش ئامـاژە بـەوە دەکـەن، حـەوزەی قـوم لـە سـەردەمی هـەر سـێ ئیمـام (ئەلجـەواد، ئەلهـادی و ئەلعەسـکەری)دا لـە لوتکـەی گەشـەکردن و پێشـکەوتنی خۆیـدا بـووە، کـە تیایـدا پـەروەردە و فێرکـردن و لێکۆڵینـەوە و نووسـین، هاوتەریـب بایەخیـان پێـدراوە.

بـە شـێوەیەکی گشـتی، لەپـاڵ ئـەو هـۆکارە مێژوویـی و سیاسـییانەدا، ئــەوەی کــە هێشــتی و هــاوکار بــوو لــەوەی حــەوزە وەکــو هێزێکــی کاریگـەر دەرکەوێتـەوە (چ لـە عێـراق، یـان لـە ئێـران)، کۆمەڵێـک شـتی دیکـە بـوون، ئەوانیـش (پەیدابوونـی تەلەگـراف، دروسـتبوونی بانکـەکان، کردنــەوەی ڕێــگای شــەمەندەفەر). واتــە ئــەم هۆکارانــەش بەشــێکی دیکـەن، کـە هـاوکار و کاریگەربـوون لـەوەی، تـا ئایەتـوڵا گـەورەکان، کـە مەرجەعـی تەقلیـد بـوون، سـەرکەون. چونکـە دوو مەرجەعـی جیـاواز، کە پێشـتر نەیاندەتوانـی ئـەو پارەیـەی لـە (خومـس)دا کۆیان دەکـردەوە، بە ئاسـانی بیگەیەننـە مەرجەعـی تەقلیـد، کەچـی کاتێـک بانـک و تەلەگـراف دروسـت بـوون، ئـەو مەرجەعـی تەقلیـدە دەیتوانـی بـە ئاسـانی ئـەو پارانـەی بگاتـە دەسـت و بـە ئاسـانیش لای خـۆی دەسـتیان بەسـەردا بگرێـت و بـە ویسـت و ئـارەزووی خـۆی بەکاریـان بهێنـێ!

## شەڕی حەوزە و ڕۆڵی خومەینی!

دیـاره جگـە لـە نەجـەف و قـوم، حـەوزەی زانسـتی کـە (زنجیـرەی پلەبەندیی ئاینـی تیایـدا بریتییـە لـە حوجەتولئیسـلام، سیقەتولئیسـلام، ئایەتـوڵڵا، ئایەتـوڵڵا عوزمـا)، لـە زۆر شـوێنی دیکەیـش هەبـوون. بـۆ نموونـە، لـە ڕۆژهەڵاتـی سـعوودیە، لـە ئەفغانسـتان، لـە لبنـان، تەنانـەت لـە مەشـهەدی ئێرانیـش هەبـوو (کـە دوای شۆڕشـی خومەینی نەمـا) و لە زۆر شـوێنی دیکەیـش هـەن، بـەڵام ئـەوەی گرنگـن، دوو حەوزەکـەی قـوم نەجەفـن، بەتایبەتـی ئـەوەی نەجـەف، ئەویـش لەبـەر بوونـی مـەزارگای یـازدە ئیمامەکـە لـەوێ، بـە مەزارگـەی (ئیمامـی عەلی)شـەوە، ئەمـەو جگـە لـە گۆڕسـتانە بەناوبانگەکـەی (وادی ئەلسـەلام)، کـە گەورەتریـن گۆڕسـتانی دنیایـە!

نەجـەف بـە هەموو سـەروەریی خۆی (بە گۆڕسـتانەکەی، بـە مەزارگەی ئیمامـی عەلـی) لـە بەرامبـەر مەزارگەیـەک، کـە گوایـە خوشـکێکی (ئیمام ڕەزا) لـە قـوم نێـژراوە.. مەرجەعـەکان لـە نەجـەف و لـە قومیـش زۆرن.. قوتابیــی بێگانــە لــە نەجــەف و لــە قومیــش زۆرن، ئــەو قوتابیانــە پـەیامبـەر، باڵوێـزی ئـەو حەوزانـەن، کـە دوای دەرچوونیـان دەنێردرێنـە شـوێنی دیکـە. هەمـوو ئەوانـە لـە ڕووکەشـدا وەک شـتی سـادە و ئاسـایی دێنـە بەرچـاو، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا مانـای دیکـەی قووڵیـان هەیـە، بـەڵام ئەمـە تێگەیشـتنی وردی بـۆ مێـژوو دەوێ.

سـەرەڕای جیاوازیـی بۆچـوون لەبـارەی دێرینـی و پێشـینەیی هـەردوو حەوزەکـە لـە ڕووی مێژوویـی و سـەرهەڵدانەوە، بـەڵام لـە دنیـای

ئیسلامیدا حەوزەی نەجەف ناسراو و ناودارترە، تەنانەت کەسایەتی و پیاوە ئاینییە کاریگەرەکانی دنیای شیعە، کە دواجار ڕۆڵیان لە حەوزەی قومیشدا هەبووە، دەرچووی حەوزەی نەجەفن، بۆ نموونە (ئەلحەکیم، ئەلخوئی، ئیمام خومەینی، شاهرودی و سیستانی و...). جیاوازی و ململانێ سیاسییەکەی نێوان ئەم دوو حەوزەیەی لە بارەی مەرجعیەتەوە لێ دەربچێ، دەنا وەکوتر لە پەیوەست بە میتۆد و بابەتەکانی خوێندن، هیچ جیاوازییێکی ئەوتۆیان لە نێواندا نییە.

زانیارییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە ڕەگی ناکۆکی و ململانێی نێوان ئەم دوو حەوزەیە بۆ سەرەتای سەدەی ڕابردوو، بە دیاریکراویش بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە، کە (ئەلحائری) حەوزەی ئاینیی قومی دامەزراند. لەو سەردەمدا حەوزەی نەجەف ناوەندی زانستی و چالاکیی فیکری شیعە و بنکەی بڵاوکردنەوەی شیعەگەرایی و کاری سیاسی بوو، بەتایبەتی کە زیاتر لە ٢٠ قوتابخانەی ئاینی، کە دەیان هەزار قوتابیان هەبوو، سەر بەو حەوزەیە بوون، تا ئەو ئاستەی نەجەف بووە ناوەندێکی گرنگی چالاکیی سیاسی و ئاینیی خاوەن بۆچوون و هەڵوێست لە پەیوەست بە دەسەڵات و پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ناو جیهانی ئیسلامی، بە جۆرێک کە دەوڵەتی عوسمانی نەیتوانی کۆنترۆڵی بکات.

ڕوونتر بڵێین، ناکۆکی و ململانێی ڕاستەقینەی نێوان ئەم هەردوو حەوزەی (نەجەف و قوم) بۆ سەردەمی شۆڕشی مەشرووتەی ئێران (١٩٠٨) دەگەڕێتەوە. ئەو شۆڕشەی بە دوای خۆیدا جیاوازیی قووڵ و گەورەی خستە نێوان ڕاوبۆچوونی قوتابییە ئێرانییەکان و موجتەهیدە عێراقییەکان لە نەجەف، دەربارەی پشتیووانیکردن، یان نەکردنی شۆڕشەکە. ئەو کاتەش دەوڵەتی عوسمانی سەرگەرمی هەنگاوەکانی سنووردارکردنی کاریگەریی شیعە و بەتایبەتی چالاکییەکانی حەوزەی

نەجــەف بــوو، تــا گەیشــتە ســنووردارکردن و بەرتەســککردنەوەی ئەنجامدانــی چالاکییــە فیکــری وڕۆشــنبیرییەکان و ڕێوڕەســم و ســرووتە ئاینییەکانی شـیعەکان لە عێراقدا. ئەم هەڵوێسـتەی دەوڵەتی عوسـمانی، هانــی گــەورە موجتەهیــدی شــیعی (محەمــەد تەقــی ئەلشـیرازی)دا، کــە بیـر لـە کـۆچ و سـەرهەڵگرتن بـەرەو ئێـران بکاتـەوە. بـە دوای ئەویشـدا (ئەبــو حەســەن ئەلئەســفەهانی)ش ڕووی کــردە ئێــران. (ئەلحائــری) وەک کاریزمایەکــی دیــاری شــیعەکان و بزوێنــەری ســەرەکیی چالاکیــی ئەکادیمــی قوتابخانــە ئاینییەکانــی عێــراق، کــە چــاوەڕێ دەکــرا دوای کۆچکردنــی ئــەو دوو کەسایەتییە ئاینییــەی شــیعە بــۆ ئێـران، لـە عێراقدا سەرکێشـی و پێشـڕەوی شـیعە بـکات، ئەویـش ڕووی کـردە ئێـران و هانی قوتابییەکانیشـی دا عێـراق جێبهێڵـن. هەمـوو ئەوانـە ڕۆڵێکـی بەرچاویـان بینــی لــە لاوازکردنــی کاریگەریــی حــەوزەی نەجــەف و بــە هۆیانــەوە ئۆتۆریتەیەکـی گـەورەی لەدەسـت دا.

ســەردەمی ئینگلیزیــش لــە عێراقــدا قۆناغێکــی دیکەیــە، کــە ڕۆڵ لــە تێکدانـی بالانسـی هێـز و کاریگەریـی نێـوان هـەر دوو حـەوزەدا دەگێڕێـت و بـە قازانجـی قومـدا دەشـکێتەوە. سـەرەتا بـۆ ئـەوەی کۆنترۆڵـی دۆخـی عێـراق و بەتایبەتـی باشـووری عێـراق بـکات، ئینگلیـز بایەخێکـی زۆری بـە حـەوزە و مەلاکانـی نەجـەف دا، بـەڵام لـە شۆڕشـی تامباکۆ، کـە لـە ئێرانـدا و لـە دژی ئینگلیـز بەرپـا بـوو و مەلاکانـی نەجـەف تێیـدا بەشـدار بـوون، ئینگلیـز لـەو هـاوکاری و گرنگیپێدانیان پاشـگەز بـووەوە. هەروەها هۆکارێکـی دیکـە کـە ئینگلیـزی لـە هاوکاریکردنـی شـیعەی عێـراق سـارد و پاشـگەز کـردەوە، شۆڕشـی بیسـت بـوو. دوای ئـەوەی تێگەیشـت کـە کۆنترۆڵکردنـی ئـەو هێـزە زۆر ئەسـتەمە.

لەکاتێکـدا کەسـایەتی و پیـاوە ئاینییـە شـیعە بەناوبانگەکانـی حەوزەی نەجــەف، وردە وردە بارگــە و بنــەی خۆیــان بــۆ ئێــران دەپێچایــەوە و

لەگەڵیشیاندا قوتابییەکانیان. لەولاوە و لە ئێران، حەوزەی قوم دەمێک بوو کەوتبووە خۆی، تاکو ببێتە ناوەندێکی بەهێزی ئاینی شیعەکانی ئێران. مردنی (حوسێن بروجوری) وەک تاکە مەرجەع لەلایەک، هەروەها چوونی (ئەلحائری) بۆ ئێران لەلایەکی تر، بەتایبەتی کە ئەو کاتە و دوای مردنی (ئەسفەهانی)، دەسەڵاتی ئاینی بۆ ئەو گوێزرابووەوە، ئەم مەیل و ویستەی قوم زیاتر و گەورەتر بوو. ئەم ڕەوشە لە ڕۆژان و ساڵانی دوای ئەم کۆچەی پیاوە ئاینییەکانی شیعە لە عێراقەوە بۆ ئێران، ڕۆڵێکی گەورەی لە لەدەستدانی ناوبانگی قوتابخانە ئاینییەکانی سەر بە حەوزەی نەجەف و خودی حەوزەکەدا گێڕا. بە جۆرێک سەرچاوە مێژووییەکان باس لەوەش دەکەن، کە سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران ۱۹۷۹ و داڕشتنی کۆڵەگە و بناغەکانی دەوڵەتی شیعی لەو وڵاتە، نەک هەر پێگەی حەوزەی قومی لەناو شیعەکاندا بەرزتر کردەوە، بەڵکو بە هۆی فەتوا ئاینی و سیاسییەکانی ئیمامەکانی و زۆربوونی مەرجەعەکانی تەقلید تیایدا، سەرنجی شیعەکانی دنیای بە لای خۆیدا کێش کرد و ڕۆشنایی و چاوەکان هەموویان کەوتنە سەر قوم. لەسەرووی هەموو ئەمانە و لە هەموویان گرنگتر، بوونی (ئیمام خومەینی) وەک وەلی فەقیە، خاڵی بەهێز و یەکلاکەرەوە بوو، بەتایبەتی کە ئەو کاتانە حەوزەی نەجەف و پیاوە ئاینییەکانی شیعە لە عێراقدا بووبوونە نێچیری ستەمکاریی بەعس.

لەم گۆشەنیگایەوە، دەتوانین بڵێین، کە هەرچی پێوەندی بە قووڵبوونەوەی زیاتری ململانێی حەوزەکانەوە هەیە، بە هاتنی ئیمام خومەینی دەست پێدەکات، بە جۆرێک لەو سەرەدەمەدا دژایەتییێکی تەواوی نەجەف دەکرێت. بە گوێرەی زانیاریی هەندێ لە سەرچاوەکان، ئەمەش پێوەندی بە هۆکارێکی مێژووییەوە هەیە،

چونکـه کـه خومەینـی لەلایـەن (شـا)وه لـه ئێـران دەرکـرا و هاتـه عێراق، پێشـوازییێکی گەرمـی لـێ نەکرا، بۆیـه ئـەم پێشـوازییه ساردەی نەجـەف وەکـو گرێیـەک لەسـەر دڵـی مابـووەوه. تەنانـەت بـاس لـەوه دەکرێـت، بۆ ئـەوەی حـەوزەی قـوم ببێتـه چـەق و سـەنتەری بڕیـاری ئایینـی و تەنانەت سیاسـیی شـیعه، کار و هەنگاوێکـی سـەرەکیی ئیمـام خومەینـی، کـه هاتـه سـەر حوکم، جگـه لـه هەوڵەکانـی بـۆ لاوازکردنـی ڕۆڵـی حـەوزەی نەجـەف، تێکشـکاندن و لەناوبردنـی حەوزەکانـی ئەفغانسـتان، سـعوودیه و لبنـان بـوو.

## عەمامە و ئەفەندی و شیوعی!

ململانێیەکی زۆر گەورە لەسەر دەسەڵاتی ئاینی و سیاسیی شیعەدا، چ لە ئێران، یان لە عێراقدا هەیە، یەکێک لەو ململانێیانەش، کە پێشتر لە قوم و تا ئێستاش لە نەجەف بەردەوامە، شەڕی نێوان ئەفەندییەکان و عەمامەدارەکانە، هاوکات لە هەردوو وڵاتدا شەڕی نێوان عەمامەداری ڕەش و سپی، عەمامەدارەکانی دەرچووی زانکۆ و ئەوانەی زانکۆیان نەخوێندووە، هەروەها لە نێوان حەسەنی و حوسەینییەکانیشدا هەیە.

کاتی خۆی سەددام بڕیارێکی دەرکرد، بەوەی ئەو کەسەی دەرچووی حەوزە بێت و عەمامەی لەسەر بێت، سەربازی نایگرێتەوە و نابرێتە بەرەکانی جەنگ. بۆ نموونە سورخی ئەلحەسەنی، ئەوەی (جیش السماء)ی دروست کرد، ئەندازیارە، کەچی تەنیا بۆ ئەوەی سەربازی نەکات، چووە حەوزە و ئێستا ئایەتوڵای گەورەیە. یەعقووبی کە لە حزبی فەزیڵە، ئەویش ئەندازیارە و دوای ئەو بڕیارە ڕووی کردە حەوزە. بە کورتی، ژمارەیەکی زۆر لەوانەی کە زانکۆیان تەواو کردووە و لەوێوە چوونەتەوە ناو حەوزە و بوونەتە ئایەتوڵا، ئەوانە خۆیان بە جیاواز و زیرەک و هۆشیارتر دەزانن و پێیانوایە شیکردنەوەی نوێ بۆ ئاین دەکەن. بە لای ئەوانەوە، کابرایەک کە پۆلی دووەمی سەرەتایی تەواو نەکردووە و هاتووەتە حەوزە و دواتر بووەتە ئایەتوڵا، کابرایەکە تێناگات. هەر وەک نموونە، سورخی سەیدە (عەمامەڕەش)، یەعقووبیش سەرسپییە (عەمامەسپی)، ئەوانەش یەک ناگرنەوە. ئەوە

بۆیـه کاتێـک سـورخی و گرووپەکـەی کەوتنـە بـەر هەڕەشـە، یـەک کـەس قسـەی نەکـرد. ئەمـەو بێجگـە لـەوەی کـە لەنـاو حـەوزەی نەجەفـدا لـە نێـوان ئایەتـوڵا گەورەکانـی عـەرەب، لەگـەڵ ئـەو ئایەتوڵایانـەی بـە رەچەڵـەک عـەرەب نیـن، شـەڕێکی دیکـە هەیـە.

بۆیـە هەمـوو ئـەم شـتانە وا دەکـەن کـە تێگەیشـتن لـە جیهانـی شـیعە ئاسـان نەبێـت، بەڵکـو پرسـێکی ئاڵۆزیشـە. هـەر لەبـەر ئەوەیشـە ئەگـەر بـەو پێـدراوە بڕوانیـن کـە شـیعە یـەک ئاینـزا نییـە، بەڵکـو کۆمەڵێـک ئاینزایـە، هـەر ئاینزایەکیـش مەرجەعێـک بەڕێـوەی دەبـات، باشـتر لـە کـرۆک و هـۆکاری ململانییـەکان دەگەیـن.

بەعـس هەوڵێکـی زۆریـدا نەجـەف بکاتـە فـرە مەرجـەع، بـۆ نموونـە بایەخـی بـە (سـەدر) دا و لەژێـرەوە هەرچـی هـۆزی بەعسـی هەبـوون هانـی دان پشـتییوانی بکـەن، بـەڵام دیـارە بەعـس ئـەوەی نەدەزانـی، کـە ئـەم پیـاوە لـە دامەزرێنەرانـی حزبـی دەعـوە بـووە و هەسـتێکی تائیفـی زۆر بەهێـزی هەیـە. بۆیـە ناچـار پەنـای بـردە بـەر ئەوانـەی، کـە بـە ڕەچەڵـەک ئێرانیـن. کـە بەعـس و سـەددام بـەم هەمـوو هێـزەی خۆیانـەوە نەیانتوانـی گۆڕانێـک لـە حـەوزەدا بکـەن، کەواتـە ئێمـە لەگـەڵ ئیمپراتۆریەتێکـی زۆر فـراوان و دەستڕۆیشـتوودا مامەڵـە دەکەیـن.

بـۆ نموونـە، چەنـد کـەس لـە ئێمـە ئـەو پرسـیارەی لـە خـۆی کـردووە: ئایـا جیاوازیـی نێـوان هـەردوو بنەماڵـەی ئەلحەکیـم و سـەدر چییـە؟

زۆر بـە کورتـی، بنەماڵـەی ئەلحەکیـم بـە ڕەچەڵـەک خەڵکـی تارانـن و نـەوەی (حەکیـم باشـی)ن، هەرچـی بنەماڵـەی سـەدرە، بـە ڕەچەڵـەک عەرەبـن. بنەماڵـەی حەکیـم هەموویـان، یـان زۆرینەکەیـان لـە عێراقـن، لـە بەرامبـەردا بنەماڵـەی ئەلسـەدر لـە هەمـوو جیهانـی ئیسـلامیدا لایەنگـر و هەوادارییـان هەیـە. کەواتـە ئـەو بنەماڵەیـە فراوانتـر (ئەگـەر

بتوانین بڵێین، ئینتەرناسیونالی تر) بیر دەکاتەوە و پێوەندییەکانی ئەنتەرناسیونالین. هەرچی بنەماڵەی ئەلحەکیمە، لۆکاڵییە. بەم پێیە هەر تەنیا تێگەیشتن لە ماهیەتی ئەم دوو بنەماڵەیە، ئەنجامێکی جیاوازمان لە بارەی تێگەیشتن لە شیعەوە دەداتێ.

کاتی خۆی لە ئێرانیش دوو هەواداری شیعەکان هەبوون، عەمامە بەسەر و ئەفەندییەکان. ئەفەندییەکان کە موجاهیدینی خەڵق بوون، خوێندنەوە و تێڕامانێکی نوێ و هاوچەرخیان بۆ ئاین هەبوو، پێیانوابوو مەلایەک کە تەنیا لە حەوزە خوێندوویەتی و دێت تێکست لەبەر ڕۆشنایی هەزار و ئەوەندە ساڵە، شی دەکاتەوە، دەبێ ئەوە تێپەڕێندرێت و دەق لەسای واقیعی سەردەم و پێدراوەکانیدا بخوێندرێتەوە و شی بکرێتەوە. هەر بۆیە حەوزە لە ترسی ئەفەندییەکان، بە هێزەوە پشتی خومەینیان گرت. پێشتریش گوتمان ئەو ئەفەندییانە لە عێراقیش هەبوون، (نموونەی مالیکی و عەبادی و جەعفەری و...)، ئینجا بەشێک لەو ئەفەندییانە چوونەتە حەوزەش و عەمامەیشیان کردووەتە سەر. کەواتە مەلایەک کە تەنیا لە حەوزە بووە و فەقێیاتی کردووە، شاشکێکی خستووەتە سەر و لە دەرگای ماڵانی داوە و خواردنی کۆکردۆتەوە، ترسی لەو ئەفەندییانە هەیە، کە بێن و بەرەکەی لەژێر پێ دەربێنن. لەو نێوەدا کەرتبوونی موجاهیدینی خەڵق و جیابوونەوەی کۆمەڵێک لەو ڕێکخراوە بەناوی (پەیکان) دەبینین، کە دواجار بە قازانجی خومەینی تەواو بوو و بەهێزتری کرد، بەتایبەتی کە (پەیکان) خۆیان وەک ڕەوتێکی مارکسی لینینی ناساند، ئێ کەسێکیش عەمامەی نەبێت، کەواتە خزمەتی جیهانی شیعە ناکات. بۆیە بەرەی ئەفەندییەکان لە ئێران و لە عێراقیش بە تەواوی لاواز بوو. تا ساڵی ٢٠٠٣ و ڕووخاندنی بەعس، ئەوەبوو ئەمریکییەکان هاتن هاوکاری ئەفەندییەکانیان کرد،

بۆ ئەوەی پۆستی باڵای ناو حکوومەت وەربگرن و پارەیان هەبێت.

مەترسییەکی دیکە کە لە عێراقدا لەسەر حەوزە دروست بوو، دامەزراندنی حیزبی شیوعی عێراقی بوو. ڕاستە سەرەتا ئەو حیزبە هیچ مەترسییەکی لەسەر حەوزە نەبوو، چونکە لە قۆناغی یەکەمدا زیاتر عەرەب و کوردی سوننە، مەسیحییەکان چوونە ڕیزەکانییەوە، بەڵام دوای کوژرانی (فەهد)، هەروەها بە حوکمی ئەو بارودۆخە خراپەی ژیان و گوزەران، کە شیعەکان تێیدا بوون، ئەمەو سەرباری فەرامۆشکردنی ناوچەکانیان لەلایەن ڕژێمی پادشایەوە، ئیدی ئەوانیش هاتنە ناو حزبەکە. واتە قۆناغی دووەمی پێوەندیکردن بە ڕیزەکانی حزبی شیوعی، شیعەکانن، ئیتر بەم هاتنە ناوەوەی شیعەکان بۆ ڕیزەکانی، حزبی شیوعی تەنگ بە مەلاکان هەڵدەچنێ و دەبێتە هێزێکی گەورەی جەماوەری، بە هاتنی (عەبدولکەریم قاسم)یش بۆسەر حوکم، ئەمە زیاتر پەرەدەستێنیت. تا ئەوەی لە خۆپیشاندانەکانیاندا هەڕەشە لە حەوزە دەکەن. بە گوێرەی زۆر لە سەرچاوەکان، هەر ئەم مەترسییەیە کە وا دەکات، (ئەلحەکیم) بڕیاری دامەزراندنی حزبی دەعوە بدات، ئەو حزبەی مەهدی کوڕی و محەمەد باقر سەدر (کە قوتابی خۆی بوو)ی تێدایە و دواتر خەڵکێکی زۆر دەچێتە ناویەوە. بەهەرحاڵ، با واز لە حزبی شیوعی (بابەتی شیوعی و شیعە بۆ خۆی دەیان لیکۆڵینەوە هەڵدەگرێت) بێنین و بزانین دامەزراندنی حزبی دەعوە، چ گۆبەندێکی عەمامەبەسەر و ئەفەندییەکانی لێ دەکەوێتەوە؟

حزبی دەعوە دادەمەزرێ، بەڵام وەک هەر پرۆسە و پرۆژەیەکی تر، کە خاوەنەکەی پێشتر پلانی تۆکمەی بۆ دانەڕشتووە، خەڵکێک دێتە ناوی، کە مەلاش نەبن، لەو نێوەدا ژمارەیەک خەڵکی ئەفەندی (خوێندەوار) خۆیان خزاندە ناو ڕیزەکانی. خوێندەوار و میرزاکان دێنە ڕیزی حزبەکە و لە ڕێگایەوە ڕۆشنبیرییێکی ئاینی

لە مەلاکانی ناو حزب وەردەگرن، ئیتر پاش ماوەیەک لە بواری ئاینیدا بۆ خۆیان دەبنە خاوەن ڕاوبۆچوون و بڕیار، بەمەش ناکۆکی و کێشە دەکەوێتە ناو ئەو ئەفەندییانە و عەمامەبەسەرەکان. ئیتر ئەم کێشمەکێشە لەناو حزبی دەعوەدا تا کوژرانی (سەدر) و کوژرانی زۆربەی ئەندامانی بنەماڵەی (ئەلحەکیم) و هەڵاتنیان بۆ ئێران، بەردەوامی هەبوو. کاتێ دەچنە ئێران، لەگەڵ ئەوەی ژمارەیەکی بەرچاوی عەمامەبەسەر لەناو حزبدا دەمێننەوە، بەڵام لەوێ، بوون و کاریگەرییان کەم و کاڵتر دەبێتەوە و لە بەرامبەردا ئەفەندییەکان (کە دەرچووی زانکۆ و مامۆستا و ئەندازیار و دکتۆر و شت بوون)، ڕەواجیان زۆرتر دەبێت. ئەوەی واش دەکات ئەفەندییەکان ئاوا گەشە بکەن، (ئیمام خومەینی)یە، بەوەی ڕێگا دەدات ئەفەندییەکان سەرکەون و گرەوەکە ببەنەوە، ئەویش بە دامەزراندنی (ئەنجوومەنی باڵای شۆڕش لە عێراق) و ناچارکردنی ئەو خەڵکە بۆ ئەوەی بێنە ژێر ڕکێفی بنەماڵەی ئەلحەکیم و ڕاگەیاندنی ویلایەتی فەقیهیش (کە بۆ عێراقییەکان نوێ و نامۆ، تەنانەت بۆ بەشێک لە ئێرانییەکانیش نامۆ بوو) وای کرد زۆربەی مەلاکان واز بێنن، هەندێکیشیان ڕاڕا و دڕدۆنگ، دەچوون و دەهاتن (دەگوترێ لە ساتەوەختی چەسپاندنی سیستەمی ویلایەتی فەقیهدا، بە یەک ڕۆژ، کە لە مزگەوتەکانی شیراز و تەورێز، وتاری هەینی شافیعی خوێندراوەتەوە، بۆ شەوەکەی هەموویان بوونەتە شیعە. ئەوەی ڕازیش نەبووە، کوشتوویانە و خستوویانەتە ناو تەندوور و برژاندوویانە!). بۆیە ئەم دۆخە لە بەرژەوەندیی ئەفەندییەکاندا بووە و ئەوان هەلەکەیان قۆستەوە، بەوەی بە هۆی مانەوەیان لەگەڵ خومەینی چوونەتە پێشەوە و گرەوەکەیان لە مەلاکان بردووەتەوە. ئەمەو ئەگەرچی ئەفەندییەکانیش دواتر بوونە چەند

بەشـێک، بەشـێکیان چوونە سـووریا، هەندێکیـان چوونـە وڵاتانـی ئەوروپـا (لەنـدەن بـە تایبەتـی)، کۆمەڵێکیـان لـە ئێـران مانـەوە و ئیتـر ڕۆژ دوای ڕۆژ و تـا بـە ئەمـڕۆ دەگات، ململانێـکان بـەردەوام بـوون و قووڵتـر بوونـەوە.

# مەرجەع و پشکی خومس

بۆ ئـەوەی وردتـر لـە پێوەندیـی دووانەیـی خومـس و مەرجـەع بگەیـن، یـان ڕاسـتتر، لـە نهێنیـی تەواوکاریـی نێـوان ئـەم دووانەیـە بگەیـن لـە پتەوکردنـی دەسـەڵاتی ئاینـی و سیاسـی لـە جیهانـی شـیعەدا، پێویسـت دەکات، ئەگـەر بـە کورتـی و خێراییـش بێـت، لەسـەر چییەتـی و ڕەهەندەکانـی ئـەو چەمکـە (خومـس) بوەسـتین، کـە ڕاسـتەوخۆ ڕۆڵـی هەیـە لـە پتەوکردنـی پێگـە و دەسـەڵاتی مەرجـەع.

خومـس کـە زۆر بـە سـادەیی بریتییـە لـەوەی (سـەری سـاڵی شـیعە، هەمـوو شـیعەیەک، یـەک لەسـەر پێنجـی ئـەو داهاتـەی کـە لێـی زیـادە، نـەک ئـەوەی خەرجـی دەکات. بـۆ مەرجەعەکـەی خـۆی دەینێرێـت). لای خۆیـەوە مەرجەعەکـە یـەک لەسـەر پێنجەکـە دەکاتـە دوو بـەش، بەشـێک بـۆ پەرەپێدانـی شـیعە، بەشـەکەی دیکـەی بـۆ ژیـان و گوزەرانـی قوتابیـان و نۆژەنکردنـەوە و دروسـتکردنی مزگـەوت و حوسـەینییەکان بـەکار دێنێـت. لـەو نێـوەدا، گەندەڵـی و دزی و گزییەکـە لـەو بەشـە دەکرێـت، کـە بـۆ پەرەپێدانـی شـیعەگەری تەرخـان کـراوە.

بـەو پێیـەی مەرجەعـەکان بـە هـۆی خومسـەوە، پارەیەکـی ئێجـگار زۆریـان دێتـە بەردەسـت، ئـەم بـڕە پـارە زۆرەیـش بەرژەوەندیـی تایبـەت دروسـت دەکات. لێـرەدا بابەتێکـی گرنـگ و هەسـتیار دێتـە پێـش، کـە ئەویـش مەرجـەع و ئۆتۆریتەکەیتـی. بـۆ نموونـە، بـە پێچەوانـەی سـوننە، لەنـاو شـیعەدا مـەلا مووچـە لـە حکوومـەت وەرناگرێـت، بەڵکـو لـە مەرجەعـی تەقلیـد وەریدەگرێـت. ئیتـر مـەلا بـۆ ئـەوەی بژییێـت، یـان

دەبێ هەوڵ بدات بۆ خۆی ببێتە مەرجەعی تەقلید، یان ئەوەتا دەبێ پەنا بۆ مەرجەعێکی دیکەی تەقلید ببات. یاخۆ ئەوەتا لەگەڵ منداڵەکانی مەرجەعەکە رێک بکەوێ و ببێتە پیاوی ئەوان، ئینجا ئایەتوڵا بن، یان نا.

بە گوێرەی زانیارییەکان، ئەو مەرجەعانە دامەزراوە و پرۆژە و سەرچاوەی داهاتی زۆریان هەیە (خانوو، زەوی، دوکان، مزگەوت، حوسەینییە)، لەوانەیە کارگەشیان هەبێت و وەبەرهێنانیان تێدا دەکەن و بە هۆیەوە پارەیەکی زۆریان لەلا کۆ دەبێتەوە، کە هیچ کەس نازانێ ئەو پارەیە چی بەسەر دێ، چونکە هیچ چاودێری و سانسۆرێکیان بەسەرەوە نییە.

راستە شتێک هەیە، گوایە هەر ئایەتوڵایەک کە مرد، دەبێ منداڵەکانی پارەکە بدەنە ئایەتوڵایەکی دیکە، بەڵام نایکەن (تەنانەت باس لە نەبوونی میراتگریی دەسەڵاتی ئاینیش دەکرێت). بۆ نموونە، بنەماڵەکانی ئەو مەرجەعانە، کوڕ و نەوەکانیان، ئەو پارانەی لە باوکیان بۆیان بەجێماوە، نایدەنەوە بە مەرجەعێکی دیکەی تەقلید. بۆیە لە بەرامبەر ئەوەدا، دەست دەکەن بە دژایەتیکردنی مەرجەعەکانی تر، یان ئەوەتا یەکێک لە قوتابییەکانی باوکیان دەکەنە مەرجەعی تەقلید، بۆ ئەوەی لەو گەندەڵی و گزییە بێدەنگ بێت. خاڵێکی دیکەی سەرنجڕاکێش ئەوەیە، کە بەشێک لەو خومسەی دەدرێتە مەرجەع، ئەو دەیداتە ژنی بێسەرپەرشت، ئیدی ئەگەر ئەو ژنە گەنج بێت، ئەوا دەتوانن بە سیغە بیدەنە هەر قوتابییێکی خۆیان، دواتر منداڵەکانی ئەو ژنەش، لەناو چوارچێوەی دەزگای ئەو مەرجەعە گەورە دەبن و کار دەکەن. کچەکەی بەشوو دەدرێتە قوتابییێک، کوڕەکەیشی دەبێتە قوتابی، یان مەلا، یاخۆ پاسەوانی تایبەتی کوڕەکانی مەرجەع، یا نۆکەر و خزمەتکاری ماڵی مەرجەع. بەمەش حاڵەتێکی نیمچە

خێڵگەرایی لەناویاندا دروست دەبێت و بنەماڵەی مەرجەعەکە دەبێتە سەرچاوەی ژیان و گوزەرانی ئەو خێزانە، بەڵام چونکە ئێمە لە دەرەوەی سیستەمەکەین و تەنیا ڕووکەشەکەی دەبینین، بۆیە هەست بە کونج و کەلەبەرە تاریکەکانی ناو سیستەمەکە ناکەین، وەلێ کاتێک دەبینی (مەرجەعێک، یان ئایەتوڵایەک) بە هێزەوە دێتە سەر شەقام و هاوار دەکات، لە ڕاستیدا ئەوە ئەو منداڵ و نەوە و نەوەزای ئەو مەلا و ژنانەن، کە لە سێبەری مەرجەعدا ژیاون و گەورەبوون، لە پشتی مەرجەعەکەوەن و دەیپارێزن. ئەوە بۆیە هەر مەرجەع و ئایەتوڵایەک، چەندە سەرچاوەی داهاتی لە خومسەکە زیاتر بێت، ئەوەندە زیاتر بەهێزتر دەبێت و بڕیاری ئاینی و سیاسییەکەی زۆرتر کاریگەری دەبێت.

پەیوەست بەم گرنگییەی خومس، یەکێک لە کێشە گەورەکانی ئێران، ئەوەیە پێی دەڵێن کێشەی ئاغازادەکان، کە گوایە ١٥٠٠ منداڵی ئاغازادە ڕەگەزنامەی ئەمریکیان وەرگرتووە، کە ئەوە بەرهەمی گەندەڵییەکەیە. کێشەکە لەوێ زەق دەبێتەوە کاتێ دەزانرێت لەناو ئەو ١٥٠٠ کەسەدا، ژمارەیەکی زۆری منداڵی مەرجەع و ئایەتوڵاکان هەن. ئامارێکی ئەوتۆی ڕاست و دروستمان لەبەردەستدا نییە، کە ئەو مەرجەع و ئایەتوڵایانە، چەند سەنتەر و حوسەینییە و دامەزراوە و کۆمپانیایان لە دەرەوەی ئێران و عێراقدا هەن، چونکە زانینی ئەو ئامارانە، لە باشتر ناسینەوەی جەوهەری کێشە و ململانێی دەسەڵاتی ئاینی و سیاسیی مەرجەعەکان کۆمەکمان دەکات. بۆ نموونە، ئەگەر وەزارەتی ئەوقافی خۆمان سبەی ٥٠٠ مەلای مووچەخۆری خۆی دەربکات، ئەوا لەولا ٥ هەزار مەلا بۆ ئەوەی مووچەکەیان نەبڕێ، چەپڵە بۆ بڕیارەکەی ئەوقاف لێ دەدەن. ئەو مەلایانەی کە ئەوقاف دەریان دەکات، پێش دەرکردنیان دەسەڵاتیان هەبووە، بەڵام چونکە

ئەوقـاف دەسـەڵاتی لـە مـەلاکان زیاتـر و باڵاتـرە، بۆیـە مەلا دەرکـراوەکان ئــەو دەســەڵاتەی جارانیــان نامێنــێ. کەچــی لەنــاو شــیعەدا وا نییــە، چونکــە ئــەوەی پــارە دەداتــە مــەلا، وەزارەتــی ئەوقــاف نییــە، بەڵکــو ئــەوە مەرجەعــی تەقلیــدە، پــارە و مووچــە دەدات بــۆ ئــەوەی مــەلا ژیــان و گوزەرانــی هەبێــت، مەرجــەع بڕیــار دەدات مــەلا لــە کام مزگــەوت و حوســەینییە پێشــنوێژی بــکات و وتــار بــدات و هــەر مەرجەعیــش مــەلا دەگوازێتــەوە، نــەک حکوومــەت. کەواتــە لــەو ئیمپراتۆریەتــەدا مەرجــەع و ئایەتــوڵای مــەزن، دەســەڵاتدارە و خاوەنــی دوا بڕیــارە.

بـۆ نموونـە، قوتابییێکـی حـەوزە، مەرجـەع پـەروەردەی دەکات، ژنـی بۆ دێنــێ، ژیــان و گوزەرانــی دابیــن دەکات. ئیــدی ئــەو قوتابییــە تــا هەتایــە گوێڕایــەڵ و شــوێنکەوتە و ملکەچــی مەرجەعەکــەی دەبێــت. ئیتــر مــن و تــۆ و هــەر کەســێکی تــر، هــەر ناوێــک لــەو قوتابییــە، یــان ئــەو مەلایــە دەنێیــن (مشــەخۆر، هەلپەرســت)، یــان هــەر شــتێکی تــر، ئــەوە دادمــان نــادات. چونکــە ئــەوە سیســتەمی نــاو ئــەو ئیمپراتۆریەتەیــە و واقیعــی ناوەوەیەتــی. دەگوتــرێ ئەلخوئــی کــە مــرد ٥ ملیــار دۆلاری هەبــووە. باشــە خــۆ ئــەو مەرجەعــە ئەوەنــدە بێئــاگا نییــە، ئــەو پارەیــە لەژێــر ســەرینەکەی، یــان لــە ماڵــەوەی دابنــێ، بێگومــان ئەویــش خەڵکــی خــۆی هەبــووە و لــە ڕێگایانــەوە وەبەرهێنانــی لــەو پارەیــەدا کــردووە!

لـە لایەکـی دیکـەوە، نەجـەف کـە مەزارگەیەکـی گرنگـی شـیعەکانی تێدایــە، بــە تێپەڕینــی کات خەڵکێکــی زۆری شــیعەی لــێ کۆبۆتــەوە و حەوزەیــەک دروســت بــووە، گوایــە تەمەنــی هــەزار ســاڵ دەبێــت. هەمــوو شــیعەی جیهــان پێیــان خۆشــە تەرمەکەیــان لــە نەجــەف بنێژرێــت، ئەوەتا گۆڕســتانی (وادی ئەلســەلام)ی نەجــەف، گەورەتریــن گۆڕســتانی دنیایــە. کەواتــە ئەگــەر تەرمــی کابرایــەک بنێرنــە ئــەوێ، دەبــێ مەلایــەک لەســەری بخوێنێــت، واتــە ئێســک و پرووســکەکەی دووبــارە دەنێژرێتــەوە، ئــەوە

مێـژوو و بەڵگەکانـن وا دەڵێـن، کـە تـا ناوەڕاسـتی سـەدەی بیسـت، هەرچـی شـیعەی دنیـا هەیـە، ئێسـک و پرووسـکی مردووەکانیـان دەنـاردە عێـراق. ئەمـەش هـەم هـۆکارە بـۆ کۆبوونـەوەی پارەیەکـی زۆر، هەمیـش هۆیەکـە بـۆ پەیدابوونـی کار و سـەرچاوەی جیاوازیـی داهـات. ئیـدی بەمە مەلاکانیـش دەبنـە سـێ چـوار جـۆر، مەلایـەک هەیـە مودەریسـە، یەکیـان مـەلای بـە مێـزەرە، هەیانـە موجتەهیـدە، مەلایـەک لەسـەر مـردووەکان دەخوێنـێ، هەیانـە سـیغە دەبەسـتێ، هەیـە دوکانـدارە و.... کەواتـە ژمـارەی مـەلاکان زیاتـر دەبێـت و بەرژەوەندییەکانیشـیان جیـاواز دەبێـت، ئینجـا ئەگـەر مەرجەعەکەیشـیان جیـاواز بـوو، ئـەوا ململانێکـە ئەوەنـدەی تـر قـووڵ دەبێتـەوە.

کەواتـە لـە هەمـوو شـتێک گرنگتـر لـەم نێوەدا، ئـەو بـڕە زۆر و زەوەندە پـارە کەڵەکەکراوەیـە، کـە بـە دەسـتی مەرجەعەوەیـە. بۆیـە دیوێکـی گرنگـی شـاراوە و نهێنیـی جیهانـی شـیعە، جیهانـی پارەیـە. هـەر بـۆ نموونـە، ئەگـەر ئێسـتا سیسـتانی (کـە هەنووکـە زۆرتریـن شـوێنکەوتەی لـە سەرتاسـەری جیهانـی شـیعەدا هەیـە) بیـەوێ کێشـە بۆ ئێران دروست بـکات، نـەک لەنـاو ئێـران، بەڵکـو دەتوانـێ لـە پاکسـتان، ئەفغانسـتان، میسـر و چەندیـن وڵاتـی دیکـە، کێشـەی بـۆ بنێتـەوە.

نموونەیەکـی زینـدوو و نزیـک لە پەیوەسـت بەم ململانێیانە، هەڵوێسـتی مەرجـەع و ئایەتـوڵا و مەلاکانـی حـەوزەی نەجەفـە. بەپێچەوانـەی حەوزەکانـی دیکـە، نەجـەف سـەرەڕای ئـەوەی زۆربـەی مەلاکانـی بـە ڕەچەڵـەک ئێرانیـن، بـەڵام بـە هـۆی بەرژوەندییەکانیان، دژایەتـی ئێرانیان کـردووە و دەکـەن. کەواتـە هـەر خـودی ئـەم هەڵوێسـتە ڕووبـەڕووی پرسـیارێکی گرنگمـان دەکاتـەوە و دەبـێ لـە نهێنییەکـەی تێبگەیـن، پرسـیارەکەش ئەوەیـە: بـۆ دەبـێ مەلایەکـی بـە ڕەگـەز ئێرانـی (فـارس، یـان تـورک، یاخـۆ بەلـوچ) دژایەتـی نیشـتمانەکەی بـکات؟ نهێنییـە

ڕاستەقینەکەی ئەم دژایەتییە، پارە (خومس)کەیە!

هەر پەیوەست بە پارەی خومس وەک سەرچاوەی دەسەڵات و ئۆتۆریتەی جەماوەری، کە کەمترین ئایەتوڵا و مەرجەع هەن، ئەو بەرژەوەندی و دەسەڵاتە ئابوورییەیان بخەنە مەترسییەوە، دەتوانین (سیستانی) وەک نموونەیەکی تر وەربگرین. سیستانی بە مەبەستی دژایەتیکردنی داعش و شەڕی تیرۆر، بڕیاری دامەزراندنی حەشدی شەعبی دەدات، کەچی دواجار ئەو هێزە دەکەوێتە خزمەتی ئێران و سیاسەتەکانی و لەولاش (سیستانی) لێی بێدەنگە. دیارە ئەم شتە لەناو مەرجەعەکانی شیعەدا هەبووە و هەر دەشبێت. چونکە ئەوان زۆرباش دەزانن بەرژەوەندییەکانیان بپارێزن و گەشەی پێبدەن. بۆیە شتێک نییە بە کەسێک بڵێیت فلان کەس شیعەیە، ئەوە دەربڕینێکی هەڵەیە، بەڵکو ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە دەبێ بڵێیت فلان، پێڕەوکار و شوێنکەوتەی فلان مەرجەعە. بۆ نموونە، شیعەیەک مەرجەعەکەی (سیستانی) بێت، باوەڕی بە ویلایەتی فەقیە نییە، بەڵام ئەگەر مەرجەعەکەی (شیرازی) بێت، ئەوا باوەڕی بە ویلایەتی فەقیە هەیە. کەواتە کەسێک کە حەشدی شەعبییە، ئەگەر بڕوای بە ویلایەتی فەقیە هەبێت، ئەوا ئۆتۆماتیکی بەرگری لە ئێران و سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی ئێران دەکات. ئەگەر باوەڕیشی بە سیستانی هەبێت، ئەوەی کە ئێستا هەندێک لەناو حەشدی شەعبی بڕوایان بە سیستانی هەیە و پێیان دەگوترێ (جماعە الویلایە)، ئەوانە بەرگری لە شیعەبوونی خۆیان دەکەن. ڕاستە ئەم گرووپەش تائیفین، بەڵام هەوادار و لایەنگیری ئێران نین. کەواتە لەناو ئەم کێشمە کێشەدا، سیستانی ئامادە نییە و نایەت ئەو هەموو توانا ماددییە گەورە و زۆرەی خۆی بخاتە مەترسییەوە و بە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و گرووپەکانی تر بڵێت، ئەمە هەڵەیە و ئەوە ڕاست نییە، کە دەیکەن.

ڕەنگە تا ئێستا هەزاران نامە لەلایەن کوردە شیعەکانەوە بۆ سیستانی چووبێت و داوایان لێ کردبێت، ڕا و هەڵوێستی خۆی لەسەر ئەو ستەم و تەعەداو زۆردارییەی لە کورد دەکرێ، دەرببڕێت، کەچی وێناچێ وەڵامی یەک نامەیشی دابێتەوە، ئەوە لەکاتێکدا کە بەپێی شەرعی شیعە، دەبێ وەڵام بداتەوە، چونکە ئەو کەسەی کە موقەلید و پێڕەوکاری ئەوە، پرسیاری لێ کردووە. کەچی دوور نییە ئەگەر ئێستا هەمان ئەو کوردە شیعانە پرسیاری ئەوەیان لە سیستانی بکردایە، کە ئاخۆ قوربان بە پێی ڕاست، یان چەپ بچینە ئاودەست؟ ئەوا یەکڕاست و بەبێ سێ و دوو وەڵامی دەدانەوە، بەڵام کە لە بارەی ئەو ستەمەی لە عێراقدا لە کورد کراوە و دەکرێ، پرسیاریان لێی کردووە، بێدەنگی هەڵبژاردووە و هەڵیدەبژێرێت. دیارە لەم ڕووەوە ئەو بێدەنگ دەبێ، ئەمەش نەک لەبەر ئەوەی بەرژەوەندیی ئاینی وای لێ دەخوازێ، نەخێر. بەڵکو ئەوی مەرجەع جیاواز بیر دەکاتەوە و بڕیار دەدات، چونکە ئەو بەرژەوەندییە ماددی و داراییەکەی خۆی دەبینێت. ئەو بەرژەوەندییە گەورەیەی، کە هەیەتی و سەرچاوەی دەسەڵاتەکەیەتی. بەپێچەوانەوە، هەر هەڵوێستێکی جیاواز لەوە بنوێنێت، دوور نییە ئەزموونی (ئەلسەدر)ی لە بەرانبەردا دووبارە ببێتەوە. دەگوترێ کە (محەمەد باقر ئەلسەدر) دەچووە مزگەوتەکەی ئیمام عەلی، هەرچی خەڵک هەبوو بە سەرۆک عەشیرەتەکانیشەوە بەڕیزەوە لەبەری هەڵدەستان و دەیانگوت وا و وات بۆ دەکەین، کەچی کە گیرا، بە پێی گێڕانەوەی وەکیلەکەی بێت، کە (ئایەتوڵا نوعمانی) بوو، دەڵێ: " کە گیرا، لەو هەموو حەشاماتە، تەنیا سەد و پەنجا کەس بە دەوریەوە بووین و هەمووشمان لێدانمان خوارد، کەچی پۆلیس و خەڵک سەیریان دەکردین".

بە کورتی، وەک چۆن فاتیکان پارەی هەیە، دەسەڵاتی هەیە،

دەزگای هەواڵگـری و سـیخوڕی هەیـە، جیهانـی شـیعەش ئەگەرچـی ڕێـک بـەم شـێوە پێشـکەوتن و سیسـتەماتیکییەی فاتیـکان نییـە، بـەڵام جۆرێکـە لـە فاتیـکان و هەوڵیـش دەدرێت لـە ئاینـدەدا ببێتـە فاتیکانـی جیهانـی ئیسـلامی!

## تارمایی خومەینی!

دوای هاتنی بۆ نەجەف و گیرسانەوە تیایدا لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەم، بە هۆی بەریەککەوتنی لەگەڵ پیاوانی ئاینیی حەوزەی نەجەف و میتۆد و وانەکانی حەوزە و قوتابخانەکان، (ئیمام خومەینی) هەستی بە جۆرێک لە ناکۆکی لە نێوان بیرکردنەوە و دنیابینیی تایبەتیی خۆی و میتۆدی حەوزەی ناوبراو کرد، بەتایبەتی کە ئەو وێڕای لایەنە ئاینی و مەزهەبییەکە، بایەخێکی زۆریشی بە فیکری سیاسی و پرسی حوکمڕانی دەدا، یان ڕاستتر بڵێین، ئامانجی سەرەکیی ئەو ئیمامە، بە چەقگرتنی پرسی دەسەڵات و حوکمڕانی و دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی بوو. دوای جێگیربوونی لە نەجەف و دەستکردن بە وانەگوتنەوە، قوتابییەکانی چاوەڕوانی ئەوە نەبوون وانەیەکی جیاواز لەو میتۆدانەی حەوزە و قوتابخانە ئاینییەکانی شیعە، لەسەر دەستی مامۆستا نوێیەکەیان فێر ببن، کەچی ئیمام خومەینی سەرەتا و بناغەی پڕۆژە سیاسییەکەی خۆی، بە گوتنەوەی وانەکانی ناو کتێبی (المکاسب-ی شێخ مورتەزا محەمەد ئەمین ئەلئەنساریی دیزەفوولی، ناسراو بە شیخ ئەنساری) دەست پێ کرد.

ئیمام خومەینی بە شێنەیی و بەبێ هیچ پەلەپەل کردنێک، زەمینەی ئەوەی خۆشکرد لە میانی وانەگوتنەوەدا، ئامانجەکانی خۆی بپێکێت. شارەزایان و چاودێرانی ئەو سەردەمەی ڕەوشی حەوزە و قوتابخانە ئاینییەکان، تەنانەت هەندێ لە سەرچاوە مێژووییەکانیش باس لەوە دەکەن، دوای ماوەیەکی کەم، ئیمام ئاراستەی وانەکانی بە ئاقاری

قسـەکردن لەسـەر بابەتـی ویلایـە و لیکۆڵینـەوە لـە ڕەگ و ڕیشـەکانی حوکمڕانیـی لـە ئیسـلامدا گـۆڕی، تـا لە ئاکامـدا ئەو لێکۆڵینەوانـەی بوونە کتێبێـک (لێکۆڵینـەوە لـە حکوومەتـی ئیسـلامی)، یـان (حکوومەتـی ئیسـلامی)، کـە گفتوگـۆ و گەنگەشـەیەکی زۆری بـەدوای خۆیـدا هێنـا.

دەگوتـرێ (ئیمـام خومەینـی) لـەو ڕۆژگارەدا نالەباریـی دۆخی سیاسـیی ئەوکاتـی عێراقـی قۆسـتەوە، کـە هەلومەرجێـک بـوو پـڕ لـە پشـێوی سیاسـی و ململانێـی تونـدی نێـوان گـرووپ و سـەرکردەکان، کودەتـاکان ڕووخسـارێکی دیـاری ئـەو کاتـی وڵات بـوون. بـەو مانایـەی، ڕەوشـی ناسـەقامگیری وڵات، کـە بـە هۆیـەوە کایـەی سیاسـی و ململانـێ لەسـەر دەسـەڵات چەقـی گرنگـی پێدانیـان و کایەکانـی کۆمەڵایەتـی و نێوەنـدی ئاینـی، لـە پەراوێـزدا بـوون. زەمینـەی کاری لەبـەردەم ئیمامـدا خۆشـتر کردبـوو، بەتایبەتیـش کـە قوتابییەکانـی بەردەسـتی، هـەر ئەوانـە نەبوون کـە لـە ئێرانـەوە هاتبـوون، بەڵکـو قوتابیـی عێـراق و لبنـان و وڵاتانـی دیکەیـش، لـە وانەکانیـدا بەشـدار و گوێگـر بـوون. ئینجـا هیـچ کام لـەم قوتابیانـە پێشـتر بـەم جـۆرە بـاس و پـرس و لیکۆڵینـەوە سیاسـییە قـووڵ و هەسـتیارانە ڕانەهاتبـوون، ئـەوەی هەبـوو، تەنیـا وانەی زانسـتییە ئاینییـەکان و بـڕێ زانسـتی هاوچـەرخ بـوون.

بارودۆخـی سیاسـیی ناجێگیـری عێـراق، کـە هـەر هەمـوو چاوەکانـی دەسـەڵاتداران و ڕکابەرەکانیـان لەسـەر سیاسـەت و دەسـەڵات بـوو، وەک زۆر شـاری دیکـەی عێـراق، دەرفەتـی ئـەوەی بـۆ نەجـەف ڕەخسـاندبوو، لـە بـواری کۆمەڵایەتـی و فیکـری و فەلسـەفیدا گەشـەکردن و پێشـکەوتن بەخۆیـەوە ببینێـت. بـە هێنانـی، یـان تێخزاندنـی ئـەم پـرس و بابەتـە نوێیـە هەسـتیارەش لەلایـەن (ئیمـام خومەینـی) لـە وانەکانـی خوێندنـدا، کـە تایبـەت بـوون بـە حکومڕانیـی ئیسـلامی و پێشـتر لـە حەوزەکانـدا نەناسـرا بـوو، وەک میتۆدێکـی نـوێ شـوێنی خۆی گـرت و وردە وردە و بە

شـێنەیی، درزەی کـردە نـاو حـەوزە و قوتابخانەکانی دیکـە و هەوادارێکـی زۆری لـە خـۆی کـۆ کـردەوە، بەتایبەتـی لەنـاو ئـەو گەنجانـەی مەیلـی یاخیبـوون و گۆڕانکارییـان هەبـوو.

تایبەتمەندیـی کەسـایەتیی (ئیمـام خومەینـی) جیـاواز لـە پیـاوە ئاینییـەکان و مامۆسـتاکانی دیکـەی حـەوزە، لـە پەیوەسـت بـە میتـۆدی بیرکردنـەوە، جـۆری دەربڕیـن، شـێوازی وانەگوتنـەوە و سەرنجڕاکێشـانی بەرامبەر، کاریگەرییێکی زۆری کردبووە سـەر زەین و هۆشـی قوتابییەکان. دواجاریـش ئـەو پـرس و بابـەت و وانانـەی، کـە ئیمـام لـە حـەوزەی نەجەفـدا کردبووینـە کەرەسـتەی پڕۆژەکـەی، لـە دوای سـەرکەوتنی شۆڕشـی ئیسـلامی ئێـران و دامەزراندنـی حکوومەتـدا، نـەک هەر خسـتنیە واری کردەنییـەوە، بەڵکـو کردنییـە دەسـتووری وڵات.

بـە گوێـرەی زانیاریـی بەڵگەنامـەکان، بەعـس زوو درکـی بـە کاریگەرییەکانـی ئیمـام کردبـوو، دەیزانـی ئـەو تەنیـا پیاوێکـی ئاینـی ئاسـایی نییـە، بەڵکـو تارمایـی و سـێبەری بەسـەر هەمـوو کوچـە و کۆڵانێکـی نەجـەف و تەنانـەت زۆر شـار و ناوچـەی دیکـەی شیعەنشـینی عێراقـدا هەیـە، بۆیـە وەک زۆر لـە سـەرچاوەکانیش باسـی دەکـەن، بەعس زۆر هەوڵـی دا لـە ناکۆکیـی ناوخۆیـی، وەک دەسـەڵات و گەلـی عێـراق، هەروەهـا لـە ناکۆکییەکانیـدا لەگـەڵ حکوومەتی پادشـایی ئێران، سـوودی لێـوەر بگـرێ، بـەڵام تـازە ئـەو پیـاوی ڕامکـردن و دەسـتەمۆکردن نەبـوو. بۆیـە ڕێـگای فشارخسـتنە سـەر و سـنووردارکردن و بەرتەسـککردنەوەی کار و چالاکییەکانـی ئیمامـی هەڵبـژارد.

لەکاتێکـدا بەعـس وێنـە ڕاسـتەقینەکەی ئیمامـی لـەلا ڕوون بـوو و گۆشـەیەکی نەمابـوو، نەیخوێنێتـەوە، کەچـی حـەوزەی نەجـەف درەنـگ هەسـتی بـەم درزەکردنـەی ئیمـام و کاریگەرییەکانـی کـرد، درەنگتریـش

شـوێنپێ و شـوێنەوارەکانی دۆزیـەوە، تـا ئەوکاتـەی لـە هـەر هەنگاوێـک و هەڵوێسـتێکدا، کـە ئەمریـکا و ئیسـرائیل دژی ئێرانـی ئیسـلامی دەیاننـا و دەیاننواند، لـە میانـی هەڵوێسـت و بەیاننامـەی پاڵپشـتیی گـەورە پیـاوە ئاینییەکانـی خـۆی بـۆ ئێـران، حـەوزەی نەجـەف بەسـەر برینـی خۆیـدا کـەوت و تێگەیشـت، کـێ و کـەی و چـۆن، بـەرەی لەژێـر پێیـدا دەرهێناوە و ئیـدی کار لـەکار تـرازاوە.

ئیمـام کـە لـە سـێبەردا و لەسـەرخۆ هەنـگاوی نـا، لەبـەر ڕۆشـنایی و لـە دەسـەڵاتدا، هەژموونـی خـۆی نیشـانی هەمـووان دا.. ئـەو کـە لـە پەسـێوی ڕاڕەو و سـووچی داڵانەکانـی حـەوزە و لـە گۆشـەی پـۆل و حوجرەکانـدا بێدەنـگ پەیامەکـەی بڵاوکـردەوە، لە سەرخسـتنی شۆڕشـدا، لــە گەڕانــەوەی بەســەر پشــتی شــکاوی (محەمــەد ڕەزا پەهلــەوی) ی ڕاکـردوودا، لـە ڕاگەیاندنـی حکوومەتـی ئیسـلامیدا، لـە جڵەوکردنـی گوتـار و هەڵوێسـتی ئاینـی و سیاسـیی نەجەفـی دوای خۆیـدا، زایەڵـەی دەنگەکـەی هەمووانـی تەزانـد و هەژانـد، لە پێشـیانەوە حـەوزەی نەجەف.

ئیــدی (ئیمــام خومەینــی)ی شۆڕشــی ئیســلامی، چیتــر مامۆســتا دەرکراوەکـەی دەسـتی شـا نەبـوو، کـە لـە حـەوزەی نەجەفـدا وانـەی دەگوتــەوە، بەڵکـو تیۆریسـێن و ڕابـەری شـۆڕش بـوو.. ئیمامـی پـاش ڕاگەیاندنـی حکوومـەت و دەوڵەتـی ئیسـلامی، چیتـر تەنیـا پیاوێکی ئاینی نەبـوو، بەڵکـو بـۆ خـۆی دەسـەڵات و دەسـتوور و حکوومـەت بـوو.. ئـەو ئیـدی پیـاوی نـاو تەپوتـۆزی سـیپارەی نووشـتە و نـزا و تەجویـد نەبـوو، بەڵکـو تەئویلـکار و موفتـی و کەسـایەتیێکی بەرجەسـتەی کارا و کاریگـەری، هاوتەریبـی کەسـایەتیی مەعنـەوی دەوڵـەت بـوو، ئەگـەر نەڵێیـن بـۆ خـۆی دەوڵـەت بـوو!

بـە سـەرکەوتنی شۆڕشـی ئیسـلامی ئێـران و گەڕانـەوەی ئیمـام بـۆ

لوتکـەی دەسـەڵاتی سیاسـی و ئاینیـی وڵات، ئیـدی بـە کاریگەریـی ڕابـردووی لـە وانەگوتنـەوەی نـاو حـەوزەی نەجەفـدا، ژمارەیەکـی زۆری قوتابـی لـە عێـراق ڕوویـان کـردە ئێـران، وەک چـۆن کاریگەرییێکـی زۆریشـی لەسـەر زۆر لـە کەسایەتییە ئاینـی و زانسـتییەکاندا هەبـوو، کـە دڵخوازانـە، یـان بـە زۆرلێکـردن، ڕوویـان کردبـووە قـوم.

بەهەرحـاڵ، کاریگەریـی (ئیمـام خومەینـی) لـە هەڵگێڕانـەوەی هاوکێشـەکە، لـە زاڵکردنـی گوتـاری سیاسـی و ئاینیـی قـوم و لـە گۆڕینی بالانس لـە نێوان نەجـەف و قومـدا بـە شـێوەیەکە، کـەس ناتوانێ نکۆڵی لـێ بـکات، تـا ئەو ئاسـتەی ئێستایشـی لەگەڵدا بێت، بەشـێک لـە ئیمام و پیـاوە ئاینییەکانـی حـەوزەی نەجـەف، لـە بیرۆکـەی سیسـتەمی ویلایەتی فەقیـە، کـە کرۆکـی کێشـەی نێـوان هـەردوو حـەوزە شـیعییەکەیە، نـەک لەگـەڵ خومەینیـدا ناکـۆک نەبـوون و نیـن، بەڵکـو هـاوڕای بـوون و بانگەشەشـیان بـۆ چەسـپاندنی سیسـتەمەکە کـرد و دەکـەن!

# تۆفانی دوای شۆڕش!

گەشـتی دوو فڕۆکە ئاکامەکانیان پێچەوانەوە کەوتنەوە. گەشـتێک (شـا) ی پەهلەوییەکانـی بـە مەرگـی تاراوگـە سـپارد، گەشـتێکیش ئیمامـی لـە تاراوگـەوە هێنایـە سـەر تەختـی دەسـەڵات. ئـەو گەشـتەی بەسـەر پشـتی فڕۆکەیەکـەوە لـە فەڕەنسـاوە بـۆ تـاران، هەمـوو هاوکێشـە سیاسـییەکانی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتی لـە دوای خۆیـدا سـەراوژێر کـرد. گەڕانـەوەی ئیمام خومەینـی دوای شۆڕشـی ١٩٧٩، وەرچەرخانێکـی دراماتیکـی بـوو لـە داهاتـووی ناوچەکـە. هاتنەوەیـەک لەگـەڵ خۆیـدا دواتـر ناوچەکـە دەکاتـە گۆڕەپانـی چەندیـن جەنگـی ئاشـکرا و نهێنـی، دەیکاتـە کوانـووی گەرمـی ململانێـی تائیفـی و سـەرزەمینی ئـاژاوە و ئاڵـۆزی و پشـێوی.

لـە ئەنجامـی خۆپیشـاندانێکی سەرتاسـەریی و بەدوایـدا هەڵگیرسـانی شـۆڕش، محەمـەد ڕەزا شـای پەهلـەوی ڕایکـرد و لـە تاراوگـە بـە خەونـی گەڕانـەوە سـەر تەختـی دەسـەڵات، سـەری نایـەوە. هەڵوەشـاندنەوەی دەزگای پۆلیسـی نهێنـی (سـاواک)، ئازادکردنـی زیندانییـە سیاسـییەکان، گەڕانـەوەی (خومەینـی) بـۆ ئێـران، سـێ ڕووداوی خێـرای دوای شـۆڕش بـوون، کـە سـیمای وڵاتەکەیـان گـۆڕی. ئەوەی کـە بۆ (بەختیار شـاپوور) ی سـەرۆکی ئۆپۆزسـیۆن و تـەواوی ئۆپۆزسـیۆنی ئێرانیـش مایـەی شـۆک بـوو، هەڵوێسـتی تونـد و ڕاشـکاو و بـێ چەنـد و چوونـی ئیمـام خومەینـی بـوو لـە دوای گەڕانـەوەی لـە بـارەی حوکمڕانێتیـی و ئێرانـی دوای شـا.

کاتـێ ئیمـام گەڕایـەوە ئێـران، وەک سـەرکردە و ڕابەرێـک لەنـاو خەڵکـدا پێشـوازی لـێ کـرا. ئیتـر هـەر هەمـان ڕۆژ و لەنـاو جـۆش

و خرۆشــی پێشــوازی کارانــدا و لــە وتارێکیــدا، ڕوون و ڕاشــکاو، بــێ گـرێ و گـۆڵ و پێـچ و پەنـا، ڕوو لـە بەختیـار ڕایگەیانـد: " ئـەوە منـم حکوومــەت دادمەزرێنــم، زللــە لــە بناگوێــی ئــەو حکوومەتــە دەدەم و بــە پشــتیووانی گــەل، حکوومــەت دادەمەزرێنــم. بەختیــار دەڵــێ نابــێ لــە وڵاتــدا دوو حکوومــەت هەبــن، ئــەو ڕاســت دەکات، بــەڵام دەبــێ حکوومەتــە نایاســاییەکەی ئــەو بــڕوا... ئــەو دەوڵەتــەی ئێمــە باســی دەکەیـن، دەوڵەتێکـە پشـت بـە ڕای گـەل دەبەسـتێت، لەسـەر حوکمـی خـودا بونیـاد نـراوە" . ئـەم وتانـەی ئیمـام، ئاماژەیەکـی ڕوون بـوون بـۆ دەرکەوتنـی ئـەدگار و ڕووخسـار و خەسـڵەتەکانی حوکمڕانـی نوێـی دوای سـەردەمی شـا.

دەرکردنـی شـاپوور لـە ئێـران، هەڵگەڕانــەوە لـە هەمـوو ئـەو حزبـە ئۆپۆزسـیۆنانەی دژی شـا بـوون و لـە شۆڕشـدا هاوسـەنگەری بـوون، خۆناسـاندن وەک فەرمانـڕەوای تـاک و ڕەهـای وڵات، تەکفیرکـردن و حەڵالکردنـی خوێنـی هـەر کەسـێک کـە دژی بوەسـتێتەوە، هەنـگاوە بـە پەلـە و خێراکانـی ئیمـام بـوون، بـۆ ئـەوەی دەسـەڵات کۆنتـڕۆڵ بـکات.

خاڵـی گرنـگ، یـان ڕاسـتتر، هەنـگاوی هـەرە ترسـناک و مەترسـیدار لـەو هەنگاوانـە، تەکفیرکـردن و حەڵالکردنـی خوێنی نەیـارەکان و تەنانەت ئەوانـەش بـوو، کـە کەمتریـن ڕەخنەیـان لـە شـێوازی حوکمڕانییەکـە هەبێـت. دیـارە ئەمـەش لـەو ڕوانگەیـەوە بـوو، کـە ئـەوەی دژایەتـی ئیمام بـکات، ئـەوا دژایەتـی خـودا دەکات. بـە مانایەکـی دیکـە، سـەرپێچی کـردن لەبڕیـار و فەرمانەکانـی ئیمـام، سـەرپێچیکردنی بێ چەنـد و چوونە لـە بڕیـار و فەرمانەکانـی خـودا. هەڵمەتەکانـی گرتـن و ئەشـکەنجەدان، کوشــتن و لــە ســێدارەدان، ســیمایەکی دیــاری مــاوەی دوای شــۆڕش بـوون. بەدوایشـیدا دامەزراندنـی پاسـەوانی شـۆڕش، وەک قـەڵا و قەڵغانی پاراسـتنی حوکمڕانێتیەکـە، یەکێـک بـوو لـە هەنـگاوە پتـەو و تۆکمـەکان،

بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی هـەر بەرهەڵسـتکارییێکی ناوخـۆ و تەنانـەت بـۆ ڕاوکردنـی سـێبەری نەیارانـی شـۆڕش لـە دەرەوەی سـنووری وڵاتیشـدا.

بەرنامـە و پلانـی دووەمـی گرنگـی ئیمـام دوای ئـەوە، بەتایبەتـی دوای جـێ پـێ قاییمکردنـی دەسـەڵات و چەسـپاندن و جێگیرکردنـی کۆڵەگەکانـی حوکمڕانییەکـەی، تیـۆری هەناردەکردنـی شـۆڕش بـوو بـۆ دەرەوەی وڵات. ئەرشـیف و بەڵگەنامەکانـی سـەرەتای ئـەم گوتـار و تیـۆرەش بـە ئاشـکرایی لـە لێدوانـی بەرپرسـەکانی ئـەو کاتـی ئێـران دەردەکـەوێ، کـە بـە ئاشـکرایی و ڕاشـکاوییەوە دەیانگـوت: " وڵاتانـی کەنـداو و عێراقیـش لەگەڵیانـدا، بەشـێکن لـە ئیمپراتۆریەتـی فارسـی، دەبـێ بگەڕێنـەوە سـەر ئیمپراتۆرییەتەکـە و ببنە پاشـکۆ و شـوێنکەوتەی ئیمپراتۆریەتـی فارسـی".

## هەناردەکردنی شۆڕش!

وەک پێشـتر گوتمـان، هەنـگاوی دووەمـی سـەرەکی و سـتراتیژیی ئیمـام، هەناردەکردنـی شـۆڕش بـوو بـۆ دەرەوەی ئێـران، بـۆ وڵاتانـی ئیسـلامیی ناوچەکـە و جیهـان، بەتایبەتـی بـۆ وڵاتانـی عەرەبـی. تەنانـەت دروشـمێکی سـەرەکی و هەمیشـە لەسـەر زاری ئیمـام، بریتـی بـوو لـەوەی " نـە ڕۆژئاوایـی، نـە ڕۆژهەڵاتـی، تەنیـا کۆمـاری ئیسـلامی". ئـەو دروشـمەی دواجـار تابلۆکـەی بـە زەقـی بـە سـەر دەرگا و دەروازەی سـەرەکیی باڵاخانـەی وەزارتـی دەرەوەی ئێـران و زۆر لـە باڵوێزخانـە و کونسـوولگەرییەکانی ئێـران لـە وڵاتانـدا، هەڵواسـرا.

دیـارە سـتراتیژی هەناردەکردنـی شـۆڕش هـەر بـە دروشـم و بانگـەواز ناوەسـتێ، بەڵکـو لەنـاو ماددەکانـی دەسـتووری بنەڕەتیـی وڵاتـدا شـوێنی بـۆ دەکرێتـەوە، بەتایبەتـی لـەو برگـە و بەنـد و ماددانـەی پێوەندییـان بـە سیاسـەتی دەرەوەی ئێرانـەوە هەیـە. هەروەهـا بەرنامـە و پرۆژەکانـی سەرخسـتنی ئـەم سیاسـەتە، سیسـتەماتیک و بـە دامەزراوەیـی دەکرێت و لـە ئاسـتی فەرهەنگـی، کولتـووری، سیاسـی، سەربازیشـدا دەزگا و هێـزی مـاددی و مرۆیـی بـۆ تەرخـان دەکرێـت.

بـۆ نموونـە لـە کـۆی بەندەکانـی (١٥٢- ١٥٥)ی دەسـتووری بنەڕەتیـی ئێـران، کـە تایبەتـن بـە سیاسـەتی دەرەوەی ئـەم وڵاتـە، لـە بەنـدی (١٥٤)دا زۆر بـە وردی و بـە ڕوونـی ئـەم سیاسـەتی هەناردەکردنـەی بـاس کـردووە، تەنانـەت بـە ئاشـکرایی نـاوی کۆمەڵێـک وڵاتی عەرەبیشـی بـردووە. بۆیـە بەرمەبنـای ئـەم سیاسـەت و سـتراتیژە ڕوون و ڕەوان و

بـە دەسـتووریکراوەی ئێـران، هـەوڵ دەدەیـن ئەگـەر بـە کورتیـش بێـت، هەوڵەکانـی ئێـران بـۆ سەرخسـتنی ئـەم سیاسـەتەی لـە چەنـد وڵاتێکـی عەرەبیـدا بخەینـەڕوو، (عێـراق، لبنـان، کوێت و سـعوودیە) وەک نموونەی زینـدوو.

شـەڕی عێـراق و ئێـران، دەرفـەت و هەلێکـی زۆر لەبـار بـوو، بـۆ ئـەوەی عێـراق ببێتـە یەکـەم ئامانجـی پـڕۆژە پانئێرانیزمەکـە (پێشـتریش لـە پەیوەیسـت بـە هەوڵەکانـی حـەوزە قسـەمان لـەم بابەتـە کـردووە)، بـۆ ئەمـە ئێـران کەوتـە هەوڵـی ڕاکێشـانی سـەرنج و سـۆزی شـیعەی عـەرەب، تـا ئاسـتی ئـەوەی کـە بتوانـن کودەتـا بەسـەر حوکمڕانەکانـی وڵاتەکانیانـدا بکـەن. عێـراق یەکـەم و گرنگتریـن و لەبارتریـن وێسـتگەی ئەنجامدانـی ئـەم پڕۆژەیـەی هەناردەکردنـی شـۆڕش بـوو، بەتایبەتیـش کـە ئیـدی جەنـگ ڕەوایـی بـە هەمـوو پاسـاوێکی ئێـران دەدا. یەکێـک لـەو حزبـە دیـار و بەرچـاوە شـیعییانەی عێـراق (حزبـی دەعـوە) بـوو، کـە هـەر زوو وەک ڕابـەر و پێشـەوای مووسـڵمانان بەیعەتـی دایـە ئیمـام، لـە بەرامبـەر ئەمەشـدا ئێـران لـە پشـتیوانیکردنی مـاددی و مەعنـەوی ئـەو حزبـە دریغـی نەکـرد. تەنانـەت ئەنـدام و لایەنگرانـی ئـەو حزبـەی لـە سـەربازگەکانی خۆیـدا خسـتە نـاو پرۆسـەی مەشـق و ڕاهێنانـی سـەربازی و هێزێکـی تایبەتـی لـێ دروسـت کـردن (ئـەوەی کـە بـە فەیلەقـی بـەدر ناسـراوە) و لـە ماوەیەکـی زۆر کەمـدا بـە هـەزاران کەسـی لەوانـە لەسـەر هونەرەکانـی جەنـگ و ڕووبەڕووبوونـەوە ڕاهێنـا، بەتایبەتیـش لەسـەر خۆکـوژی و هونـەر و تەکتیکـی کردەکانـی غافڵکـوژی و تەقاندنـەوە و بۆمبڕێژکردنـی ئۆتۆمبێـل. دوای ئـەوە، حزبـی دەعـوە جگـە لـە بەشـداریی ڕاسـتەوخۆی لـە بەرەکانـی جەنگـی هەشـت سـاڵەی عێـراق و ئێـران هاوشـان و هاوسـەنگەری پاسـداران، لەناوخـۆی عێراقیشـدا و بـە گوێـرەی توانـا و دەرفـەت، لـە کردەوەکانـی غافڵکـوژی و تەقاندنـەوە دریغی نەکرد.

بـه گوێـرەی زانیاریـی سـەرچاوەکانی ئـەوکات، یەکـەم چالاکـی کـە (حزبـی دەعـوە) لەنـاو عێراقـدا ئەنجامـی دا و یەکـەم کەسـایەتیش لـەو چالاکییـەدا کرایـە ئامانـج، (تاریـق عەزیـز- جێگـری سـەرۆک وەزیرانـی ئەوکاتـی عێـراق) بـوو. چالاکییەکـەش لـەو کاتـەدا ئەنجـام درا، کـە ناوبـراو سـەردانی زانکـۆی موستەنسـریەی دەکـرد و یەکێـک لـە ئەندامانـی حزبـی دەعـوە، بۆمبێکـی دەسـتی فڕێدایـە نـاو کەژاوەکـە. ئەگەرچـی لـەو چالاکییـەدا (عەزیـز) ڕزگاری بـوو، بـەڵام ژمارەیـەک قوتابیـی زانکۆکـە کـوژران و برینـدار بـوون. ئەندامـە ڕاسـپێردراوەکانی حزبـی دەعـوە هـەر بـەوەوە نەوەسـتان، بەڵکـو بـۆ ڕۆژی دواتـر، دەسـتڕێژی گولەیـان لـەو خەڵکـە کـرد، کـە تەرمـی کوژراوەکانـی چالاکییەکـەی زانکـۆی موستەنسـریەیان بـە خـاک دەسـپارد. ئیتـر ورده ورده چالاکییەکانـی ئـەو حزبـە لەنـاو عێـراق پـەرەی سـەند و چالاکییـەکان جـۆر و ئاسـتی جیاوازیـان بـە خۆیـەوە بینـی و ئامانجەکانیشـیان هەمەگیرتـر بـوون. بـۆ نموونـە، تەقاندنـەوەی هـەردوو باڵەخانـەی وەزارەتـی پلانـدان و وەزارەتی ڕاگەیانـدن لەلایـەن کەسـانی خۆکـوژەوە. لەنـاو هەمـوو ئـەو چالاکییانەدا، کـە خەڵکـی بوونـە قوربانـی، گەورەتریـن و کاریگەرترینـی چالاکییەکانـی ئـەو حزبـە (کـە بـە گوێـرەی زانیارییەکانـی دەزگا هەواڵگرییـەکان، یەکەم گەورەتریـن چالاکـی بـوو لـە ناوچەی عەرەبیـدا)، تەقاندنـەوەی باڵەخانەی باڵوێزخانـەی عێـراق بـوو لـە لبنـان لـە ١٥ی ئەیلوولـی سـاڵی ١٩٨١ بـە ڕێـگای ئۆتۆمبێلێکـی بۆمبڕێژکـراوەوە، لەلایـەن ئەندامێکـی حزبـی دەعـوە بـە نـاوی (ئەبـو مەریـەم)، کـە بـە هۆیـەوە ٦١ کـەس کـوژران، لەناویانـدا باڵوێـزی عێـراق و (بەلقیـس ئەڵـڕاوی)ی هاوسـەری شـاعیری نـاودار (نـزار قەببانـی). ئەمـەو جگـە لـە برینداربوونـی زیاتـر لـە سـەت کـەس (کاتـێ کـردەوە تیرۆریسـتییەکانی ئەلقاعیـدە و داعـش و گرووپـە تیرۆریسـتییەکانی دیکـە لـە ناوچەکـە و دنیـا بێنینـە بەرچـاوی خۆمـان،

ئەوا ئەم تەکنیک و شێوازەی خۆکوژەکان و ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراوەی ئەوکاتی ئێران- دەعوە بۆ خۆی جێگای دەیان پرسیارە!).

خاڵی سەرنجڕاکێش لەناو ئەو مێژووەدا ئەوەیە، هەنووکە ئەوانەی لە ڕابردوودا سەرکردایەتی و فەرماندەیی ئەم کردەوە خۆکوژییانە و کوشتنی هاووڵاتییانی عێراقیان لە ئەستۆدا بوو، ئێستا شەڕ لەسەر وەرگرتنی پلە و پۆستی دەسەڵات و حوکمڕانی و بەڕێوەبردنی عێراق دەکەن (شۆڕشی کوردستان لەوەدا ڕووسوورە، کە سەرەڕای کارەساتەکانی جینۆساید و کیمیاباران و ئەنفال، کەچی بۆ ڕۆژێکیش لە دژی سوپا و دامەزراوە حزبی و ئەمنی و هەواڵگرییەکانی بەعس و جەللادەکانیان، پەنای بۆ تیرۆر و کاری تیرۆریستی نەبرد، بەڵکو شەڕی جوامێر و ڕووبەڕووی ناو سەنگەر و بەرەکانی لەگەڵدا کردن).

بەهەرحاڵ، با بێینەوە سەر باسی خاڵە سەرنجڕاکێشەکە. ڕەنگە زۆربەتان ئەو ڤیدیۆیەی (هادی ئەلعامری)تان بینیبێت، کە لە کاتی جەنگی عێراق- ئێراندا، لە بەرەکانی پێشەوەدا قسە دەکات و بە ڕوون و ڕاشکاوییەوە دەڵێ: " هەرگیز ئاشتی لەگەڵ کافردا ناکرێ - کە مەبەستی حکوومەتی عێراق بوو-، ئێمە لەگەڵ ئیمام داین، ئەو ئێستا ئیمامی هەموو موسڵمانانە. بڵێیت ئاشتی، ئاشتی دەکەین. بڵێت جەنگ، دەجەنگین". ئەو (عامری)ەی لە شەڕدا دژی وڵاتەکەی، بەرفەرمانی ئیمام و دەوڵەتی ویلایەتی فەقیە بوو، کەچی دوای ڕووخانی بەعس، لە حکوومەتەکەی (مالیکی)دا بووە وەزیری گواستنەوە و گەیاندن.

دەی، ئایا خوێنەر دەزانێ، کە فەرماندەی باڵی سەربازیی ئەو کاتی حزبی دەعوە (نووری مالیکی) و جێگرەکەیشی (هادی ئەلعامری) بوون؟ ئیتر ئەوەیە حزبی دەعوە و سەرکردە و کاراکتەرەکانی،

کــە بــە درێژایــی هەشــت ســاڵ جەنــگ، لایەنگــری ئێــران بــوون لــە دژی وڵاتــی خۆیــان، ئــەو وڵاتــەی ئێســتا شــەڕ لەســەر ئیمتیازەکانــی فەرمانرەوایەتیکردنیــدا دەکــەن.

هەرچــی پێوەنــدی بــە لبنانــەوە هەیــە، ئەویــش دۆخێکــی تایبــەت بــە خــۆی بــووە و زەمینەکــەی لەبــار بــوو، بــۆ ئــەوەی پشــکی شــۆڕش لــە هەناردەکردنیــدا بــەر بکــەوێ و کاریگەریــی زۆریشــی بەســەردا جــێ بهێڵێــت. واتــە ئــەوە تەنیــا پێوەنــدی بــە چوونــی (ئەلســەدر) نییــە، کــە گوایــە دەرەبەگــە شــیعەکان، بارودۆخــی کۆمەڵایەتیــی خەڵکــی شــیعەی ئــەوێ و نەخوێندەوارییەکەیــان قۆســتۆتەوە، بــۆ ئــەوەی سەردەســتە و خــاوەن بڕیــار بــن و لــە دەســت دەرنەچــن و بەرژەوەندییەکانیــان بکەوێتــە مەترســییەوە. بــە پێچەوانــەوە، ســەدر کــە چــووە لبنــان، بــۆ ئــەوە نەچــوو چــاوی خەڵکــە نەخوێندەوارەکــە ڕۆشــن دابێــت و بێداریــان بکاتــەوە، بەڵکــو بــۆ کەمکردنــەوەی ڕۆڵــی دەربەگەکانــی ئــەوێ چــوو، تــا بــۆ خــۆی لــەوێ ببێتــە شــت و بڕیــار بەدەســت. لەوەشــدا ســوودی لــەو پــارە زۆرە کەڵەکەکــراوەی خومــس وەرگــرت و لــەوێ لــە هەنــدێ پــڕۆژەدا خســتوویەتیە گــەڕ.

بەهەرحــاڵ، ئەگــەر بــە وردی لــە ئەرشــیفی بەڵگــە و دۆکیۆمێنتــە ڤیدیۆییەکانــی (حەســەن نەســڕوڵڵا- ئەمینــداری گشــتیی حزبــوڵای لبنانــی) بگەڕێیــن، زۆر بــە ئاســانی شــوێنەوار و کاریگەرییەکانــی پــڕۆژەی پانئێرانیــزم دەدۆزینــەوە. بــۆ نموونــە، ئــەو لــە وتارێکیــدا، کــە وێدەچــێ ســەرەتای ڕاگەیاندنــی حزبەکــەی بێــت بــە ڕاشــکاوی دەڵــێ: " پڕۆژەکەمــان، کــە جگــە لــەوە هیــچ بژاردەیەکمــان نییــە، پێــڕەوی لــێ بکەیــن.. پــڕۆژەی دەوڵەتــی ئیســلام و حوکمــی ئیســلامە. بــەو مانایــە نــا کــە لبنــان ببێتــە کۆمارێکــی ئیســلامیی، بەڵکــو لبنــان ببێتــە بەشــێک لــە کۆمــارە ئیســلامییە گەورەکــە، کــە خاوەنــی زەمــان و جێگرەکــەی بــە

حـەق، ویلایەتـی فەقیـە ئیمـام خومەینـی فەرمانڕەوایەتـی دەکات".

بـە هەمـان شـێوەی عێـراق، ئێـران کەوتـە پشـتیووانیکردنی باڵـی سـەربازیی حزبـوڵا، کـە زۆربـەی سـەرکردە و ئەندامەکانـی مەشـق و ڕاهێنانـی سـەربازییان لـە ئێـران کردبـوو. ئاشکرایشـە کـە وتارەکـەی نەسـرولڵا لـە مانـا و پەیـام و ناوەڕۆکەکەیـدا، بەیعەتدانێکـی ڕاشـکاوانەیە بـە ویلایەتـی فەقیـە و ناشیشـارێتەوە، ئامانـج و سـتراتیژی حزبەکـەی ئەوەیـە، لبنـان وەک دەوڵەتێکـی عەرەبـی نـا، بەڵکـو وەک دەوڵەتێکـی فارسـی، بکاتـە پاشـکۆی ئیمپراتۆریەتـی ویلایەتـی فەقیـە. ئـەوە بۆیـە لـە بۆنـەی دیکـەدا، لـە کۆبوونـەوەی لەگـەڵ ئەنـدام و لایەنگرەکانیـدا، لـە دیمانـە و لێدوانەکانیـدا، ڕژدبوونـی خـۆی لەسـەر جێبەجێکردنـی ئـەو سـتراتیژە دووپـات دەکاتـەوە. تـا ئـەو ئاسـتەی ددان بـەوەدا دەنـێ، ئەگـەر لـەم کاروانـەدا، حزبەکـەی بەلاڕێدا چـوو، پشـتی لـە ئامانجەکانـی کـرد، ملکـەچ و گوێڕایەڵـی ویلایەتـی فەقیـە نەبێـت، ئـەوا لەگەڵیانـدا نامێنێتـەوە. لـەم ڕووەوە لـە میانـی پەیامێکیـدا دەڵـێ: " مـن یەکێکـم لەوانـەی لـە کاروانـی حزبـوڵادا و لەنـاو دەزگا کاراکانیـدا، کار دەکـەن، ئەگـەر لـەوە دڵنیـا نەبـم و یەقینێکـی تـەواوم نەبێـت، کـە ئـەو دەزگایانـە لـە ڕێـگای چەندیـن کەنـاڵ و چاودێـرەوە سـەر بـە وەلـی فەقیهـن و ملکەچـی فەرمـان و بڕیارەکانیـن، ئـەوا یـەک چرکـەش لـە دەزگاکانیـدا نامێنمـەوە".

دیـارە جگـە لـە حزبوڵا، بزووتنەوەی (ئەمەل)یش کە شـیعەیە، لە لبنان هەیـە، بـەڵام بـە هـۆی ئـەوەی پشـکی (خومـس) و کاریگەرییەکانی، وەک سـەرچاوەی دەسـەڵات و هێـزی ئابووریـی مەرجەعەکانـی شـیعە، ململانـێ و ناکۆکیـی دەخاتـە نـاو بزووتنەوەکـە، ئەو مەلایانـەی بەرژەوەندییەکانیان زیـاد دەکات و لەگـەڵ بەرژەوەندیـی ئەوانـی دیکـەدا بەریـەک دەکـەون، جیـا دەبنـەوە و بزووتنەوەکـە پارچـە پارچـە دەبێـت. لـە ڕاسـتیدا ئـەم

درزتێکەوتــن و پارچەبوونــە چارەنووســی حزبــوڵای لبنانیــش دەبێــت، ئیـدی لـە ئایندەیەکـی نزیـک، یـان دوور، ئـەوە شـتێکی دیکەیـە. چونکـە ئـەوە فشـارەکانی ئێرانـن هەمـوو باڵـەکانـی نـاو ئـەو حزبـە و بەرژەوەندییـە جیاوازەکانـی نـاوی، بـە زۆر لەژێـر چەتـری (نەسـرولڵا)دا هێشـتۆتەوە، بــەڵام دواجــار و لــە دوا وێســتگەدا، ئــەو ناکۆکیــی بەرژەوەندییانــەی باڵـەکان، لـە شـوێنکاتی خۆیـدا و لەپـڕ دەتەقنـەوە. ئەم ڕۆڵـەی ئێرانیش لـە پاراسـتنی یەکڕیزیـی حزبـوڵادا، لـەو هاوکارییـە مـاددی و مەعنـەوی و لۆجسـتییەی ئـەم وڵاتـە بـۆ ئـەو حزبـە دەردەکـەوێ، کـە بـە هۆیـەوە دەتوانـێ جڵـەوی کارەکان کۆنتـڕۆڵ بـکات. ئـەوە بۆیـە (نەسـرولڵا) لـە سـەرەتای هەنگاوەکانـی حزبەکـەی و ئێستایشـی لەگەڵـدا بێـت، بـەردەوام و بـە شـانازییەوە جەخـت لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە، کـە سـێبەر و پاشـکۆ و شـوێنکەوتەی ئێرانـن و دەڵـێ: " برایـان، ئێمـە بـە ئاشـکرایی و لـە سـەرەوە دەیڵێیـن، میزانیــەی حزبـوڵا، مووچەکانــی، خەرجییەکانــی، خـواردن و خواردنـەوەی، چـەک و مووشـەکەکانی لـە کۆمـاری ئیسـلامیی ئێرانەوەیـە". لـە کۆتایـی ئـەو پەیامەیشـیدا بـە پێکەنینـەوە دەڵـێ: " هەتـا پـارە لـە ئێـران هەبێـت، کەواتـە ئێمـە پارەمـان هەیـە".

بە گەڕانەوەی بۆ مێژووی دوور و نزیک، هەتا دوای شۆڕشـی ئیسـلامیی ئێـران، ناوچەکــە بــە دەگمــەن کــردەوەی خۆکــوژی و تەقاندنــەوەی ئۆتۆمبێلـی بۆمبڕێـژی بـە خۆیـەوە دیـوە. هەروەهـا ئەگـەر ئـەوە بزانیـن، کـە بـە گوێـرەی هەنـدێ لـە ئامـارەکان، لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٧٠- ٢٠١٤ ،زیاتـر لـە ٨٥ هـەزار کـردە و چالاکیـی تەقاندنـەوە لـەو ناوچەیـە ئەنجـام دراون و خاڵــی ســەرنجڕاکێش لــەو نێـوەدا ئەوەیــە، کــە بەرزبوونــەوەی کێـرڤ و زۆربوونـی ڕێـژەی ئـەو کردەوانـە، لـەدوای سـەرکەوتنی شۆڕشـی ئیسـلامیی ئێـران ١٩٧٩ دەسـت پـێ دەکات. بۆیـە ئەمـە وا دەکات ئـەو پرسـیارە بکەیـن، کـە ئاخـۆ دەبـێ دیـاردەی تەقاندنـەوە لـە ڕێـگای

خۆکوژ و ئۆتۆمبێلی بۆمبرێژکراو، سەر بە چ ئەدەبیاتێکی سیاسی و میراتی چ هێز و ئایدیۆلۆژیایەک بن؟

ئێرانی ویلایەتی فەقیە، لەبەر ڕۆشنایی ستراتیژە درێژخایەنەکەی، لە پەیوەست بە هەناردەکردنی شۆڕش، سوودێکی زۆری لە حزبولڵای لبنانی وەرگرت، بۆ ئەوەی لە ڕێگایەوە دەستی بخاتە ناو وڵاتانی کەنداوی عەرەبی. ڕاستە لە ناو ئەو وڵاتانەدا، سعوودیە ئامانجی سەرەکیی ستراتیژەکە بوو، بەڵام سەرەتا کوێتی کردە ئامانج و بە هەمان ڕیتمی لبنان، حزبولڵای کوێتیشی دامەزراند و کەوتە پشتیووانیکردنیان.

حزبولڵای کوێتی کە لەسەر دەستی کۆمەڵە کەسێکی شیعەی کوێت، ئەوانەی لە حەوزەی قوم دەیانخوێند (محەمەد باقر ئەلمەهری، عەباس بن نەخی، عەدنان عەبدولسەمەد، ناسر سەرخوە، عەبدولموحسین جەمال و....) دامەزراوە، مێژووەکەی بۆ سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە. ئەم حزبە لە درێژەی کاروانی کاری سیاسیی نهێنیی خۆیدا، چەندین ناو و دەمامکی گۆڕیوە، لەوانە (پێشەنگەکانی گۆڕینی سیستەم بۆ کۆماری کوێت، دەنگی ئازادی گەلی کوێتی، ڕێکخراوی جیهادی ئیسلامی، هێزەکانی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕ لە کوێت و...).دامەزرێنەرانی ئەو حزبە کە بە گوێرەی زانیاریی هەندێک سەرچاوە، پێوەندیی ڕاستەوخۆیان بە پاسەوانانی شۆڕشی ئێرانەوە هەیە و لەسەر دەستی ئەوان مەشق و ڕاهێنانیان پێ کراوە، لە ڕێگای (ناوەندی کوێتی بۆ ڕاگەیاندنی ئیسلامی لە تاران) و بڵاوکراوەکانیانەوە هانی کوێتییەکانیان داوە و داوای ڕووخاندنی ڕژێم و دامەزراندنی سیستەمێکی شیعەی شوێنکەوتەی ئێرانیان کردووە. ئەو سەرچاوانە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە حزبولڵای کوێتی بەشێکی دانەبڕاوە لە بزووتنەوەی شیعەی ئێرانی و

بـه ئاشـکرا ڕایگەیانـدووە کـەوا " شـوێنی فەرمانڕەوایەتـی ئـال سـەباح لـە کوێـت نابێتــەوە!".

یەکـەم هەنـگاو و کاری ئـەو حزبـە لـە وڵاتەکەیـدا بـۆ ئـەوەی خـۆی بسـەلمێنێت، ئەنجامدانـی چەندیـن چالاکیـی بـەدوا یەکـی تەقینـەوە و غافڵکـوژی بـوو، کـە ژمارەیـەک لـە وەزارەتەکانـی حکوومەتـی ئـەو وڵاتـە و باڵوێزخانـەی وڵاتـان و خـودی ئەمیـری کوێتیـان کـردە ئامانـج.

هاوکاریکردن و پشـتیووانیکردنی (حزبی دەعوە) لە هەوڵی تیرۆرکردنی (جابـر ئەحمـەد ئەلسـەباح)ی ئەمیـری کوێـت، یەکـەم چالاکیـی حزبـوڵا بـوو، کـە لـە ٢٥ی ئایـاری ١٩٨٥کەژاوەکـەی کرایـە ئامانـج و لـە ئاکامـدا ژمارەیـەک پاسـەوانی ئەمیـر کـوژران و ئەمیریـش لـە هەوڵـی کوشـتن ڕزگاری بـوو. ئـەو کردەیـەی کـە سەرپەرشـتیارو جێبەجیکارەکـەی (ئەبـو مەهـدی ئەلموهەندیس)بـوو، کـە هەنووکـە یەکێکـە لـە دیارتریـن و دەسـەڵاتدارترین فەرمانـدە و سـەرکردەکانی حەشـدی شـەعبی لـە عێـراق و گوایـە لـە لیسـتی داواکراوانـی ئەمریکایشـە، کەچـی بـە بەرچـاوی ئەمریکییەکانـەوە، لـە کاتـی خیانەتەکـەی ١٦ ی ئۆکتۆبـەردا، سەرپەرشـتی پێشـڕەوی میلیشـیاکانی حەشـدی شـەعبی دەکرد بۆ سـەر کوردسـتان. چالاکیـی دوای ئـەوە، تەقاندنـەوەی دوو کافتێریـای میللـی بـوو لـە ١٢ی حوزەیرانـی هەمـان سـاڵ، کـە چەندیـن کـوژراو و برینداریـان لـێ کەوتـەوە. چالاکیێکـی دیکـەی سەرنجڕاکێشـی ئـەو حزبـە لـە دژی وڵاتەکـەی، بریتـی بـوو لـە ڕفاندنـی فڕۆکـەی هێڵـی ئاسـمانی ئەلجابرییـە لـە ٥ی نیسـانی ١٩٨٨و بـە بارمتەگرتنـی سەرنشـینەکانی. بەپێـی زانیاریـی دەزگا هەواڵگرییەکانـی کوێـت، ئـەم چالاکییـە لەسـەر فەرمانـی (عەلـی ئەکبـەر موحتەشـەمی) و بـە فەرماندەیـی (عیمـاد موغنیـە)ی لبنانـی ئەنجـام درا. بـە گوێـرەی زانیارییـە هەواڵگرییـەکان، ئـەم کـردەی ڕفانـدن و بـە بارمتەگرتنـە، کـە ٦١ ڕۆژی خایانـدووە، دوای نیشـتنەوەی

فڕۆکەکە لە جەزائیر و پاش کوشتنی هەردوو فڕۆکەوانە کوێتییەکە و فڕێدانە خوارەوەی تەرمەکانیان، هەر لە جەزائیر و دوای دانوستاندن، ڕفێنەرەکان بارمتەکانیان ئازاد کرد و بە هەمان فڕۆکە بۆی دەرچوون و ڕزگاریان بوو.

ئەم ڕووادە دوای ئەوە دێت، کە پێشتر و لە ساڵی ١٩٨٣، حزبی ناوبراو فڕۆکەیەکی کوێتی بە ٥٠٠ سەرنشینەوە ڕفاند و ڕووی کردە فڕۆکەخانەی مەشهەد لە ئێران. وەک چۆن دوای سێ ساڵ لەم چالاکییە، دەزگا ئەمنییەکانی کوێت، هەواڵی شکستپێهێنانی ڕفاندنی فڕۆکەیەکی جۆری ٧٤٧ی سەر بە هێڵی ئاسمانیی کوێتیان ڕاگەیاند، کە دوازدە سەرنشینی هەڵگرتبوو. لەگەڵ ئەمانەشدا ساڵی ١٩٨٣ حزبوڵای کوێتی بە دەمامکی ڕێکخراوی بە ناوی (جیهادی ئیسلامی)، لە یەک ڕۆژدا زنجیرەیەک تەقینەوەی بەدوا یەکی لە کوێت ئەنجامدا، کە چەندین شوێنیان کردبووە ئامانج، لەوانە ( وێستگەی سەرەکیی کارەبا، فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی کوێت، هەردوو باڵوێزخانەی ئەمریکا و فەڕەنسا، کۆمەڵگایەکی پیشەسازیی نەوت، کۆمەڵگایەکی نیشتەجێبوون) و لە ئەنجامی ئەم کردەوانەشدا، ٧ کەس کوژران و ٦٢ کەس بریندار بوون.

سەیر ئەوەیە، دوای هەموو ئەو کردەوانە، حزبوڵای کوێتی لەژێر چەتر و ناوونیشانی (هاوپەیمانیی ئیسلامی نیشتمانی) و لەبەر ڕۆشنایی پرەنسیپی تەقیەی سیاسی و هودنەکردن لەگەڵ دەسەڵاتدا، خۆی خزاندە ناو پرۆسەی سیاسی لەناو دەوڵەتدا.

پێش ئەو بابەتە، بە سەرەقەڵەمێک ئاماژەمان بە بایەخ و گرنگیی سعوودیە کرد، وەک ئامانجی ستراتیژیی هەناردەکردنی شۆڕش و پانئێرانی، بەو پێیەی چونکە وەک سەنتەر و چەقی قورسایی

مووسڵمانان، پێگەیەکی هەرە بەهێزی لە جیهانی ئیسلامیدا هەیە. بۆیەشە بە درێژایی نزیک بە ٤٠ ساڵی ڕابردوو، ئێران لە هەوڵەکانی بۆ پێکانی سعوودیە نەکەوتووە و بەردەوامە. بۆ ئەمەش، حەوزەی قوم لە هەموو شوێنێک و نێوەندێک گرنگتر بوو، تا بە هۆیەوە ئێران ئەو ئامانجەی بپێکێت. کەواتە هەنگاوی یەکەم دەبێ ڕاکێشانی سەرنجی شیعەکانی سعوودیە بێت، تاکو ڕوو بکەنە قوم. ئەم هەوڵ و هەنگاوەی ئێرانی ویلایەتی فەقیە و حەوزەکە، لە کێشکردنی کۆمەڵێک لە شیعەکانی ئەم وڵاتەی کەنداو سەری گرت، تا لە ئاکامدا وەک دەسپێک، دامەزراندنی (حەوزەی حیجاز)ی لێکەوتەوە، کە دواتر ناوەکەی بووە (گردبوونەوەی زانایانی حیجاز). دواتر و بە دیاری کراوی لە ساڵی ١٩٨٧ بۆ یەکەم جار (حزبوڵای حیجاز، حزبوڵای سعوودی)، باڵی سەربازیی (ڕێکخراوی شۆڕشی ئیسلامی لە نیمچە دوورگەی عەرەبی ) کەوتە سەر زاران. ئەو حزبە کە بە پشتیوانی و هاوکاریی ئێران و سووریا و حزبوڵای لبنانی دامەزرا، دامەزرێنەر و سەرکردەکانی بریتی بوون لەو کەسانەی ئۆپۆزسیۆن و دژی سیستەمی فەرمانڕەوایەتیی وڵاتەکە بوون. ئەو کەسانە (تەنیا یەک کەسیان لێ دەربچێ، کە خەڵکی مەدینە بوو) ئەوانی تر هەموویان، لەو پیاوە ئاینییە شیعییانەی پارێزگاکانی قەتیف و ئیحسای ڕۆژهەڵاتی سعوودیە بوون، کە پێشتر لە حەوزەی نەجەف دەیانخوێند و دواتر چوونە ئێران و لە حەوزەی قوم درێژەیان بە کارەکانیان دا و هەر لەوێش (حەوزەی حیجاز)یان دامەزراند.

ئەو پیاوە ئاینییە شعییە سعوودیانە، لە باری پابەندییان بە مەرجەعەوە، جیاواز بوون، بەشێکیان پابەندی شیرازی بوون (کە بڕوای بەوە هەبوو، دەبێ دەسەڵات لە دەستی کۆمەڵی فەقیهەکاندا بێت)، بەشێکیشیان پابەندی خومەینی بوون (کە بڕوای بەوە بوو،

پێویستە دەسەڵات لە دەستی تەنیا وەلی فەقیهێکدا بێت). دواجار گرووپی یەکەم ڕوویان کردە سووریا و لەوێ بناغەکانی ئەو حزبەیان دامەزراند و دواتریش نووسینگەی حزبەکەیان لە وڵاتانی (ئێران، سووریا، بەریتانیا و ئەمریکا) کردەوە.

بە گوێرەی زانیارییەکانی دەزگا هەواڵگرییەکانی سعوودیە، ئەندامانی حزبوڵای حیجاز لەلایەن ئێران و سووریا و حزبوڵای لبنانییەوە، مەشق و ڕاهێنانی سەربازییان پێ کراوە و فێری هونەر و تاکتیکەکانی جەنگ و غافڵکوژی و تەقاندنەوە کراون. تەنانەت یەکێک لە سەرکردە دیارەکانی ئۆپۆزسیۆنی سعوودیە بە ناوی (عەلی ئال ئەحمەد ) ددانی بەوە داناوە، کە سەدان چەکداری حزبوڵای وڵاتەکەی، لەو سێ شوێنە ڕاهێنانیان پێ کراوە. ئەوە بۆیە کاتێک بە لاپەڕەکانی مێژووی ئەو حزبەدا دەچینەوە، بەسەر ئەو ڕاستییانەدا دەکەوین، کەوا ئەندام و کادیر و سەرکردەکانی حزبی ناوبراو لە جەنگی هەشت ساڵەی عێراق- ئێران (١٩٨٠- ١٩٨٨)، وەک خۆبەخش و شان بە شانی سوپای پاسداران، بەشداری شەڕەکانیان کردووە. هەروەها بەشدارییەکی کارای ململانێکانی باشووری لبنانیان لە دژی ئیسرائیلدا (١٩٨٢- ٢٠٠٠) کردووە. تەنانەت لە ئاکامی ئەم بەشداریکردنەیان لەو جەنگ و ململانێیانەدا، دەیان کادیر و سەرکردەیان کوژراون، کە پەیکەری هەندێکیان لە شاری قوم دانراوە و بە شەهید ناویان بردوون. هەروەها بەشدارییەکی دیاری جەنگی سووریایان کردووە لە دژی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی سووریا. ڕەنگە زۆربەمان ئەو ددانپێدانانەی بزووتنەوەی نوجەبا (کە گرووپێکی میلیشیایی سەر بە حەشدی شەعبییە و لە سووریا بەشداری شەڕیان کردووە) بەبیر بێتەوە، کاتێ بزووتنەوەکە لەسەر زاری (هاشم ئەلنەجیب) کوژرانی ژمارەیەک خۆبەشی شیعەی وڵاتانی کەنداوی ڕاگەیاند (٩سعوودی،

٨ بەحرێنــی، ٦کوێتــی)، کــە گوایــە لــە شــەڕی پاراســتن و بەرگریکــردن لــە مــەزاری (زەینــەب)دا کــوژراون. ئەمــەو چــش لــە ئەنجامدانــی چەندیــن کــردە و چالاکیــی ســەربازی لەنــاو ســعوودیە و لــە دژی بەرژەوەندییــە ئابــووری و سیاســی و دیبلۆماســییەکانی ئــەو وڵاتــە، کــە لــە ئەنجامــدا لەلایــەن هــەر یەکــە لــە وەزارەتــی ناوخــۆی ســعوودیە (ئــاداری ٢٠١٤) و نووســینگەی لێکۆڵینەوەکانــی فیدراڵیــی ســەربە وەزارەتــی دادی ئەمریــکا (ئابــی ٢٠١٤) نــاوی ئــەو حزبــە خرایــە لیســتی تیــرۆر. تەنانــەت ئەمریــکا پێنــج لــە ســەرکردەکانی ئــەو حزبــەی (ئەحمــەد ئەلمغەســل، عەدنــان جمعــە، ئیبراهیــم ئەلیاقــووت، عەبدولکەریــم ناســر و عەلــی ئەلحــووری) وەک ترســناکترین تیرۆریســت ناســاندن. لــەو ئاســتانەیەدا، دەزگا هەواڵگــری و ئەمنییەکانــی ســعوودییە بــە هــاوکاری دەزگا ئەمنییەکانــی لبنــان و لــە ئۆپەراســیۆنێکی تایبەتــدا، کــە تشــرینی دووەمــی ٢٠١٤ لــە بەیــرووت ئەنجامیانــدا، توانیــان کەســی یەکــەم و ســەرکردەی دیــاری حزبــوڵا (ئەلمغەســل) دەســتگیر بکــەن.

جگــە لــە چەندیــن چالاکــی و کــردە، کــە لــە دوای ١٩٧٩ گرووپــی حزبــوڵای حیجــاز و بەتایبەتــی (ئەلمغەســل) لــە ســعوودیە ئەنجامیــان دان و چەندیــن دامــەزراوەی ئابــووری و دیبلۆماســیان کــردە ئامانج، کە ئەوکات دەســەڵاتدارانی ســعوودیە ڕەتیــان کــردەوە، ئەمانــە کاری تیرۆریســتی بــن، بەتایبەتــی بــە ئامانجگرتنــی دامــەزراوە و کۆمپانیــا نەوتییەکانــی ئــەو وڵاتــە (تەقینەوەکــەی ئابــی ١٩٨٧)، بــەڵام لــە تەقینەوەکــەی کۆمپانیــای پترۆکیمیاییەکانــی ســەدەف لــە ئــاداری ١٩٨٨، کــە حزبــوڵا وەک چالاکیی خــۆی ڕایگەیانــد، ئیــدی دەزگا ئەمنییەکانــی ســعوودیە بێــدار بوونــەوە و کەوتنــە ڕاوەدوونانــی شــانە نووســتووەکانی ئــەو حزبــە لــە ناوچــە جیاوازەکانــی وڵاتەکەیانــدا، بەتایبەتــی لــە ناوچەکانــی ڕۆژهەڵاتــدا. لــە گەرمــەی ئــەو هێــرش و تەقینەوانــەدا بــوو، کــە وەزارەتــی دەرەوەی

ئێـران ڕایگەیانـد، هیـچ پێوەندییێـک لـە نێـوان ئێـران و ئەنجامدەرانـی کردەوەکانـدا نییـە!

هـاوکات لەگـەڵ کردنـە ئامانجـی بەرژەوەندییـە ئابـووری و دامـەزراوە نەوتییەکانـی سـعوودیە، حزبوڵای حیجاز دیبلۆماتکارەکانی سعوودیەیشـی لـە وڵاتانـدا کـردە ئامانجـی کـردەوە غافڵکوژییەکانـی، کـە دیارترینیـان دوو ڕووداوەکـەی سـاڵی ١٩٨٩ بـوو لـە باڵوێزخانەکانـی سـعوودیە لـە هەر یەکـە لـە (تایلەنـد و تورکیـا).

بەهەرحـاڵ، یەکێـک لـە دیارتریـن چالاکییـە گرنگەکانـی هەناردەکردنـی شۆڕشـی ئیسـلامیی ئێـران بـۆ سـعوودیە، حاجییـە ئێرانییـەکان بـوو لـە مەککـە لـە وەرزی حەجـی سـاڵی ١٩٨٧. ئـەو سـاڵە، حاجییـە ئێرانییـەکان هەمـوو ڕێگاکانیـان گرتبـوو، وێنەکانـی ئیمـام خومەینیـان لە چەقـی مەککـە بـەرز کـردەوە و یەکێـک لـە دیارتریـن کەسـایەتییە ئاینـی و سیاسـییەکانی ئێرانیـش، کـە سەرپەرشـتی خۆپیشـاندانەکانی ئەوکاتـی دەکـرد، (کەڕوبـی) بـوو. وێدەچێـت خۆپیشـاندەران پێشـوەختە پـلان و ئامادەکارییـان بـۆ ئـەم هەنـگاوە کردبێـت، وەک چـۆن دوور نییـە حزبوڵای حیجـاز لـە ڕێـگای ڕێکخسـتنەکانییەوە، هـاوکار و پشـتیووانیان بووبێـت. چونکـە وەک لـە بەڵگەنامـە ڤیدیۆییەکانـی ئەوکاتـەدا دەردەکەوێـت، خۆپیشـاندەران سـەکۆیەکی وتـاردان و هوتافکێشـانیان دروسـت کردبـوو، کـە لـە پشـتیانەوە وێنەیەکـی گـەورەی ئیمـام خومەینـی هەڵواسـرا بـوو و هانـی خەڵکیـان دەدا.

دوو ساڵ دوای ئەو ڕووداوە، واتە لە ساڵی ١٩٨٩ حاجییە ئێرانییەکان، هەمـان چالاکییـان لـە مەککـە دووبـارە کـردەوە، بـەڵام ئەمجـارە جیـاواز لـەوەی پێشـوو، کاری ئاژاوەگێـڕی و تێکدەرانـە و زیانـی گیانـی لـێ کەوتـەوە (گیـان لەدەسـتدانی ٢ حاجـی و برینداربوونـی ١٦ ی دیکـە، بـە

هـۆی تەقینـەوەی بۆمبێـک لـە یەکێک لـە تونێڵەکانـدا) و دەزگا هەواڵگری و ئەمنییـەکان و پۆلیسـی سـعوودیە توانیـان کۆنترۆڵـی دۆخەکـە بکـەن و ژمارەیـەک لـە خۆپیشـاندەران و ئەوانـەی لـە پشـتی خۆپیشـاندانەکانەوە بـوون، دەسـتگیر بکـەن، کـە بە گوێـرەی زانیارییـەکان و دوای لێکۆڵینەوە لەگەڵیانـدا، دەرکـەوت سـەر بـە هـەردوو حزبـوڵای کوێـت و حیجـاز بـوون.

## ویلایەتی فەقیه، گرێکوێرەکە!

یەکێکی دیکە لە کێشە بنەڕەتی و بنچینەییەکانی ناکۆکیی مێژوویی نێوان هەردوو حەوزەی نەجەف و قوم، کێشەی (ویلایەتی فەقیە)ە، کە یەکەمیان دژیەتی و دووەمیان داهێنەر و پشتیوانییەتی و هەموو هەوڵێک دەدات، تاکو لە سیستەمی حوکمڕانیی عێراقیشدا بیسەپێنێ و بیچەسپێنێت. بۆیە خراپ نییە لێرەدا ئاوڕێکی ئەگەر خێراش بێت لە چەمکی ویلایەتی فەقیە و ڕەهەندەکانی بدەینەوە.

ویلایەتی فەقیە لە دید و ڕوانگەی (خالید ئەلتوەیجەری)، نووسەری کتێبی (ولاية الفقيه و تطورها)، بریتییە لەوەی " ئەو فەقیهەی تەواوی مەرجەکانی ئیجتیهاد و فەتوا و دادی تێدایە، جگە لە دەسەڵاتی فەتوای جیهاد دژی وڵاتی گومڕاکان و ڕاگەیاندنی بڕیاری شەڕ و هێرشی چەکداری بۆ سەریان، وەکوتر تەواوی دەسەڵاتەکانی حوکمڕانی شەرعی و سەرکاری خەڵک و شوێنگرەوەی ئیمامی چاوەڕوانکراو لە سەردەمی دیارنەبوونیدا هەیە". بەو مانایەی، ئەو کەسەی ئەو مەرجانەی پێشەوەی تێدا بێت، شوێنی حوکمڕانی شەرعی و سەرکاری گەل و ئیمامی چاوەڕوانکراو لە سەردەمی دیارنەبوونیدا دەگرێتەوە، جگە لە فەتوای ئەو جیهادەی ناومان برد، هەموو دەسەڵاتێکی دیکەی لە داڕشتن و جێبەجیکردنی سیاسەتەکان و تەواوی کاروبارەکانی دەوڵەتدا هەیە.

دیارە بیرۆکەی سیستەمی ویلایەتی فەقیە بەرهەمی گەشەکردنی قۆناغەکانی بیرکردنەوە و عەقڵیەتی شیعەگەرییە بە درێژایی مێژووی

خۆیـان. واتــە چەمکێـک و بیرۆکەیـەک نییــە لــە بۆشـاییەوە هاتبێـت، بەڵکـو دەرەنجامـی هەمـوو ئـەو هەڵبـەز و دابـەزەی هەلومەرجـە سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و ئاینییانەیـە، کـە شـیعە لـە مێـژوودا پێیـدا ڕەت بـووە، کۆکراوە و پاڵاوتەی چەندین بیرۆکە و شـێوزای پێشـوەختە ئەزموونکراوی نـاو ژیانـی فیکـری و سیاسـی و ئاینیـی شـیعەکانە.

بـە گوێـرەی بـاوەڕی شـیعەکان، دوای ئـەوەی ئیمامـی گـەورەی دوازدەم لـە سـاڵی (٣٢٩هـ) کەوتـە مـاوەی نادیـاری و ونبوونـی مـەزن (الغیبـة الكبـری)، پێکهێنـان و دامەزراندنـی هـەر کیانێکی سیاسـیی شـیعی حەرام کـراوە و پێویسـتە ملکـەچ و گوێڕایەڵـی دەسـەڵاتی بـاو بـن، هەتـا ئەگـەر دەسـەڵاتێکی زۆرداریـش بێـت. لـەم ڕووەوە لـە کتێبـی (الكافـی)ی (ئەلکلینـی)دا، کـە گرنگتریـن کتێبـی هاوچەرخـی شـیعەکانە، هاتـووە: "بەرزرکردنـەوەی هـەر ئاڵایـەک پێـش ئـاڵای سـەپاو، خاوەنەکـەی تاغووتـە و جگـە لـە خـودا، شـتێکی دیکـە دەپەرسـتێ". ئـەم تێگەیشـتن و بـاوەڕە تـا ماوەیەکـی درێـژ و بـە دیاریکراویـش، هەتـا هـەردوو سـەدەی حەفـت و هەشـتی کۆچـی، کۆنەسـتی تـەواوی شـیعەی داگیـر کردبـوو، تـا ئـەو ئاسـتەی لـە ئامادەنەبوونـی ئیمامـی گـەورەی چاوەڕوانکـراودا، ئەنجامدانی نوێـژی هەینـی لـێ قەدەغـە و حـەرام کردبـوون. تـا ئـەو کاتـەی هەندێـک ڕا و بۆچـوون هاتنــە ئـارا و ڕێگایـان بـە فەقیهـەکان دا، بـەو پێیــەی نوێنـەری ئیمامـی گـەورەی نادیـارن، پێشـنوێژیی هەینـی بـۆ نوێژخوێنـان بکـەن. خاڵــی سـەرنجڕاکێش، یـان ڕاسـتتر، پارادۆکـس لـەو نێـوەدا ئەوەیـە، کـە ئـەم تێگەیشـتن و بیروباوەڕەیـان لەگـەڵ فەلسـەفە و بنەمـا و پرەنسـیپەکانی ئیمامەتـدا نایەتـەوە (باسـی ئیمامەتیـش بـۆ خـۆی هەویرێکـە و ئـاوی زۆری دەوێ).

ئـەم بیرۆکـەی، یـان ئـەو بۆچوونـەی کـە دەکـرێ فەقیـە نوێنەرایەتـی ئیمامـی مەهـدی چاوەڕوانکـراو، لـە مـاوەی دیارنەکەوتـن و ئامادەنەبوونیدا

بـكات، وەرچەرخانێكـی گرنـگ و سـەرەتایەک بـوو بـۆ سـەرهەڵدانی تیـۆری، یـان بیرۆكـەی ویلایەتـی فەقیـە. دامەزراندنـی دەوڵەتی سـەفەوی و ویسـت و مەیلـی پادشـاكانی بـۆ بڵاوكردنـەوەی مەزهەبـی شـیعەی ئیمامـی لـە ئێـران و وڵاتـی فارسـدا، لەپێنـاو پتەوكردنـی دەسـەڵات و بەهێزكردنـی حوكمڕانییەكەیـان و فراوانكردنـی ئۆتۆریتـەی جەمـاوەری و سیاسـییان، دەرفەتێـک بـوو، كـە هەنـدێ لـە پاشـاكان ژمارەیـەک لـە فەقیـە و پیـاوە ئاینییـەكان و زانـاكان بێننـە نـاو بازنـەی حوكـم و بەشـداری سیاسـی. وەک ئـەوەی كـە شـا (تەهماسـب) كـردی، ئـەو كاتـەی بانگهێشـتی (عەلـی كـوڕی حوسـێن ئەلكەركـی ئەلعاملـی) كـرد و لـە حوكمڕانیـدا بەشـداری پێكـرد. عاملـی كـە بـە فەرمانـی فەرمـی شـا دەسـەڵاتی پـێ درابـوو، بـە نوێنەرایەتیـی ئیمامـی چاوەڕوانكـراو هەڵسـوكەوتی دەكـرد.

دوای ئـەوە، قۆنـاغ بـە قۆناغـی حوكمڕانـی شـیعە لـە ئێـران، تیۆریزەكردنـی ویلایەتـی فەقیـە بایەخێكـی زۆری پـێ درا و لەلایـەن زانـا شـیعەكانەوە كتێبـی زۆری لـە بـارەوە نووسـران، كـە گرنگترینیـان كتێبـی (عوائـد الأیـام فـي مهمـات ادلـة الأحـكام)ی (ئەحمـەد كـوڕی محەمـەد مەهـدی كـوڕی ئەبـو زەڕی نەڕاقـی كاشـانی) بـوو. بـە جۆرێـک (نەڕاقـی) وەک سـەردێڕ و بابـەت و بەشـێكی سـەربەخۆ، لـە پرسـی ویلایەتـی فەقیهـی كۆڵیـەوە و خسـتییە بـەر بـاس. بـە دوای ئەویشـدا چەندیـن نووسـەر و پیـاوی ئاینیـی دیكـە هاتـن و گرنگیـی زۆریـان بـەم بابەتـە دا.

لـەو مـاوە مێژووییـەدا و تـا بـە ئەمـڕۆ دەگات، تیـۆر و بیرۆكـە و پرسـی ویلایەتـی فەقیـە بـووە بابەتێكـی گەرمـی گفتوگـۆ و قسـە لەسـەر كردنـی نـاو دنیـای شـیعە، ئیتـر چ ئەوانـەی هـاوڕا و پشـتیووانی بیرۆكەكـە بوون، یـان ئەوانـەی لـە دژی وەسـتانەوە، بـەڵام ئـەوەی لـە مێـژووی هاوچەرخـدا ڕۆڵێكـی دیـار و كاریگـەری لـە برەوپێـدان و تەنانـەت پیادەكـردن و

پراکتیزەکردنی سیستەمی ویلایەتی فەقیهدا بینی، ئیمام خومەینی بوو. شارەزا و لێکۆڵەرەکانی ئەم بوارە پێیانوایە، کە بایەخپێدانی لە ڕاددەبەری ئیمام لە کتێبەکانی بە تیۆری ویلایەتی فەقیە، لە ئەنجامی کاریگەربوونی ئیمام بوو بە هەندێ لە دید و ڕوانگە فیکر و فەلسەفییەکانی (سوهرەوەردی).

گرنگترین کتێبێکی ئیمامی خومەینی لەم بارەیەوە، کە تەواوی بیروبۆچوون و دیدگا و ڕوانگەی ئەو بۆ ویلایەتی فەقیە لە خۆی دەگرێت، کتێبە بەناوبانگەکەیەتی بە ناوونیشانی (الحكومة الإسلامية)، کە تیایدا بناغە و کۆڵەگە سەرەکی و بنچینەییەکانی بیرۆکە و تیۆرە سیاسییەکەی خۆی بۆ ویلایەتی فەقیە داڕشتووە.

لە دیدی (ئیمام خومەینی) پرسی پێوەندیی ئاین و سیاسەت، بیرۆکەیەکی زانستی ڕوون و سەلمێندراوە و پێویست بە ئەرگۆمێنت و بەڵگەهێنانەوە ناکات و پێیوایە، ئەوەی ئیسلام وەک حوکم و عەقیدە بناسێت، هەست بەم ڕاستییە سەرەتاییە دەکات.

خومەینی بەرمەبنای چەند پێشمەرجێک، کە ئەو پێیوابوو لە زۆربەی فەقیهە شیعەکاندا هەیە، لە کتێبەکەی خۆیدا نووسیویەتی: " ئەگەر فەقیهێکی زانا و دادپەروەر حکوومەتی پێکهێنا، ئەوا ئەو کارەی کۆمەڵگا ڕادەپەڕێنێت، کە پێغەمبەر دەیکرد و لەسەر خەڵکیش پێویستە گوێڕایەڵ و پابەندی بن". ئەو پێشمەرجانەیش کە بە پێویستی زانیون لە فەقیهەکەدا هەبن، بریتین (ژیری، پێگەیشتن، زیرەکی لە پلان و ڕاییکردن) لەگەڵ دوو مەرجی تایبەتی و سەرەکی (شارەزایی بە یاسای ئیسلامی و دادپەروەری). ئینجا ئەو هەر بەمەش ناوەستێ، بەڵکو بڕیارێکی یەکلاکەرەوە دەدات، کەوا ویلایەتی فەقیە، شوێنهەڵگری هەنگاوەکانی پێغەمبەرایەتی و ئیمامییە.

ئـەو بیرۆکـە و ڕوانگـە تایبەتییـەی کـە (ئیمـام خومەینی) کاری لەسـەر کـرد و تیۆریـزەی کـرد، بناغـەی فیکـری تیـۆری ویلایەتـی فەقیهـە لـە سـەردەمی نوێمانـدا، کـە دوای سـەرکەوتنی شۆڕشـی ئیسـلامیی ئێـران، لـە واقیعـدا، کردییــە بنەمــای حوکمڕانــی و جێبەجێــی کــرد، ئەویــش دەوڵــەت و حوکمڕانییێـک بەرمەبنـای پێشـمەرج و بنەماکانـی قورئـان و سـوننە و یاسـای خودایـی.

## لایەنگر و قوربانی!

بیرۆکــەی پێویســتیی بەشــداری پێکردنــی فەقیــە و پیاوانــی ئاینیــی شیعە لـە پرۆسـەی سیاسـیدا، کـە ئیمـام هێڵـە سـەرەکی و گشـتییەکانی دارشـت، کاردانـەوەی جیـاوازی لەنـاو پیاوانـی ئاینـی و مەرجەعەکانـی شیعە، بـە هـەردوو لایەنـی پشـتیووانیکردن و ڕەتکردنـەوەی، لێکەوتەوە. بەتایبەتـی هەندێکیـان هـەر پێـش دەسـپێکردنی شۆڕشـی ئیسـلامیی ئێـران، لایەنگـر و پشـتیووانی ئـەو بیرۆکەیـە بـوون، ئەگەرچـی لەگـەڵ هاتنــە ســەر تەختــی حکوومەتــی ئیسـلامی، ئــەو مەرجــەع و پیــاوە ئاینییانـە پۆسـتی باڵایشـیان لـە دەسـەڵات وەرگـرت، بـەڵام دواجـار بوونە نێچیـر و قوربانیـی سیاسـەتی پاوانخـوازی و قۆرخـکاری ویلایەتـی فەقیە.

دوای ســەرکەوتنی شــۆڕش و گرتنــە دەســتی دەســەڵات لەلایــەن ئیمـام، هــەر زوو هــەر یەکـە لـە ئایەتـوڵا (مەرعەشـی و گوڵپایگانـی) خانەنشـین کـران. ئایەتـوڵا (مونتـەزەری) لەگـەڵ ئـەوەی سـەرەتا کرایـە جێگـری ئیمـام، کەچـی دواتـر لایـدا، (شـەریعەتمەداری) کـە زۆر بەهێـز بـوو، بـە بیانـووی ئـەوەی کـە (حەسـەنییە) لێـی درا و دوور خرایـەوە. کۆمەڵێـک مـەلای دیکەیـش بـە نـاوی ئـەوەی لایەنگـری شـا بـوون، درانـە دادگا. ئـەوکات دادگایـەک بـە نـاوی (دادگای مـەلاکان) دامـەزرا، ئـەو مەلایانـەی دەدرانـە دادگاکـە، وەک چـۆن لـە کاتـی دادگاییکردنـی ئەفسـەرێکی سـەربازیدا، کڵاو و پلە سـەربازییەکەی لەسـەر سـەر و شـان لا دەدرێـت، ئـاوا سـەرەتا عەمامەکانیـان لەسـەری ئـەو مەلایانـە لادەدان (ئەمـە شـتێکی نـوێ بـوو لـە جیهانـی ئیسـلامیدا)، ئیتـر بـۆ ئـەوەی

فلان و فیسار مەلا و ئایەتوڵا و مەرجەع، ئەم و ئەو بەلای خۆیاندا ڕانەکێشن، ئیمام هەر زوو هێزی بەسیجی دامەزراند و دوای ئەوەش هات و سوپای پاسدارانی تایبەت بە خۆی دامەزراند.

(ئایەتوڵا حوسێن عەلی مونتەزەری) یەکێک بوو لە مەرجەعە دیارەکان، کە بە ئاشکرایی و ڕاشکاوی لە کتێبەکەی خۆیدا بەناوی (دراسات في ولاية الفقيه وفقه الدولة الإسلامية) پشتگیریی خۆی بۆ تیۆری ویلایەتی فەقیە لە حوکمڕانیدا دەربڕی. وەک لە کتێبەکەیدا هاتووە " ویلایەت و بەڕێوەبردنی کاروباری مووسڵمانان و وڵاتەکانیان، یەکێکە لە گرنگترین فەڕیزەکان. چونکە تاکە ئامرازە بۆ چەسپاندنی دادپەروەری و جێبەجێکردنی تەواوی فەڕیزە ئیسلامییەکانی دیکە. بۆیە خۆدزینەوە لەم ئەرکە و ڕێگادان بەوەی ستەمکار و بەکرێگیراوانی گومڕاکان و گەندەڵکاران کاروباری مووسڵمانان و وڵاتەکانیان بەڕێوە ببەن، ستەمێکی گەورەیە لە ئیسلام و مووسڵمانان دەکرێت". جگە لە (مونتەزەری)، تەواوی پیاوانی ئاینی شیعەی ئێران، کە پشتیووانی تیۆرەکە بوون و لایەنگیرییان کرد، هاوکات لە دەرەوەی ئێرانیش، ژمارەیەک مەرجەع و پیاوی ئاینی شیعە چوونە ئەو بەرەی لایەنگیرییە.

وەک چۆن دەڵێن (جادووەکە بەسەر سەری جادووگەرەکەدا شکایەوە)، بە هەمان شێوە، زۆربەی مەرجەعە دیار و پیاوە ئاینییە بەناوبانگەکانی شیعەی ناو ئێران، کە پشتیووانی شۆڕش و ویلایەتی فەقیە بوون و دوای شۆڕش پلە و پۆستی گەورەیشیان وەرگرت، کەچی زۆری نەبرد بە هۆی هەڵوێست و هەڵسوکەوتەکانی ئیمام خومەینی، نەک هەر لەو باوەڕەیان پاشگەز بوونەوە، بەڵکو لە دەسەڵات دوور خرانەوە و خرانە ژێر چاودێریی توند. بۆ نموونە، (مونتەزەری) کە دوای شۆڕش وەک شوێنگرەوەی خومەینی و جێگری

ڕابـەری گشـتیی شـۆڕش هەڵبژێـردرا، بـە هـۆی ئـەوەی دژی شـێوازی ئیمـام لـە پیادەکردنـی ڕەهاگەرانـەی دەسـەڵات و کۆنترۆڵکردنـی تـەواوی جومگەکانـی حوکمڕانیـی وڵات وەسـتایەوە، لـە پۆسـتەکەی دوور خرایـەوە و لـە ماڵـەوەی خۆیـدا وەک زیندانییێـک خرایـە ژێـر چاودێریـی تونـد. ئەمە چارەنووسـی ئایەتـوڵای گەورە (شـەریعەتمەداری)یش بـوو، لەکاتێکدا ئەو مەرجەعـە باڵایـەی شـیعە، یەکێـک بوو لەوانـەی واژۆی لەسـەر قبوڵکردنی نامەکـەی خومەینـی کـرد، کـە بـە هۆیـەوە وەک مەرجەعێکـی باوەڕپێکراو ناسـێندرا. هـاوکات لـە پێشـەنگی ئـەو مەرجـەع و پیـاوە ئاینییانـەی شـیعە بـوو، کـە لـە سـەردەمی شـادا، هەوڵیـان دا خومەینـی لـە زیندان و سـزای لەسـێدارەدان ڕزگار بکـەن، تـا ئـەوەی بـە هـۆی فشـارەکانیانەوە، حکوومەتـی شـاهانە، حوکمەکـەی ئیمامـی بـۆ دوورخسـتنەوە لـە وڵات گـۆڕی. کەچـی لەپـای ڕەخنەگرتنـی لـە ئیمامـی وەلـی فەقیـە، بـە تۆمەتـی هەوڵـی ئەنجامدانـی کودەتـا، شـەریعەتمەداری لـە گۆڕەپانـی سیاسـی و ئاینـی و فیکـری دوور خرایـەوە و هاوشـێوەی (مونتـەزەری)، وەک دەستبەسـەر لـە ماڵـەوەی خـۆی، خرایـە ژێـر چاودێریـی تونـد.

(محەمـەد مەهـدی ئەلشـیرازی) یەکێکـی دیکەیـە لـەو مەرجەعـە شـیعییانەی لایەنگـر و پشـتیووانی شۆڕشـەکەی خومەینـی بـوو، کەچـی دوای ماوەیـەک لـە حوکمـی ویلایەتـی فەقیـە، جیـاوازی و ناکۆکـی کەوتـە نێـوان ئـەو و ئیمـام. بەتایبەتـی کـە ئـەو پێیوابـوو ویلایەتـی فەقیـە، یـان ڕاسـتتر بڵێیـن، دەسـەڵاتی ویلایەتـی فەقیـە، نابـێ لـە دەسـتی تەنیـا مەرجـەع و فەقیهێکدا کـۆ بکرێتـەوە، بەڵکـو دەبـێ دەسـەڵاتەکە لەلایـەن تـەواوی مەرجـەع و فەقیـە و پیـاوە ئاینییەکانـدا بەڕێـوە ببرێـت، هـەر ئەویـش بـوو چەمکـی (شـورای فەقیهـەکان)ی داهێنـا، کـە ئەمـەش قبـوڵ نەکـراو و ڕەت کـراوە بـوو، چونکـە (ئیمـام خومەینـی) وەک هەرەمـی دەسـەڵاتی سیاسـی و ئاینیـی ئێـران، تەنانـەت وەک خـودی

دەوڵـەت و دەسـەڵات، دژی دابەشـکردنی فەرمانڕەوایەتـی و دەسـەڵات و بەڕێوەبردنـی دەوڵـەت بـوو لەنـاو مەرجـەع و فەقیهەکانـدا. ئیـدی ئـەم هەڵوێسـتەی (شـیرازی)یش سـەری خـوارد و ڕێـگا و مافـی وانەوتنـەوە و هاتنـەدەرەوەی لـە مـاڵ لـێ قەدەغـە کرا و هـەر لەو دۆخی دەستبەسـەری و چاودێریکردنەیـدا، لــە کونجـی ماڵــەوە، بــە تەنیایـی و گۆشــەگیری مایـەوە، تـا کاتـی مردنـی لـە سـاڵی (٢٠٠١).

ئـەم دۆخـی بەرهەڵسـتکاری و ڕەتکردنەوەیـەی ویلایەتـی فەقیـە، هـەر تەنیـا مەرجـەع و پیـاوە ئاینییەکانـی ئێرانـی نەگرتـەوە، بەڵکـو مەرجەعەکانـی شـیعە و پیـاوە ئاینییەکانیـان لـە وڵاتانـی دیکـەش، دژی وەسـتانەوە و پێیانوابـوو ئەمـە دەرچوونـە لـە هێڵـە سیاسـییە بنەڕەتـی و گشـتییەکانی شـیعەگەریی سـوننەتی و دەسـتدرێژیکردنە بـۆ سـەر دەسـەڵاتی ئیمامـی چاوەڕوانکـراو. هۆکارێکـی دیکـەی ڕەتکردنـەوەی مەرجەعـە شـیعییەکانی جیهانیـی شـیعە بـۆ ویلایەتی فەقیە، مەترسـییان بـوو لـەوەی کـە تـاران بـە نـاوی ویلایەتـی فەقیهـەوە، کۆنترۆڵـی تـەواوی جیهانـی شـیعە بـکات و ببێتـە چەقـی بڕیـاری سیاسـی و ئاینیـی شـیعە. لەوانەیـش کـە لـە دەرەوەی ئێـران بـە سـەختی دژی ئـەم قۆرخـکاری و پاوانخوازییـەی ویلایەتـی فەقیـە وەسـتانەوە، مەرجەعەکانـی کەربـەلا و نەجـەف بـوون، بەتایبەتـی (ئەبولقاسـم ئەلخوئـی، ئەلحەکیـم و سیسـتانی)، ئەمـەو لەگـەڵ ژمارەیـەک مەرجەعـی دیـار و پیـاوی ئاینیـی ناسـراوی شـیعەی لبنـان، لەوانـەش (فەزڵوڵـلا و ئەلعاملـی).

## شیعەی ئیخوانی، وەهابیی شیعە!

ڕەنگـە خوێنەرێـک کـە ئـاگاداری ململانێیەکانـی نێـوان ئێـران و سـعوودیە نەبێـت، بـە لایـەوە سـەیر بێـت، کـە چـۆن دەبـێ کەسـێک شـیعە بێـت و ئیخوانـی بێـت، یـان چۆن دەچێتـە عەڵەوە کە ئیخوانییێکی شـیعە هەبێت، چونکـە دوور نییـە ئـەو خوێنـەرە ئـاگاداری ئـەو ڕاسـتییە مێژووییـەش نەبـێ، کـە (محەمـەدی کـوڕی عەبدولوەهـاب) لـە حەوزەکانـی بەسـڕە و ئیسـفەهان وانـەی خوێنـدووە و هەر لەژێر کاریگەریی شیعەشـدا، مەزهەبی (وەهابییـەت)ی دامەزرانـدووە. ئـەی چۆنـە ئەگـەر بڵێیـن کوشـتنی (نمر) لـە سـعوودیە بـە قازانجـی ئێـران شـکایەوە، چونکـە لایەنگـری ویلایەتـی فەقیـە نەبـوو؟

دەی ئـەم وردە شـتانە، نهێنیگەلـی ڕاسـتەقینەی نـاو جیهانـی شـاراوە و پەنهانـی شـیعەن. نهێنیـی ئـەوەی، کـە بەرژەوەندیـی سیاسـی، گرووپەگەرایـی و ئابـووری، دواجـار لـە تاریکیـدا یـەک دەگـرن و هـەر یەکەیشـیان بـە ڕەنگێکـەوە دێتـەوە بـەر ڕووناکـی و خـۆی لەنـاو خەڵکدا نمایـش دەکات!

هەرچـی پێوەندیـی بـە شـیعە و ئیخوانـەوە هەیـە، بۆ مێـژوو، هەرگیزا و هەرگیـز (ئیمـام خومەینـی) هـاوکاری ئیخوانـی نەکـردووە، بـەڵام خەڵکـی دیکـە لـە ئێـران هەبـوون و هـەن، کـە هاوکاریـی ئیخوانیـان کـردووە. ئایـا خوێنـەری ئـەم نووسـینە دەزانێـت جیاوازیـی نێـوان خامەنەئـی و ڕەفسـەنجانی چییـە؟

یەکەمیـان لـە سـەردەمی شـادا و لەژێر کاریگەریی ئیخوانـدا، کتێبەکانی

(سـەید قوتـب)ی وەردەگێرایـە سـەر فارسـی، کەچـی دووەمیـان، کـە کتێبـی (ئەمیـر کەبیـر)ی نووسـیوە، جەخـت لەسـەر مەزنیـی ئێـران و ناسـیونالیزمی ئێرانـی و پـان ئێرانچێتـی دەکاتـەوە. کەچـی دواتـر (خومەینـی) دێـت و هەردووکیـان لەژێـر یـەک چەتـردا کـۆ دەکاتـەوە، بـەڵام ئاکامەکـە چـی بـوو؟

بۆیە پێویسـتە پاشـخانی بیرکردنەوە و ڕەگ و هێڵی بەرژەوەندییەکانی هەریـەک لـە ئایەتـوڵا و مەرجەعـەکان بزانیـن، بـۆ ئـەوەی ورد و دروسـتتر لـە شـیعە بگەین.

بۆیـە نزیکبوونـەوە لـە سـوننەی ئیخوانـی (کـە قسـەی زۆر هەیـە ئێـران دەسـتی لـە دروسـتکردنی داعشـدا هەیـە)، خامەنەئـی پشـتیووانی ئـەم جـۆرە بیرکردنـەوە و ئاراسـتەیەیە. تەنانـەت حزبێـک هەبـووە کە بەشـێک بـووە لـە ئیخوانـەکان، ئـەوەی نـواب سـەفەوی، کـە فیدائیـان ئیسـلامی دامەزرانـد (لـە کۆبوونەوەیەکـی ئیخـوان لـە ئـوردن بەشـدار و ئامـادە بوونـە). ئەوانـە بەشـێکی کاریگەریـی ئیخـوان موسـلمین بوون و شـیعەش بـوون، حوجەتولئیسـلامێک سـەرکردایەتی دەکـردن، کـە ئایەتوڵا کاشـانی بەرگـری لـێ دەکـرد. بۆیـە بـا سـەرچیخ نەچیـن و پێمان وابێـت یەکگرتوو و بزووتنـەوە و کۆمـەڵ و کـێ و کـێ چونکـە ئیخوانـن و سـوننەن لەگـەڵ ئێرانـدا نیـن، چونکـە هێڵێکـی گـەورەی ئیخوانـی لـە ئێـران هەیـە. دەی بـۆ دەبـێ خامەنەئـی کتێبەکانـی سـەید قوتـب وەربگێـڕێ، ئەگـەر ئیخوانـی نەبێـت؟ بـەڵام ئیخوانییێکـە بـە بەرگێکـی، یـان لەسـەر شـێوازی شـیعە. بۆیـە پێکـدادان لەگـەڵ ئیخوانییەکانی خامەنەئـی و ئێرانچییەکانی ڕەفسـەنجانی ڕوویـدا و توانـی ئێرانچییـەکان دوور بخاتـەوە و لایـان بـدات. لەشـکری قـودس کـە دادەمـەزرێ، بەرمەبنـای فیکـری ئیخوانـی خامەنەئی دروسـت دەبـێ. بۆیـە بەشـێک لـەو حزبانـەی لـە عێـراق و لـە کوردسـتان کـە ئیخوانیـن و سـوننەن، دەبـێ لێیـان بترسـێیت کـە پیـاوی ئێـران

بن. بەداخەوە تا ئێستا ئێمە وەک کورد هیچ لێکۆڵینەوەیەکمان لەو بارەیە نەکردووە، بۆ نموونە تا ئێستا ماستەرێکمان لەسەر حەوزە نییە. دەزانی دوو کەس حەوزەی زانستی قومیان دامەزراندووە، ئەوانیش (خاڵسی و حائری)ن. کە دووەمیان خەزووری خومەینییە، ئێمە ئەوەندە بێئاگاین، بۆیە پێمان سەیرە چۆن سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، کە سوننی و ئیخوانییە، دژی کورد بڕیار دەر دەکات، بەڵام لەبیرمان دەچێت، کە خامەنەئی ڕەگێکی ئیخوانی هەیە. مەگەر بەشی ئەوە ئاگادار نین، کە ئیخوان هاوکاربووە لەگەڵ گشتاپۆ، لەگەڵ هیتلەر، دواتریش دەستی لەگەڵ ئینگلیزیش تێکەڵ کردووە، ئەی ئەوە چ شتێکە وا لە جەمال عەبدولناسری ئیخوانی دەکات، ببێتە دوژمنی ئیخوان و ئیخوانییەکان؟

ئەوانە کۆمەڵێک پرسیاری جیددین، کە دەشێ بۆ وەرگرتنەوەی وەڵامەکانیان، بۆ شوێنکاتی دیکە، جێیان بهێڵین.

بەهەرحاڵ، ئێستا شا محەممەد کوڕی سەلمان زیرەکانە خۆی لە شیعەکانی وڵاتەکەی نزیک کردۆتەوە و هاوکاری و پشتگیری ئایەتوڵلایەک دەکات، کە بڕوای بە ویلایەتی فەقیە نییە و بە ئاراستەی وەهابیەت کار لەسەر شیعەکان دەکات.

## شیعە و تراژیدیا!

لــە ڕۆژگاری ئەمڕۆمانــدا ســەنگەری دواوەی شــیعە، پاکســتانە، دوای ئەویش، هینـد دێت (کـە شـیعەیەکی زۆری لێیـە). بۆیـە ئـەو شـەڕانەی ئێسـتا لـەو ناوچانـەدا دەکرێـن، کـە گوایـە شـەڕی شـیعە و سـوننەن، لـە بنەڕەتـدا شـەڕی بـە وەکالەتـن. شـیعە بـە دەسـتی ئەنقەسـت وا دەکات، ئەمـەش بـۆ ئەوەیەتـی، تـا جیهانـی شیعە بـە گشـتی بوروژێنـن، کەچـی نەزانـی و هەڵـە و توندڕۆیـی سـوننە ئەوەیـە، کـە دەیـەوێ تراژیدیـا بـۆ شـیعە دروسـت بـکات. بۆمبێـک لـە قەرەباڵغیـدا دەتەقێنێتـەوە، یـان کەسـێک، یاخـۆ ئۆتۆمبێلێکـی بۆمبڕێژکـراو لـە بـەردەم حوسـەینییەیەکدا دەتەقێنێتـەوە. لـە ڕاسـتیدا ئـەوە بـە کەڵـک و سـوود و قازانجـی شـیعە خـۆی تـەواو دەبێـت. یـان ڕاسـتتر بڵێیـن، خزمەتـی بەرژەوەندییەکانـی ئـەو ئایەتوڵایـە دەکات، کـە لـە پشـتی پرسـەکەیە، یـان لـەو شـوێنەیە.

بـەو پێیـەی شـیعە بـەردەوام لەنـاو تراژیدیـادا خۆشووناسـی خـۆی وەبەردێنێتـەوە، بۆیەشـە شـتێکی سـەیر و نامـۆ نییـە، کـە هەمـوو ئایەتوڵـلا مەزنەکانـی شـیعە لەسـەر تراژیدیـا ڕێـک کەوتـوون، ئەویـش نیشـاندانی بەردەوامـی مەزڵومیەتـی حوسـەینە. دیـارە ئەمـەش شـتێک نییـە هەرگیـز سازشـی لەسـەر بکـەن، چونکـە بنەمـا و بناغـەی نـان و خوانیـان لەسـەر ئەمەیـە.

بـە شـێوەیەکی گشـتی، لەنـاو ئـەو سیسـتەمەدا سـوود لـە تراژیدیـا وەرگیـراوە و شـیعە سـوود لـە تراژیدیـا وەردەگـرن. تراژیدیـا بـۆ جیهانـی شـیعە، زیـان نییـە، بـە پێچەوانـەوە، هێـزی بەردەوامـی و مانەوەیـە. بۆیە

ئەگـەر ئێسـتا سـوننە هەمـوو حـەوزە و حوسـەینییەکانیان بتەقێننـەوە، گەورەتریـن هەڵەیـە دەیکـەن، چونکـە تراژیدیایـان بـۆ دروسـت دەکـەن، تراژیدیـاش گیانـی بەرەنگاربوونەوەیـان تێـدا پتـەو دەکات، هەرلەبـەر ئەوەیشـە، کـە زۆرتریـن پـارەی شـیعە لـە ڕێوڕەسـم و سـرووتە تراژیدیاییەکانیانـدا خـەرج دەکرێـت.

بـە مانایەکـی ڕۆشـنتر، یەکێـک لـە پایە سـەرەکی و کۆڵەگـە گرنگەکانی مانـەوە و بەردەوامیـی شـیعە، تراژیدیایە. بەوپێیەی شـیعە هەمیشـە لەناو تراژیدیـادا خـۆی بەرهـەم دێنێتـەوە. لـەو پێناوەشـدا بـە ملیۆنـان دۆلار خـەرج دەکات. بۆیـە ئەوپـەڕی گەمژەیـی سـوننە (بەتایبەتـی ڕێکخـراوە تیرۆریسـتییەکانیان) نیشـان دەدات، کاتێـک پەنـا بـۆ تەقاندنـەوەی حوسـەینییەیەک لـە عێـراق، یـان لـە وڵاتانـی دیکـەی شیعەنشـین دەبەن.

بـە کورتـی و بەپوختـی، تراژیدیـا و حوسـێن لـە شـیعە بسـتێننەوە، دەبنـە ئـاردی نـاو دڕک.

## لە نێوان خامەنەئی و سیستانیدا!

بـە ماوەیەکـی زۆر کـەم دوای ڕووخاندنـی بەعـس، کێشـە و ناکۆکیـی نێـوان هـەردوو حـەوزەی نەجـەف و قـوم، بـە شـێوەی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ، بەهێزتـر لـە جـاران سـەری هەڵدایـەوە. نەجەفێـک کـە هەمیشـە وەک پایتەخـت و چەقـی حـەوزەی شـیعەکان ناسـرا بـوو، لەلایـەک بـە هـۆی سیاسـەتەکانی بەعس، ئـەو ڕۆڵـە سیاسـی و ئاینییەی جارانـی لەدەسـت دا بـوو. لەلایەکـی دیکـە و لـە سـەردەمی (ئیمـام خومەینـی)دا، کـە دەوڵـەت بریتـی بـوو لـە مەرجەعیـەت و وەلـی فەقیـە، یـان حـەوزە و ڕابـەر. ئیتـر ئەمـە ئەوەنـدەی تـر دەسـتی حـەوزەی قومـی واڵا کـرد، بـۆ ئـەوەی کار لەسـەر بنکۆڵکردنـی مەرجەعیەتـی نەجـەف و سـەپاندنی گوتـار و فەتـوا و بڕیارەکانـی خـۆی بـکات.

لەڕاسـتیدا هۆکارگەلێکـی دیکەیـش هەبـوون، کـە دەرفەتیـان دایـە حـەوزەی قـوم، ڕۆڵـی سـەرکردایەتی و پێشـەنگی دنیـای شـیعە بگێڕێت و نـەک تەنیـا حـەوزەی نەجـەف، بەڵکـو خـۆی بـە ئەلتەرناتیـڤ و ڕیـش سـپی تـەواوی حـەوزە و قوتابخانـە ئاینییەکانـی شـیعە لـە جیهانـی ئیسـلامی و هەنـدێ وڵاتـی دیکەیشـدا بزانێـت. لەوانـەش، ئـەو مامەڵـە زبر و توندەی کـە بەعـس لـە مـاوەی حوکمڕانێتیـی خۆیـدا لەگـەڵ نەجـەف، وەک سـیمبولی ئاینـی شـیعەکان کـردی. هەروەهـا سـەرهەڵگرتنی دەیـان کەسـایەتی و مەرجەعـی ئاینـی و سـەدان و بگـرە هـەزاران قوتابیـی حـەوزەی نەجـەف بـۆ ئێـران. هـاوکات بوونـی ئێـران بـە دەوڵەتـی ئـەو مەلایانـەی دەسـەڵات و ڕەوایـی فەتوادانیـان تەنیـا لـە ویلایەتـی فەقیهدا

قەتیس و قۆرخ کرد.

حەوزەی زانستیی قوم، ئەگەرچی لە رووخساردا ئامانجەکەی بەدەستخستنی زانست و زانیارییە لە بواری لێکۆڵینەوە لە فیقە و فەرمووده و ئەو بابەتانەی پێوەندییان بە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی موجتەهیدەوە هەیە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا و بە درێژایی مێژووی خۆی و تا ئەمڕۆ، گەلێک رۆڵی نهێنی و شاراوەی گێڕاوە و دەگێڕێت، لەوانە قووڵکردنەوەی ململانێ تائیفییەکان، پشتیوانیکردنی ماددی و مەعنەوی میلیشیا شیعییەکان، بەسەربازکردنی خەڵک لە ناوچەکانی شەڕ و ململانێ (سووریا، عێراق، لبنان و یەمەن وەک نموونە).

بە بۆچوونی (ئەیاد جەمالوددین) کە پیاوێکی ئاینیی شیعە و نووسەرێکی عێراقییە، شیعە بیرۆکەی ویلایەتی فەقیهی لە فیقهی سوننە وەرگرتووە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، جیاوازییەکی زۆر لە نێوان هەردوو فۆرم و ناوەڕۆکی ویلایەتی فەقیهدا (خومەینی و سیستانی)دا هەیە. بەو پێیەی یەکەمیان باوەڕی بەوە هەیە، کە فەقیە ویلایەت و دەسەڵاتی بەسەر خودی فیقهیشدا هەیە و دەتوانێ تێکستە شەرعییەکان هەڵبوەشێنێتەوە و بیانگۆڕێ و لە شوێنیاندا شەرعێکی نوێ بنووسێتەوە و دابنێ. هەرچی دووەمیانە (کە تا ئێستاش هەمان ناکۆکی و جیاوازی لەگەڵ خامەنەئیدا هەیە)، باوەڕی بەوە هەیە، کە فەقیە تەنیا شرۆڤەکاری فیقە و شیکەرەوەی هەڵوێست و بابەتە شەرعییەکانە.

ئەم جیاوازییە لە تێڕوانین و ڕوانگەی شیعە بۆ ڕۆڵی مەرجەع، ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی لەسەر کرۆکی مەرجەعیەت داوەتەوە، بەتایبەتی لە بواری ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و سیاسیی مەرجەعدا. دیارە ئەم جیاوازی و ناکۆکییەش لە تێڕوانین بۆ ڕۆڵ و پێگەی مەرجەع

لەناو شیعەکاندا، تەنیا پێوەندی بە جیاوازیی جیۆگرافی و ژینگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی شیعەوە نییە، بەڵکو گرێدراوی ئەو جیاوازی و ناکۆکییە مێژووییەیە، کە لە تێڕوانینی فەقیە و پیاوانی ئاینیی شیعەدا هەیە لەبارەی پرسەکانی حوکمڕانی و دەوڵەتداری. هەروەها پێوەندی بە دوو بابەتی گرنگی ناو فیکری شیعەوە هەیە، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شای پەهلەوی، ئەوانیش بریتین لە (مەیلی فیقهی زەینی- قەتیسکردنی ڕۆڵی مەرجەع لە کاروباری پەرستش و شەرع) لەگەڵ (مەیلی فیقهی زانستی- ململانێکردنی حوکمڕان و دەسەڵاتدار و لێپرسینەوەی)

بۆ نموونە، (فەزڵوڵڵا- ١٩٣٥- ٢٠١٠)ی لبنان، پێگەیشتنی فیقهی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و چالاکی و لایەنی ڕەوشت و ویژدان و ڕۆحی، بە مەرج دەزانێ، کە پێویستە لە مەرجەعدا هەبن. کەچی (سیستانی - ١٩٣٠)، کە یەکێکە لەو مەرجەعە شیعییانەی لەم ڕۆژگارەدا زۆرترین شوێنکەوتە و لایەنگری لە جیهانی شیعەدا هەیە، تەنیا پێگەیشتنی فیقهی و لایەنی ڕەوشت و ویژدان و ڕۆح بە مەرج دادەنێ، کە دەبێ لە مەرجەعدا هەبن. واتە ئەو لایەنی پێگەیشتنی سیاسی و چالاکی فەرامۆش کردووە.

هەمان ئەو جیاوازیی تێڕوانینە بۆ ڕۆڵی مەرجەع لەناو فیکری شیعەدا، لەناو ڕوانگەی شیعەش بۆ تیۆری، یان سیستەمی ویلایەتی فەقیە هەیە. بۆ نموونە، (ئیمام خومەینی) بانگەشەی دەسەڵاتی ڕەهای بۆ وەلی فەقیە دەکرد، کەچی گەورە مەرجەعی شیعە (سەید موحسین ئەلحەکیم) لایەنگر و پشتیووانیی سنووردارکردنی دەسەڵاتی وەلی فەقیە بوو. هەمان ئەم ناکۆکی و جیاوازییە لەبارەی جۆر و ڕۆڵی حەوزە لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا لە نێوان مەرجەعە ئاینییەکانی شیعە زەق بووەوە. بە جۆرێک (سەید

محەمەد باقر ئەلسەدر) باوەڕی بە حەوزەی ڕەشید، یان حەوزەی قسەکەر و بزۆز هەبوو، حەوزەیەک لە ئاستی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا کارا و چالاک بێت، کەچی هەریەکە لە (سەید موحسین ئەلحەکیم و ئەلخوئی)، پشتیووانی حەوزەی بێدەنگ بوون، حەوزەیەک کە تەنیا کاری پەرستش و کۆکردنەوەی پارەی شەرعی (خومس) بێت و تخوونی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا نەکەوێت. هەر ئەو هەڵوێست و ڕوانگەیەش بوو، بووە هۆی ئەوەی (سەدر) بە گیانی خۆی باج بدا و دوای ئەو (سەدری دووەم)یشی کردە قوربانی.

تاران، یان ڕاست و ڕوونتر بڵێین قوم، بۆ ئەوەی باری تەرازووی ململانێکەی لەگەڵ نەجەفدا بە قازانجی خۆی بشکێنێتەوە، جگە لە پەنابردن بۆ شیعەی سووریا، حزبوڵای لبنانیشی هێنایە سەنگەری خۆی. شەڕ و ڕووداوەکانی سووریا و هاوسەنگەریی تاران و دیمەشق لەو شەڕەدا و هاتنەوە ناوەوەی حزبوڵای لبنانیش بۆ بەرەکە، هێندەی تر ململانێ و ناکۆکیی تائیفی لە ناوچەکە قووڵ و خەست کردەوە. تا ئەو ئاستەی شەڕی سووریا هۆکارێک بوو لە جەمسەرگرتنێکی تائیفی ئاشکرا لە ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەمە لەکاتێکدا بوو کە سەرەڕای دەستتێوەردانی ئێران لە کاروباری سیاسی و ئاینی عێراق لە دوای ڕووخاندنی بەعس، بەڵام نەیتوانی باوەڕ بە حەوزەی نەجەف و بە تایبەتیش بە گەورە مەرجەعی شیعی باڵای عێراق (سیستانی) بهێنێت، بەوەی ببێتە بەشێک لە شەڕێکی سیاسی، کە بە زۆر هەوڵ دەدرێ بەرگێکی ئاینی و مەزهەبی بەبەردا بکرێت. ئەم جیاوازی و ناکۆکییەی نێوان نەجەف و قومیش بە پلەی یەکەم گرێدراوی (خومس) و ئەو دەسەڵاتەی بەرهەمی دەهێنێت هەیە، هەروەها پەیوەستی ئەو جیاوازیی تێڕوانینەیە، کە لە پەیوەست بە چەمک و تێزی ویلایەتی فەقیهدا ئاماژەمان بۆی

کـرد. بـەو پێیـەی مەرجەعەکـەی عێـراق دژی ویلایەتـی فەقیهـە، کـە حـەوزە و مەرجەعـی قـوم لـە سـەروو هەرەمـی دەسـەلاتی سیاسـی و ئاینیـی جیهانـی شـیعەوە بێـت.

## حزب وەك دەمامکی حەوزە!

ئـەو ململانێیـەی کـە تیـۆری ویلایەتـی فەقیـە لەگـەڵ خۆیـدا هێنـای و تـا ئەمـڕۆ بەردەوامـە، وێناچـێ تـا هەتایـەش ببڕێتـەوە، چونکـە پێوەنـدی بـەو ویسـت و مەیـل و ئامانجـەوە هەیـە، کـە ئاخـۆ دەبـێ کام حەوزەیـە و کام مەرجەعە، سـەردار و سـەروەر، پێشـەنگ و پێشـڕەو و سـەرکردایەتی هەمـوو شـیعەی دنیـا بـن و بکـەن؟ واتـە ململانێـی ئەمـڕۆی نێـوان (خامەنەئـی و سیسـتانی)یش، درێژکـراوەی ئـەم مێژووەیـە، وەک چـۆن ململانێـی یەکـەم لەگـەڵ (فەزڵوڵـڵا)ی لبنانیـش هـەر لەسـەر ئەمـە بـوو، ئەمـەو سـەرەڕای ئـەوەی کـە (نەسـڕوڵڵا) لایەنگیـری و پشـتیوانێکی سەرسـەختی ویلایەتـی فەقیهـە. بـە کـوردی و بـە کورتـی، ئامانجـی سـەرەکی قـوم ئەوەیـە، کـە ببێتـە (فاتیـکان)ی شـیعە لـە جیهانـی شـیعەدا، ئـەو چـەق و سـەنتەر، ئەوانـی دیکـەش هەمـوو شـوێنکەوتە و پاشـکۆ بـن.

ئیتـر وەک چـۆن لـە لبنـان و کوێـت و سـعوودیە، ئێـران بـە دەمامکـی حزبـوڵا چـووە نـاو گۆڕەپانـی ململانێـی سیاسـی و ئاینیـی ئـەو وڵاتانـە، ئـاواش هـەر زوو لـە ڕێـگای چەنـد حزبێـک و کەسـایەتییێکی سیاسـییەوە، هاتـە نـاو ژیانـی سیاسـی و ئاینیـی دنیـای شـیعە لـە عێراقدا. بـە جۆرێک کـە ئێسـتا مرۆڤـی وردبیـن و بـە ئـاگا و چاودێـر بەسـەر ڕووداوەکان و ئاراسـتەی ململانێـکان، زۆر بـە ئاسـانی لەسـەر گۆڕەپانـی سیاسـیی عێراقـدا و بەرمەبنـای گوتـار و هەنـگاو و هەڵوێسـتەکانیان، دەتوانـێ حزبە شـیعییە پاشـکۆ و سـێبەرەکانی ئێـران و ئـەو حزبـە شـیعیانەیش، کـە

عێراقیانە کار دەکەن، لە یەکتری جیا بکاتەوە و هەڵاوێریان بکات (ئەوە بۆ دۆخی یەمەن و بەحرێنی دوای بەهاری عەرەبیش ڕاستە). واتە زۆر بە ڕوونی هەست بەوە دەکرێ و دەبیندرێت، کەوا هەر یەکە لە ( ئەنجوومەنی بالآی شۆڕشی ئیسلامی، ڕەوتی سەدر، بەشێکی حزبی دەعوە باڵی عەبادی و ڕەوتی حیکمەی عەممار ئەلحەکیم) لە گرووپی دووەم و (حزبی دەعوە- باڵی مالیکی، ڕێکخراوی بەدر) سەر بە گرووپی یەکەمن. بە مانایەکی دیکە، گرووپی یەکەم لە بەرەی (خامەنەئی) و گرووپی دووەم لە بەرەی (سیستانی)ن. دوو گرووپ کە ململانێیەکی توند لەسەر کۆمەڵێک کەیس و دۆسێی سیاسی، ئابووری، تەناهی، هەواڵگری و تەنانەت کولتووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیش دەکەن.

تەنانەت ئێران هەر بەوەش نەوەستاوە، بەڵکو بەکارهێنانی پێگە و کاریگەریی ئەو پیاوە ئاینییانەی شیعەی عێراق، کە باوەڕیان بە ویلایەتی فەقیە هەیە و پشتیوانی دەکەن، لەگەڵ پشتیوانیکردنی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و بە تایبەتی (بەدر، عەسائیب، خۆراسانی، حزبوڵا و نوجەبا، کە ددان بە ویلایەت و دەسەڵاتی ئاینیی سیستانیدا نانێن)، دوو لەو چەک و کارتە کاریگەرانەی دیکەی فشاری دەستی ئێرانن، کە لە ڕێگایانەوە هەموو هەوڵێک دەدات بۆ ئەوەی عێراق کۆنترۆڵ بکات. بەتایبەتی میلیشیاکان، کە ئێستا ئامرازی سەرەکیی یەکلاکردنەوەی هاوکێشەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی و ئاینی عیراقن و زۆربەیان جڵەویان بە دەستی ویلایەتی فەقیهەوەیە.

بەو مانایەی کە ویلایەتی فەقیهی ئێران، هەر بەوە نەوەستاوە لەو ململانێیەدا، پەنا وەبەر حزبی سیاسی ببات، بۆ ئەوەی گرەوی ناکۆکییەکە لە دەرەوەی دنیای خۆی، لە ڕکابەر و بەرهەڵستکارە هاومەزهەبەکانی بباتەوە، بەڵکو دۆخی شەڕ و تێکچوونی ئاسایش

و ناسـەقامگیریی سیاسـیی ئـەو وڵاتانەیشـی (بەتایبەتـی لـە عێـراق، سـووریا، یەمـەن و لبنـان) قۆسـتۆەتەوە، بـۆ ئـەوەی لـە ڕێـگای دامەزراندنـی گـرووپ و میلیشـیای چەکـدار و پشـتیووانکردنی مـاددی و مەعنـەوی و لۆجیسـتیان، بەرەیەکـی دیکـەش، وەک کارتـی فشـار لـە بەرامبـەر ناکۆکەکانـی بکاتـەوە، بـۆ ئـەوەی بەهـەر شـێوەیەک بێـت، بیانهێننـە ژێـر بـاری باوەڕهێنـان و پابەندبـوون بـە سیسـتەمی ویلایەتـی فەقیـە و کۆبوونـەوە لەژێـر چەتـری یـەک حـەوزە و مەرجـەع و ڕابـەردا. میلیشـیاکانی حیزبوڵـڵای لبنانـی، حزبـوڵای حیجـاز- سـعوودیە، شـەبیحەکانی سـووریا، حوسـییەکانی یەمـەن و میلیشـیاکانی حەشـدی شـەعبی لـە عێـراق ( کـە بـاس و تـەوەری نووسـینەکەمانن)، زیندووتریـن و نزیکتریـن نموونـەن.

## حەشد وەك ماشەی دەستی وەلی فەقیە!

دوای هاتنــی داعــش و دارمانــی خێــرای ســوپای عێــراق لــە بەرامبــەر هێرشــەکانی ئــەو ڕێکخــراوە تیرۆریســتییە، بــۆ بەرگرتــن بــەو هێرشــانە و ڕووبەڕووبوونــەوەی داعــش، (سیســتانی) لــە ١٣ حوزەیرانــی ٢٠١٤ فەتوای جیهــادی (کیفــاء)ی دەرکــرد، ئەمــەش دەرفەتێــک بــوو بۆ ئــەوەی چەندین میلیشــیا دروســت بــن، یــان ڕاســتتر بڵێیــن لەپێنــاو نیشــاندانی هێــز و ئۆتۆریتــەی جەمــاوەری و عەشــائیری خۆیــان، کۆمەڵێــک ســەرکردەی ئــەو میلیشــیا شــیعییانەی بــە ســاڵانێکی زۆر پێــش ئــەو فەتوایــە دامەزرابــوون (فەیلەقــی بــەدر و ســوپای مەهــدی وەک نموونــە)، هەلەکەیــان قۆســتەوە و لــەو میلیشــیا ســەرەکییانە جیــا بوونــەوە و گرووپــی تایبــەت بــە خۆیــان دامەزرانــد. بــەو مانایــەی، میلیشــیاکانی حەشــدی شــەعبی، کــە ئێســتا ژمارەیــان زیاتــر لــە ٦٧ گــرووپ دەبێــت، زادەی فەتواکــەی (سیســتانی) نەبــوون، بەڵکــو گــرووپ و لــق و پۆپــی میلیشــیاکانی پێشــووتر بــوون، بــۆ ئــەوەی ســەرکردە و فەرماندەکانیــان ئاســتی دڵســۆزی و پابەندبوونــی خۆیــان بــۆ مەرجــەع و ویلایەتــی فەقیــە پیشــان بــدەن و هەروەهــا دەســکەوت و ئیمتیازاتــی سیاســیش لــە حکوومەتــی عێــراق بچننــەوە، جیابوونــەوە و بوونــە هێــزی ســەربەخۆ.

ژمــارەی چەکدارەکانــی ئــەو گــرووپ و میلیشــیایانە، کــە زۆربــەی هــەرە زۆریــان پابەنــد و گوێڕایەڵــی بڕیــار و فەرمانەکانــی وەلــی فەقیــە و (خامەنەئــی)ن و ڕاســتەوخۆ، یــان ناڕاســتەوخۆ، تــەواوی پاڵپشــتیی مــاددی و مەعنــەوی لــە ئێــران وەردەگــرن، ســەدان هــەزار کــەس دەبێــت.

لەناویاندا میلیشیای گەورە و کاریگەر و گرووپی چەکداریی مامناوەند و بچووکیش هەن، کە هەریەکەیان لە سنوورێکی جیۆگرافیی دیاریکراوی شار و ناوچەکانی عێراقدا باڵادەستن.

دیارترین و کاریگەرترین گرووپ و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی بریتین لە (سەرایا سەلام، ڕێکخراوی بەدر، کەتائیبی حزبوڵای عێراق، عەسائیب ئەهلولحەق، بزووتنەوەی نوجەبا، کەتائیبی سەیدلشوهەدا، سەرایای جیهاد و بونیادنانەوە، کەتائیبی ڕەوتی ڕیسالی، سەرایای خۆراسانی و سەرایای عاشوورا). هاوکات گرووپ و میلیشیای دیکەش هەن، کە ئەرکیان پاراستنی مەزارگە و شوێنە ئاینییەکانی شیعەیە و بە سەرایای مەزارگە و شوێنە پیرۆزەکان ناودەبرێن و لە (سەرایای عەتەبەی عەباسی، بە فەرماندەیی شێخ مەیسەم)و (سەرایای عەتەبەی عەلەوی، بە فەرماندەیی شێخ کەریم) و سەرایای عەتەبەی حوسەینی، بە فەرماندەیی شێخ مەهدی) پێکهاتوون، کە بۆ زیاتر بەرچاوڕوونیی خوێنەر، هەوڵ دەدەین لە خوارەوەدا زۆر بە کورتی، لەسەر گەورەترین و دیارترین و کاریگەرترینی ئەو میلیشیایانە لەسەر گۆڕەپانی سیاسی و سەربازیی عێراق بدوێین.

یەکەم: سەرایا ئەلسەلام، کە سوپای مەهدیشی پێ دەگوترێ، یەکێکە لە گەورەترین هێزی چەکداری شیعە. ئەو میلیشیایە سەر بە (موقتەدا سەدر)ن و ڕاستەوخۆ فەرمان لەو وەردەگرن و کەمترین کاریگەریی فەرمیی ئێران و عێراقیان بەسەرەوەیە.

دووەم: فەیلەقی بەدر (باڵی سەربازیی ڕێکخراوی بەدر)، کە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە ئێران دامەزراوە، یەکێکە لە

میلیشـیا گرنـگ و کاریگـەرەکان و ئۆتۆریتەیەکـی زۆری جەمـاوەری لەنـاو شـەقامی شـیعەی عێراقـدا هەیـە. (هـادی ئەلعامـری- کەسـایەتیی نزیـک لـە خامەنەئـی و قاسـم سـولەیمانی) کـە ئەمینـداری گشـتی ئـەو هێزەیـە، بـە هـۆی هاوپـەیمانێتـی کردنـی لەگـەڵ (نـووری مالیکـی) لـە سـەرەتای سـاڵی ٢٠١٢ لـە ئەنجوومەنـی بـاڵای ئیسـلامی عێراقـی جیابـووەوە. ئـەم میلیشـیایەش کـە دەیـان هـەزار چەکداری هەیـە، خاوەنی چەکی قورسـە، بـە هـۆی لایەنگیـری و پشـتیوانیی ژمارەیەکـی زۆری ئەفسـەری پلـە بـاڵا بـۆ ئـەو هێـزە، پێوەندیێکـی بەتینـی لەگـەڵ سـوپای عێراقـدا هەیـە.

سـێیەم: کەتائیبـی حزبـوڵای عێـراق، سـاڵی ٢٠٠٧ دامـەزراوە، هێزێکـی تـەواو نهێنییـە و تـا ئێسـتاش سـەرکردە ڕاسـتەقینەکانیان ناسـراو نیـن و تـەواوی پێوەنـدی و هەماهەنگییـان لەگـەڵ ئێرانییـەکان دایـە.

چـوارەم: عەسـائیب ئەهلولحـەق، سـاڵی ٢٠٠٧ و دوای ملنەدانیـان بـۆ بڕیارەکانـی موقتـەدا سـەدر، لـە هەنـاوی سـوپای مەهـدی جیابوونـەوە و هەریەکـە لـە (قەیـس خەزعەلـی- ئەمینداری گشـتی) و (ئەکرەم کەعبی - جێگـری ئەمینـدار) سـەرکردایەتیی دەکـەن. خەزعەلـی کـە لـە موقتـەدا هەڵگەڕایـەوە، قوتابـی باوکـی (موقتـەدا) بـووە و لەسـەر دەسـتی ئـەو پـەروەردە بـووە و پێگەیشـتووە.

لـە دوای سـەرایای سـەلام، لەبـاری ژمـارەی چەکـدار و شـارەزایی و ئەزموونـی سـەربازی و ڕێکخسـتن و دیسـپلینەوە، عەسـائیب بـە دووەم گەورەتریـن میلیشـیا دێـت. عەسـائیب کـە خاوەنـی چەکـی قـورس و مامناوەندییــە و بــۆ چەکــی قورسـیش سـوود لــە ســوپای عێراقــی

وەردەگرێت، کارگـەی دروسـتکردنی مووشەکیشـیان هەیـە و مووشـەکی (ئەشـتەر) بەرهـەم دێنێـت. هاوشـێوەی فەیلەقـی بـەدر، عەسـائیبیش ئینتمـا و پابەنـدی بـێ چەنـد و چوونیـان بـۆ (خامەنەئـی) هەیـە و لـە پێوەندیـی پتـەو دان لەگـەڵ (قاسـم سـولەیمانی- فەرمانـدەی فەیلەقـی قودســی پاسـداران).

پێنجــەم: بزووتنــەوەی حزبــوڵای نوجەبــا (بزووتنــەوەی نوجەبــا)، ئــەو میلیشــیایەن، کــە ســاڵی ٢٠١٣ لــە عەســائیب جیــا بوونــەوە و (ئەکـرەم کەعبـی) سـەرکردایەتییان دەکات. ئـەم میلیشـیایە کـە ژمـارەی چەکدارەکانـی چەنـد هـەزار کەسـێکە، لـە بـاری ئاینییـەوە زۆر تونـدڕۆن و ئەوانیــش گوێڕایــەڵ و بەرفەرمانــی (خامەنەئــی)ن.

شەشــەم: کەتائیبــی سەیدلشــوهەدا، ئــەو هێزەیــە کــە لــە حزبــوڵا جیابــووەوە و (حاجــی وەلا) ئەمینــداری گشــتیی ئــەو میلیشــیایەیە. ژمـارەی چەکدارەکانـی لـە نێـوان ٣ بـۆ ٤ هـەزار کـەس دایـە و زۆربـەی چەکدارەکانیشـی لـە ئاسـتی بەرزی خوێنـدەواری دان و دەرچـوی زانکۆن، تەنانــەت لــە تــەواوی پســپۆرییە ســەربازییەکاندا، کــە پێویســتیان بــە شـارەزایی و زانیـاری و ئاسـتێکی بـەرزی زانسـتی هەیـە، ئەندامیـان هەیـە و هێزیکـە پێوەندییێکـی باشـی لەگـەڵ سـوپای عێراقـدا هەیـە. هەروەهـا بـە هـۆی ئـەو بـڕە خزمەتگوزارییـە کۆمەڵایەتییانـەی پێشکەشـی خەڵکـی دەکـەن، لای شـەقامی عێـراق دڵخـوازن.

حەفتــەم: ســەرایای جیهــاد و بونیادنانــەوە، کــە ســەرەتای ســاڵی ٢٠١١ دامـەزراوە، لـە یەکگرتنـی چەنـد گرووپێکـی نـاو (حزبـوڵای عێـراق،

بزووتنـەوەی سەیدلشـوهەدا و نەهـزەی عێراقـی) پێکهاتـووە. ئەمینـداری گشـتیی ئـەو میلیشـیایە، کـە ژمارەیـان لـە سـەروو ٣ هـەزار چەکـدارە (حەسـەن ئەلسـاری)یە، کـە یەکێکیشـە لـە سـەرکردەکانی ئەنجوومەنـی بـاڵای ئیسـلامی لـە عێـراق و پێوەندییێکـی توندوتۆڵیـان بـە (خامەنەئـی) یـەوە هەیە.

هەشـتەم: کەتائیبـی ڕەوتـی ڕیسـالی، باڵـی سـەربازیی ڕەوتـی ڕیسـالی عێراقییـە، ئەمینـدارە گشـتییەکەی (شـێخ عەدنـان ئەلشـەحمانی)یە و ژمـارەی چەکدارەکانـی ٢ کـەس دەبێـت. ئەلشـەحمانی کـە لـە ڕیزەکانـی حیزبـی دەعـوە دەسـتی بـە کاری سیاسـی و سـەربازی کـرد، لـە سـوپای مەهـدی جیـا بـووەوە و ئـەو هێـزەی دامەزرانـد. ئەلشـەحمانی (ئەلحائری) بـە مەرجەعـی خـۆی دەزانـێ و لایەنگـری (خامەنەئـی)ش دەکات.

نۆیـەم: سـەرایای خۆراسـانی، کـە سـاڵی ٢٠١٣ دامـەزراوە، باڵـی سـەربازیی حزبـی تەڵیعـەی ئیسـلامییە. فەرمانـدەی ئـەم میلیشـیایە، کـە ژمارەکـەی ٣ هـەزار چەکـدارە (حامـد ئەلجەزائری)یـە و ئەمینـداری گشـتیی حزبەکەیشـیان (عەلـی ئەلیاسـری)یە و (خامەنەئـی) بـە مەرجەعـی خۆیـان دەزانـن.

دەیـەم: سـەرایای عاشـوورا، باڵـی سـەربازیی ئەنجوومەنـی بـاڵای ئیسـلامیی عێراقـە، ژمـارەی چەکدارەکانـی لـە سـەروو هـەزار کەسـە. میلیشـیایەکە خاوەن شـارەزایی و ئەزموونی سـەربازی و خاوەن ڕێکخستن و دیسـپلین، کـە هەمـوو ئـەو شـارەزاییەیان پێشـتر لـە ڕێزەکانـی فەیلەقی بـەدر بـۆ ماوەتـەوە.

جگە لەم میلیشیایانەی ناومان بردن، کە گەورەترین و کاریگەرترین میلیشیاکانی شیعەن، لەگەڵ ئەوانەی ئەرکیان پاراستنی مەزارگە و شوێنە ئاینییەکانی شیعەکانە، ژمارەیەکی دیکەی زۆری گرووپ و میلیشیای چەکدار هەن، لەوانە (فەیلەقی وەعدی سادق، لیوای ئەسەدوڵڵای غالب، کەتائیبی ئەلناسرولحوجە، لیوای قارعە، سەرایای زەهرا، سەرایای ئەنسارولعەقیدە، کەتائیبی غەزەب، بزووتنەوەی ئەبدال، لوای مونتەزەر، کەتائیبی درعی شیعە، سوپای ئەلموختار و حزبولای شۆڕگێڕان و...). خاڵێکی گرنگ لەو نێوەدا ئەوەیە، هەر هەموو ئەو میلیشیا و گرووپە چەکدانە، لەژێر چەتر و سایە و سێبەری حەشدی شەعبیدا کۆبوونەتەوە. هەروەها سەرایای سەلامی مەقتەدا و یەک دوو گرووپی دیکەیان لێ دەربچێ، ئەوانی دیکە هەر هەموویان ئینتیما و پابەندی و گوێڕایەڵیان بۆ ئێران و بە دیاریکراویش بۆ (خامەنەئی) و ویلایەتی فەقیهە.

بە گوێرەی ڕای چاودێر و شارەزایان، ئێران لە پشتی ئەم پارچە پارچەکردنەی ڕیزی میلیشیا شیعییەکانی عێراقە، ئامانجیشی لەمە ئەوەیە، بە ئاسانترین شێوە کۆنترڵی حەشدی شەعبی بکات. بەتایبەتی کە ئێران باش لەوە گەیشتووە، فەرماندە و سەرکردەکانی ئەو میلیشیایانە مەیلێکی تۆخی دەسەڵاتخوازی و ویست و ئارەزوویەکی زۆریان بۆ دەستکەوتنی ئیمتیازی سیاسی و سەربازی و ئابووری هەیە، بەتایبەتی کە هەر یەکەیان هێزێکی عەشائیری و ژمارەیەک خەڵک و تەنانەت کۆمەکی ماددی لە دوای خۆیەوە شک دەبات، ئەمەش وا دەکات کەس خۆی بەوەی دیکە نەگۆڕێتەوە.

بەهەرحاڵ، پێشتر و لە بابەتی خومس، ئاماژەمان بەوە کرد، کە مەرجەع چۆن لە ڕێگای ئەو پارەیەوە مەلا و جەنگاوەر لە خۆی کۆ دەکاتەوە، چۆن خێڵێک لە دەوری خۆی دادەمەزرێنێ،

کە هەموو ئینتماکانیان بۆ مەرجەعە. ئیدی هەر ئەو مەلا و خێڵە دابەستەیەن، کە دواتر بە دەوری مەرجەعدا دەبنە قەلا و قەڵغان. ئەو مەلا و خێڵەی لە یەک کاتدا، بە دەوری مەرجەع و ئایەتوڵاوە تەکبیر دەکەن و سەڵەوات لێ دەدەن، بۆ ئەوەی خەڵکی ڕەشۆکی خومسەکەی بنێریتەوە. هاوکات هەر کەسێکیش تەمبێ و تەئدیب دەکەن، ئەگەر زمان درێژی لە ئاستی مەرجەعدا بکات. بۆیە ئەو ئایەتوڵایە کە بڕیاری دامەزراندنی میلیشیایەک دەدات، ئەو دەربارانە، یان کوڕ و نەوەی ئەوان دەچنە ناویەوە. ئیدی لێرەوە پابەندی و ئینتیما بۆ دەوڵەت نامێنێ، بەڵکو هەموو ئینتیمایەک بۆ بۆ ئایەتوڵایە و فەتواکانیەتی.

بۆ نموونە چش لە ڕەوتی سەدر خۆی، ئەوە چ شتێکە وا دەکات (فەزیلە کە سەدرین، هادی ئەلعامریش کە سەدری بوو و بە ناچاری لە ئێران کەوتە باوەشی ئەلحەکیم، تەنانەت عەسائیب ئەهلولحەقیش کە سەدرین) پەرتەوازە دەبن؟ بێگومان ئەوە بەرژەوەندییە وایکرد، هەر کەسەیان و بە لایەکدا بچێت و جیا ببێتەوە.

بەرژەوەندییەکان سەرچاوەی بەریەککەوتن و پێکدادانانەکانی ناو ماڵی شیعەن، ئەگەر بە وردی سەیری مێژووی پەنجا ساڵەی ئێران و عێراق و پێکدادانی شیعەکان بکەین، ئەو شتە زۆر بە ڕوونی دەبینین. بەو پێیەی لە دنیای شیعەدا بەرژەوەندیی جیاواز هەیە، بەریەککەوتنی بەرژەوەندی ئابووریی ئایەتوڵاکان هەیە، هەروەها بەریەککەوتنی دوو جەمسەری ئاینیی قوم و نەجەف هەیە. ئەمانە ئاراستەی ڕووداوەکان دیار دەکەن. ڕەنگە کوشتنی (عەبدولمەجید خوئی و ئەلحەکیم)، ئاماژەیەک و دوو نموونەی زیندوو بن، بۆ بەریەککەوتنی بەرژەوەندیی مەرجەعیەتەکان. هەر بەو پێودانگەش، دەتوانین بڵێین، کە حەشد بەم هەموو گرووپ و باڵانەیەوە، بریتییە

لـە پێکدادانـی نێـوان لایەنگـران و دژبەرانـی ویلایەتـی فەقیـە.. پێکدادانی نێـوان نەجـەف و قـوم.. پێکدادانـی مەرجەعـەکان خۆیـان. کەواتـە بـە پێچەوانـەی بەسـیج و پاسـداران، حەشـد (بەم هەمـوو گرووپە میلیشـیاییە جیاوازانـەی) بۆمبێکـی تەوقیـت کـراوە و لـە هـەر شـوێنکاتێکدا، کـە زەمینـە و هەلومەرجـەکان گـۆڕان، دوور نییـە خـراپ بـە ڕووی یەکتـردا بتەقنـەوە و تونـد بەگـژ یەکتریـدا بچـن.

سەرچاوەکان:

- الاسلام الشيعي.. عقائد و ايديولوجيات، يان ريشار، ترجمة حافظ الجمالي. عطية للنشر و الترجمة و التاليف ١٩٩٦
- الاسلاميون في مجتمع تعددي – حزب الله في لبنان نموذجا، د. مسعود اسد اللهي، ترجمة د. دلال عباس، دار العربية للعلوم، ٢٠٠٤
- تأريخ الشيعة في لبنان، سعدون حمادة، دار شمص للطباعة و النشر، ٢٠٠٨
- التشيع و التحول في العصر الصفوي، كولن تيرنر، ترجمة حسين علي عبدالساتر، منشورات الجمل، ٢٠٠٨
- التشيع في العراق و صلاته بالمرجعية و ايران، رسول جعفريان، دار الحبيب للطباعة و النشر و التوزيع ١٣٨٧ هجرية
- تطور المرجعية الشيعية من الغيبة إلى ولاية الفقيه، الدكتور هيثم أحمد مزاحم.. النسخة الالكترونية، منتدى اقرأ الثقافي الالكتروني.
- التمدد الإيراني ودول الخليج العربي، فارس الخطاب.. الجزيرة نت، ١٨-٣-٢٠١٥
- الحركة الشيعية في الكويت، د. فلاح عبدالله المديرس، دار قرطاس للنشر، ١٩٩٩
- حزب الله الخليج.. تأريخ من المؤامرات باسم المقدس و الطائفة، مجلة المجلة، ١٥ نوفمبر ٢٠١١
- حزب الله من الحلم الايديولوجي الى الواقعية السياسية، غسان عزي، دار قرطاس للنشر ١٩٩٨
- الحكومة الاسلامية، الامام الخميني .. النسخة الالكترونية، شبكة الفكر للكتب الالكترونية

- دراسات في ولاية الفقيه وفقه الدولة الإسلامية، الشيخ حسين علي منتظري.. النسخة الالكترونية، شبكة الفكر للكتب الالكترونية.
- الشيعة، هاينس هالم، ترجمة محمود كبيبو، دار الوراق للنشر، ٢٠١١
- شيعة العراق، اسحق نقاش، ترجمة عبدالاله النعيمي، دار المدى للثقافة و النشر ١٩٩٦
- الشيعة في ايران.. دراسة تأريخية.. من البداية حتى القرن التاسع الهجري، رسول جعفريان، ترجمة علي هاشم الاسدي، مؤسسة الطبع و النشر التابعة للاستانة الرضوية المقدسة، ١٤٣٠ هجري
- الشيعة في الخليج، الانتشار والنفوذ.. تقرير مركز الخليج للدراسات والبحوث الاستراتيجية، ١٩ نوفمبر ٢٠١٥
- الشيعة في المملكة العربية السعودية، حمزة الحسن، دار الساقي، ٢٠١٠
- العراق التائه بين الطائفية والقومية، هذا ما جرى بعد الصدمة و الرعب، محمد الشناوي.. النسخة الالكترونية، منتدى اقرأ الثقافي الالكتروني.
- عقائد السنة و عقائد الشيعة.. التقارب و التباعد، صالح الورداني، عربية للطباعة و النشر، ١٩٩٥
- الكافي، ثقة الاسلام ابو جعفر محمد بن يعقوب بن اسحاق الكليني الرازي .. النسخة الالكترونية، شبكة الفكر للكتب الالكترونية.
- لمحات من تأريخ الشيعة في الكويت.. من نشأة الكويت الى الاستقلال، عبدالمحسن يوسف جمال، دار النبأ للنشر، ٢٠٠٥
- ولاية الفقيه وتطورها، خالد بن عبدالمحسن التويجري.. النسخة الالكترونية، مكتبة نون الالكترونية.

تێبینی:

جگە لەم سەرچاوانەی ناویان هاتووە، بۆ ئەم نووسینە سوودێکی زۆرم لە سەرنجە بە نرخ و بۆچوونە بەپێزەکانی هەر یەکە لە هاوڕێ خۆشەویستەکانم (خەڵات عومەر، د. ئادەم بێدار)، هاورێیەکی دیکەی ئازیز، کە پسپۆری مێژوو و شیعەناسییە و (لەسەر داوای خۆی، نەیویست ناوی ببەم)، وەرگرتووە.

# پاشبەند

## بەرچاوڕوونی...

ســەرەڕای ئــەوەی بابەتەکانــی لــە شــوێنکاتی جیــاوازدا نووســراون و بڵاوکراونەتــەوە، بــەڵام ئــەم پاشــبەندە لــە ناوەڕۆکــدا لەگــەڵ کرۆکــی کتێبەکــە خــۆی دێتــەوە، بەتایبەتــی لــەو ڕووەی کــە هــەر هەموویــان کارکردنــن لەســەر ئێــران لــە گۆشــەنیگای جیــاوازەوە.

بۆیەشــە بەپێویســتم زانــی هــەر ســێ وتــاری (ئەمریــکا و ئێــران، پرۆژەیـەک بـۆ بەردەوامیـی شـەڕ لـە جیهانـدا.. پرچەککردنی میلیشـیاکان وەک نموونـە) و (پاسـداران، کارگـەی بەرهەمهێنانـی تیـرۆر) و (ئێـران و مۆتەکـەی جەنگێکـی ماڵوێرانکـەر) بکەمـە پاشـبەندی کتێبەکـە، چونکـە لــە زۆر لایەنــەوە بەرچــاو ڕۆشــنیی زیاتــر دەدەنــە خوێنــەر. تەنانــەت لــە هەندێــک شــوێندا، ئــەم نووســیانە تەواوکــەری زانیارییەکانــی نــاو بابەتەکانــی کتێبەکــەن، کــە ڕەنگــە هــەر بــەو هۆیەشــەوە لــە توێــی بابەتەکانــی کتێبەکــەدا دووبــارەم نەکردبنــەوە.

## ئەمریکا و ئێران، پڕۆژەیەك بۆ بەردەوامیی شەڕ لە جیهاندا
## پڕچەككردنی میلیشیاكان وەك نموونە

**لە (گۆدلی)یەوە بۆ (ماكگۆرك)**

سیاسەتی پێدانی چەک و تەیارکردنی میلیشیاکان دژی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان و وڵاتەکانیان لە لایەن ئەمریکاوە، کارێکی نوێ و هی ئەمڕۆ نییە. ئەگەر مێژووی سیاسەتی ئەو وڵاتە لە دوای تەواوبوونی جەنگی دووەمی جیهانی تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان بخوێنینەوە، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ڕەوایەتیدان بە سیاسەتی دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە کاروباری وڵاتان لە لایەن ئەمریکاوە، بەشی شێری لە مێژووی سیاسیی ئەو وڵاتەدا بەردەکەوێ. بە جۆرێک، لە کوێ دەسەڵاتدارییێتییێکی نیشتمانیی وڵاتێک هەبووبێت و بە دڵی ئەمریکا نەجوڵابێتەوە، یاخۆ لە کوێدا بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی دژی دەسەڵاتێکی ستەمکاری ئەڵقە لەگوێی ئەمریکا هەبووبێ، ئەمریکا ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، بە هەموو قورسایی سیاسی، دیبلۆماسی، هەواڵگری، ئابووری و سەربازیی خۆی، لەوێ بووە.

چش لە (سۆگانلیان)ی ناسراو بە (بازرگانی مەرگ) و ئایکۆنی بازرگانیی چەک لە جیهاندا، کە هەموو هەنگاوەکانی بە سەرپەرشتی و ڕێنمایی ئاژانسی هەواڵگری ئەمریکا بوون. وەکوتر، ڕەنگە کەم کەس، بە لایەنی کەمەوە نەوەی نوێ، ئاشنای چیرۆکی (ماکتلی گۆدلی) بن، ئەوەی کە بە (مارشاڵ گۆدلی) ناسراوە. (گۆدلی) ی ئەندازیار و جێبەجێکاری پلان و ستراتیژیی چەکدارکردن و

مەشق پێکردنی میلیشیاکان (کۆنترا) لە دژی شۆڕش و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی (لاوس، ڤێتنام، کوبا، چیللی، نیکاراگوا، کەمبۆدیا و). ئەو (گۆدلی)یەی لە ڕووخساردا وەک باڵوێزی ئەمریکا نێردرایە (لاوس، کۆنگۆ و لبنان)، کەچی لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە نێردرا، تا ئەرک و بەرپرسیارێتییە ڕاستەقینەکەی خۆی وەک ژەنەڕاڵێکی هەواڵگری و سەربازیی شارەزا و خاوەن ئەزموون لە کاراکردن و تەیارکردنی میلیشیاکان و سەرکوتکردنی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان و تێکدانی ئارامی و ئاسایش و سەقامگیریی وڵاتان ڕاپەڕێنێت. ئەو کاراکتەرەی بە گوێرەی کتێبی (گۆڕەپانەکانی دەستتێوەردان: سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەمریکا و ڕووخانی لبنان)ی (جێمس ستۆکەر)، کە نووسەر لە کتێبەکەیدا پشتی بە بەڵگەنامە فەرمییەکانی هەردوو ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوە و ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا بەستووە. کاتێک لە ساڵی ١٩٧٤ وەک باڵوێزی وڵاتەکەی نێردرایە لبنان، میدیاکانی ئەوکات نووسیان: " نیکسۆن، جەللاد و قەسابی لاوس و ڤێتنامی کردە باڵوێزی وڵاتەکەی لە لبنان".

پاش ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس و بەدواشیدا ڕووداوەکانی (بەهاری عەرەبی)، وەکو سەردەمی نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو، ئەمجارەش ئەمریکا کاراکتەری هاوشێوەی (گۆدلی)، بە جلی یونیفۆرم، بە قیافەی مەدەنی و ئەرستۆکراس و بە ئەرکی دیبلۆماسی، کە لە ناوەڕۆکدا ئەرک و بەرپرسیارێتیی هەواڵگری و سەربازیان پێ سپێردرابوو، ڕەوانەی ئەو وڵاتانە کرد. (باڵوێزی ئێستای ئەمریکا لە بەغدا و ماکگۆرک) دوو نزیکترین نموونەن، بەتایبەتی دووەمیان، کە لە گوتار و ڕەفتار و هەنگاو و هەڵوێستەکانیدا، وەک (گۆدلی)ی ئەمریکیی سەدەی بیست و یەک دەرکەوت.

**شەڕی سارد و بازرگانیی مەرگ!**

وەک چەند نموونەیەکی سادە، دەتوانن مێژووی شۆڕشەکانی ئەمریکای لاتین، دەستتێوەردانەکانی ئەمریکا لە وڵاتانی ئەفریقیا، چەکدارکردنی میلیشیاکانی وڵاتی لبنان و وڵاتانی بەلقان و کۆمارەکانی سەر بە یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو بە سەرەوە، کودەتا سەربازییەکانی (چیللی و نیکاراگوا و ئێران...) و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە، بخوێننەوە. ئەگەر نا، تەنیا هەردوو کتێبی (یاریی نەتەوەکان- مایڵز کۆپلاند) و (دەوڵەتە فاشیلەکان- چۆمسکی) بخوێننەوە، یاخۆ بە لایەنی کەمەوە، سەیری هەر یەکە لە فیلمی (شازادەی جەنگ)، ئەوەی کە ئەکتەری بەناوبانگ (نیکۆلاس کەیج) ڕۆڵی پاڵەوانێتی تێدا دەبینێ، لەگەڵ فیلمی دۆکیۆمێنتاری (چوار سوارچاکەکە) بکەن، ڕەنگە برێک کۆمەکتان بکەن و لە بارەی ئەم سیاسەتەی ئەمریکا تۆزێک بەرچاوتان ڕۆشن بکەنەوە.

بەهەرحاڵ، لە نێوان کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی، تا کۆتاییهاتنی جەنگی سارد و ڕووخاندنی دیواری بەرلین، بۆ بەرگرتن بە گەشەکردنی بزووتنەوەی چەپ و شۆڕشە نیشتمانییە ئازادیخوازییەکان، تەنانەت بۆ دژایەتیکردنی ئەو وڵاتە دیموکراتییانەیش، کە دەسەڵاتەکانیان ڕەوایەتییان لە ئیرادەی گەلەکانیان وەرگرتبوو، بەڵام بە دڵی ئەمریکا نەبوون، ئەمریکا پلان و ستراتیژێکی تۆکمەی لە دژیاندا دارشت. بۆ ئەمە هەر لە چەکدارکردنی میلیشیا ڕاستڕەوەکان (تا ئاستی پشتیووانی هێز و گرووپی توندڕۆی ئاینی کە دواجار بوونە مەترسیدارترین گرووپی تیرۆریستی لە ئاستی جیهاندا، ئەلقاعیدە وەک نموونە)، تا دەگاتە پێدانی زانیاریی هەواڵگری، پیلانگێڕیی (گرووپی ئۆپەراسیۆنە تایبەتییەکان) بۆ کودەتا سەربازییەکان لەو وڵاتانەی کە ئەمریکا وەک نەیار ناساندوون، بڵاوکردنەوەی کتێب و نامیلکەی

جیاواز لە بواری (جەنگی دەروونی، تەکنیکەکانی بەرەنگاربوونەوەی شەڕی پارتیزانی، سیخوڕی و تیرۆرکردن)، درێغی نەکردووە.

## جەنگی درێژخایەن وەك ستراتیژی دوورمەودا

دانووستاندن و گفتوگۆ ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، فەرمیی و نافەرمی، ئاشکرا و نهێنییەکان لە نێوان ئەمریکا- ئێران لە بنەڕەتدا لە پێناو خزمەتی گەلانی ناوچەکە و بەرقەرارکردنی ئاشتی و ئاسایش و سەقامگیری نەبووە، بە قەد ئەوەی بۆ هێنانەکایەی واقیعێکی نوێی سیاسی بوو، کە دواجار هاوسەنگیی هێز و ئۆتۆریتەی سیاسیی ناوچەکە لەناو خۆیاندا دابەش بکەن. خودی ئەم یارییەی ئێران و ئەمریکاش، بە قازانجی سیاسەتی زۆر لە وڵاتە عەرەبییەکانی ناوچەکە تەواو بووە، کە ئامانجیان ئەوەیە ناسەقامگیری و شەڕ و ناکۆکیی لە ناوچەکە بەردەوام بێت.

بە مانایەکی دی، لە بەرژەوەندیی ئەمریکا و ئێران و ئەم وڵاتە عەرەبییانە دایە، جەنگی ناوخۆیی و ناکۆکیی خوێناوی و ململانێی چەکداری لە ناو پێکهاتە جیاوازەکانی ناوچەکەدا هەبێت. ئیتر گرنگ نییە گەلان و پێکهاتە جیاوازەکانی ئەو ناوچەیە دەبنە سووتەمەنی و قوربانی، بەڵکو گرنگ سەرگرتنی پرۆژەی سیاسی، پاراستن و گەشەپێدانی تۆڕی بەرژەوەندییە ئابوورییەکان، کۆنترۆڵکردن و دابەشکردنەوەی سەرچاوەکانی وزە، لە هەمووی ئەمانەش گرنگتر، بەردەوامیی بوونی بازاڕیکی کراوەیە بۆ ساخکردنەوەی چەک و تفاق و لۆجستیی سەربازی! بۆیەشە لەناو ئەم تەونی جاڵجاڵۆکەییەی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی ئەو وڵاتانەی ناوچەکە و جیهان، کە بەشێکن لەناو ئەو ناکۆکی و ململانێیانە، هەتا هەنگاوێک

بۆ ئاشتی و گفتوگۆ دەنرێ، لە بەرانبەردا دەیان هەنگاوی پشێوی نانەوە و دروستکردنی ئاڵۆزی دەنرێن. هەموو ڕووداوەکانی ڕابردوو و پێشهاتەکانی هەنووکە، تەواوی هەنگاوە سیاسی و دیبلۆماسییەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ، تەواوی گوتارە سیاسییەکانی دوور و نزیک (ئەگەرچی بەشێکیان لە ڕووخساردا نیشانەی ویستی ئاشتی و سەقامگیرین)، بەڵام لە بنەڕەتدا هەموویان دەچنە خزمەت ماکینەی شەڕ و قووڵکردنەوەی ناکۆکییە ئیتنی و تایەفییەکان لە ناوچەکەدا. بۆیە ئەگەر دوو لە سۆز و بە چاوی عەقڵ و لۆژیک، لە ڕووداو و پێشهات و هاوکێشەکان ورد ببینەوە، لەوە تێدەگەین کە هاتنەکایەی گفتوگۆی عەقڵانی، هەنگاوەکانی زەمینەسازی بۆ ئاشتیی ڕاستەقینە، پرۆژەی جیددی و کردەنی بۆ چەسپاندنی سەقامگیری و ئاسایش لە ناوچەکەدا، لە بەرژەوەندیی هیچ کام لەو وڵاتانە نییە (دەڵێین وڵاتەکان و سیستەمەکانیان، نەک گەلان و پێکهاتە بەشمەینەتەکانیان، کە سەدان ساڵە دەکرێنە سوتووی شەڕ و ململانێی خوێناوی!).

تەنانەت ئەو ئەمریکایەی خۆی وەک پەیامبەری ئاشتیی جیهانی، پەیکی هەڵگری نامەی دیموکراسی، نمایش دەکات. دواجار ئەو گوتار و ئاراستەیە تێیدا زاڵ و بڕیار بەدەستە، کە ویست و ئیرادە، تەنانەت پلان و تەکتیک و میکانیزمی جیاوازی هەیە بۆ نانەوەی پشێوی، قووڵکردنەوەی ململانێی خوێناوی و فووکردن بە پۆڵوی جەنگ و هەڵگیرساندنی ئاگری شەڕەکان.

لە ڕاستیدا بەرژەوەندیی ئەمریکا لە بەردەوامیی پشێوی و ململانێ لە جیهاندا، لە شەڕی درێژخایەنی ناوخۆیی، لە ناکۆکیی خوێناوی نێوان گرووپە ئیتنی و تایەفی و مەزهەبییەکان دایە، ئەوە بۆیە هەر لە عێراقدا وەک نموونەیەکی زیندوو، بە دەستێک چەک دەداتە حەشدی شەعبی شیعی، بە دەستەکەی تری چەک دەداتە سوونە، لەیەک

کاتیشدا لەسەر هونەرەکانی جەنگ و تەکنیکەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری و تەکتیکەکانی بەرەنگاری، مەشق و ڕاهێنان بە هەردوو لایان دەکات (ئەنجامەکەیش ئەوەیە، کە هەردوو لا، ئەم هێزی چەک و وانەی ڕاهێنانە، لە دژی یەکتری تاقی بکەنەوە).

**سیاسەتی ئەمریکا لە خزمەتی ستراتیژی ئێران**

ساڵێک پێش ئێستا، ڕۆژنامەی لۆس ئەنجلۆس تایمز بڵاوی کردەوە: " ئەمریکا دەستی بە پێدانی چەک و ڕاهێنانی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی کرد، کە سەر بە ئێرانن". ڕۆژنامەکە ئەم هەنگاوەی پڕچەککردن و ڕاهێنانی میلیشیاکانی حەشد، بە پاشەکشێیەکی ئاشکرای سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەمریکا ناو دەبات و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەم هەنگاوە، مەترسییەکی ڕاستەوخۆیە لەسەر ئاسایش و ئارامیی ناوچەکە و خودی پلان و سیاسەتەکانی ئەمریکا و ئاماژە بەوە دەکات " میلیشیاکانی حەشد مێژوویەکی درێژیان لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، کۆمەڵکوژی، تاوانەکانی جەنگ لە دژی سوننەکان هەیە، بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە لە دەستی داعش ڕزگاریان کردوون".

لە لایەکی دیکە و بە گوێرەی زانیارییەکانی ڕۆژنامەی (واشنتۆن فری بیکۆن)، ژمارەیەک بەرپرسی ئەمنی و سەربازیی ئەمریکا ددانیان بەوەدا ناوە، کە ئەو چەکانەی وڵاتەکەیان بە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی سەر بە ئێرانیان داوە، لە دژی خەڵکی عێراق بەکار هێنراون. بەشێک لەو بەرپرسانە، چەکدارکردنی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لە لایەن ئەمریکا، بە یەکێک لە شکستەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناو بردووە. ئەم ددانپیانانەش

لەکاتێکدان، کە کۆنگرێسی ئەمریکاش نیگەرانە و گومانی ئەوە دەکات حکوومەتی وڵاتەکەیان بە نهێنی کار لەگەڵ ئەو میلیشیایانەدا بکات، کە ڕاستەوخۆ سەر بە پاسدارانن.

نید برایس، وتەبێژ بە ناوی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا گوتی: " چەک و پێداویستیی سەربازیی ئەمریکیمان لە دەستی میلیشیا عێراقییەکانەوە بینیوە، ئەو میلیشیایانەی کە هەرگیز ناکرێ ئەو چەکانەیان بەدەستەوە بێت". دیاریشە کە بەرنامەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ پڕچەککردنی ئەو میلیشیایانە لە سەردەمی (باڕاک ئۆباما) دەستی پێکردووە و تا ئەمڕۆی سەردەمی (دۆناڵد ترامپ)یش درێژ بووەتەوە. لەکاتێکدا بەردەوامبوونی ئەمریکا تا ئێستا لە پشتیووانیکردنی ئەو میلیشیایانە، پێچەوانەی دروشمەکانی (ترامپ)ە کە لە کاتی بانگەشەکانی هەڵبژاردندا بەرزی کردنەوە، بەتایبەتی دروشمی دژایەتیکردنی بوونی سەربازیی ئێران لە ناوچەکەدا. کەچی بە هۆی بەردەوامبوون لەسەر سیاسەتی هەڵە و مەترسیداری چەکدارکردنی حەشدی شەعبی، ئەو کاریگەری و ڕۆڵەی ئێران تا دێت زیاتر و قووڵتر دەبێتەوە و ئەم بەرنامەیەی ئەمریکا، هاوکار بووە لە پتەوکردنی، بوون و ئامادەیی ئێران لە هەر یەکە لە وڵاتانی عێراق و سووریا و لبنان و یەمەن، تەنانەت ئەگەر ناڕاستەوخۆش بێت، بەڵام جڵەوی بڕیار لەم وڵاتانەدا کەوتووەتە دەست تاران.

هەندێک ڕاپۆرتی ئاژانسەکانی هەواڵ ئاماژە بەوە دەکەن، ئێران و دامەزراوەی پاسداران سوودێکی زۆریان لەو هەنگاوەی ئەمریکا وەرگرتووە، بەتایبەتی لە ڕێگای چەند گرووپێکی کاریگەری ناو ئەو میلیشیایانە، کە ڕاستەوخۆ فەرمان لە تاران وەردەگرن. ئەوە بۆیە ڕۆن دیسانتیس، ئەندامی لیژنەی کاروباری دەرەوە لە

ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکا لە لێدوانێکیدا بۆ (نیویۆرک تایمز) گوتی: "فشارم خستووەتە سەر وەزارەتی دەرەوە، بۆ ئاشکراکردنی هەندێ زانیاریی شاردراوە دەربارەی پێوەندی نێوان سوپای ئەمریکا و میلیشیاکانی سەر بە ئێران لە عێراقدا. چونکە ناکرێ هاوبەشییێک لە نێوان وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و پاسداران، قاسم سولەیمانی و سوپای قودس، یاخۆ ئەو میلیشیا شیعیانەی عێراق هەبێت کە لە لایەن ئێرانەوە پشتیووانی و ئاراستە دەکرێن. بەو پێیەی هەموو ئەو گرووپانە کاریان لەسەر شکستپێهێنانی سیاسەت و چالاکییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا کردووە و دەکەن".

(بێل رۆجیۆ)ی شرۆڤەکاری سەربازی و ستراتیژیش باس لەوە دەکات، کە هەڵمەتی سەربازیی ئەمریکا بۆ تێکشکاندنی داعش، وای لە زۆر لە بەرپرسە باڵاکانی ناو وەزارەتی بەرگریی و دەرەوەی ئەمریکا کرد، خۆیان لە سیاسەتەکان و ڕۆڵی ئێران لە ناوچەکە بە گشتی و عێراق بەتایبەتی، ببوێرن. ڕۆجیۆ بۆ (سی ئێن ئێن) جەخت دەکاتەوە کە " سوپا و حکوومەتی ئەمریکا لە تێکشکاندنی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی بێهوودە بووبوون، هەر بۆیە بە هۆشیاری و ئاگاییەوە خۆیان لە گەشەکردنی ئەو میلیشیایانە بوارد، کە لە هەریەکە لە عێراق و سووریا، ئێران کۆمەک و ئاراستەی دەکردن".

بەشێک لە چاودێرانی سیاسی، شرۆڤەکارانی سەربازی و ستراتیژی، سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە و میدیا ئەمریکییەکان پێیانوایە، وڵاتەکەیان لە پەیوەست بە سیاسەتی پرچەککردن، کۆمەکیی سەربازی و لۆجیستی، مەشق و ڕاهێنانی میلیشیاکانی شیعە و سووننە بە بیانوو و پاساوی شەڕی (ئەلقاعیدە و دواتریش داعش)، نەک هەر شکستی هێنا، بەڵکو بە زیان بۆ خۆی و بە قازانجی ئێران تەواو بوو. ئەو نێوەندانەی میدیا و لێکۆڵینەوە ئاماژە بەوە دەکەن، وڵاتەکەیان درکی

بەو ڕاستییە نەکرد، کە ئاکامە نەرێنی و دەرهاویشتە خراپەکانی ئەم هەنگاوەی بەسەر خۆیدا دەشکێتەوە و لەگەڵ خۆیدا، عێراقیش لەدەست دەدا و لە یارییەکەدا، بەر لە هەر وڵات و لایەنێک، ئەمریکا خۆی دەبێتە دۆڕاوی یەکەم و ئێرانیش خاوەنی بڕیار و یاریکەری سەرەکی گۆڕەپانەکە.

**تاوانەکانی حەشد بە چەکەکانی ئەمریکا!**

کورد نابێ تووشی شۆک بێت، کاتێ لە ١٦ی ئۆکتۆبەر، ڕۆژی خیانەتەکە، میلیشیاکانی حەشد و حزبوڵا بەسەر پشتی تانکی ئەبرامز و بە چەکی پێشکەوتووی ئەمریکی کەرکووکیان داگیر کردەوە و خورماتوویان جینۆساید کرد و ڕووبەڕووی هێزی پێشمەرگە بوونەوە. ئاخر ئەوە جاری یەکەم نەبوو حەشدی شیعی پاسداران، بە چەکی ئەمریکی بەر بینە گیانی گەلانی عێراق، بەڵکو پێش ئەوەش لە کاتی ئازادکردنی ناوچە سوونییەکان لە دەستی تیرۆریستەکانی داعش، چەتەکانی حەشد هەر بەو چەکە ئەمریکییانە، دۆزەخی مەرگیان بۆ خەڵکی سڤیلی سوونەی ئەو ناوچانە ساز کرد.

ئەوەتا ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی (ئەمنیستی ئێنتەرناشناڵ) لە ڕاپۆرتەکانیدا، ئاماژەی بە مەترسیی بەرنامە و سیاسەتی پڕچەککردنی میلیشیا شیعییەکان لە لایەن ئەمریکا داوە. ڕێکخراوەکە ناوبراو لە ڕاپۆرتێکیدا کە لە سەرەتای ٢٠١٨ بڵاوی کردووەتەوە، هۆشداری دەدات لەوەی، ئەو چەکە پێشکەوتووە ئەمریکییانەی کە دەبوو لە دەستی سوپای عێراقدا بن و کەوتوونەتە دەستی میلیشیاکانی حەشد، سەرچاوەی هەڕەشە و مەترسین. چونکە ئەم میلیشیایانە ئەو چەکانە بۆ ئەنجامدانی تاوانی جەنگ و تۆڵەسەندنەوە

و جۆرەهـا پێشـێلکاریی مافەکانـی مـرۆڤ و دەسـتدرێژیی دیکـە، بـەکار دەهێنــن.

ئەمنیســتی لــە ڕاپۆرتەکەیـدا جەخــت دەکاتــەوە، کــە ســەرەڕای بەڵگــە وێنەیـی و ڤیدیۆییەکانـی میلیشـیاکان خۆیـان، کـە دەسـتیان کەوتـوون. وەکوتـر، بـە گوێـرەی لێکۆڵینـەوە مەیدانییەکانـی تیمەکانیـان، میلیشــیاکانی حەشـدی شـەعبی ئـەو چەکانەیـان لـە دژی خەڵکـی سـڤیلی (سـووننە) بـەکار هێنـاوە. بەتایبەتـی لـە کاتـی هەڵەتەکانـی شـوێنبزرکردن و گولەبارانکردنـی هـەزاران پیـاو و منداڵـی سـووننەکان و پرۆســەکانی ســووتاندن و خاپوورکردنــی خانووەکانیــان.

وەزارەتــی بەرگریــی عێــراق، کۆمەکییــە ســەربازییەکانی ئێــران و سـوپای پاسـداران، بـازاڕی ڕەشـی کڕیـن و فرۆشـتنی چـەک، هاوکارییـە سـەربازییەکانی ئەمریکا (کـە بـە نـاوی سـوپا و حکوومەتـی عێراقییـەوە دێـن و دواتـر بـە ناڕاسـتەوخۆ، زۆرینەیـان دەگاتـە دەسـتی میلیشـیاکانی حەشـد)، ئەو سـەرچاوانەن، کە لێیانەوە میلیشـیاکانی حەشـدی شـەعبی چـەک و تفاقـی سـەربازییان پـێ دەگات.

بـە گوێـرەی هەنـدێ زانیاریـی نـاو کۆنگرێسـی ئەمریکـی کـە کەتوونەتـە دەسـتی میدیـاکان، گرووپگەلـی جیاوازیـی میلیشـیاکانی حەشـدی سـەر بـە سـوپای پارسـداران، لەژێـر سەپەرشـتی وەزارەتـی ناوخـۆی عێـراق کاردەکـەن. ئـەم وەزارەتـەی عێراقیـش هەماهەنگیـی ڕاسـتەوخۆی لەگـەڵ ئەمریـکا هەیـە، بـەم هۆیەشــەوە، هەمــوو ئــەو هاوکارییــە لۆجیســتی و ســەربازییانەی لــە لایــەن ئەمریــکاوە دەدرێنــە وەزارەتــی ناوبــراو، ناڕاسـتەوخۆ و بـە ڕێـگای جیـاواز، دەگەنـە دەسـتی میلیشـیاکان. بـە پێـی ئـەو زانیارییانـە، عەسـائیبی ئەهلـی حـەق، کەتائیبـی حزبـوڵا و هێزەکانــی بــەدر و چــوار گرووپــی دیکــە، لــەو میلیشــیایانەن کــە لــە

بەرنامــەی پڕچەککــردن و مەشــق و ڕاهێنانەکانــی ئەمریــکا ســوودمەند بوونــە.

زانیارییەکانــی نــاو کۆنگرێــس، ئامــاژە بــەوە دەکــەن، حکوومەتەکــەی (عەبــادی)ش کــە ئەمریــکا پشــتیووانی دەکات، بڕێکــی زۆری هاوکاریــی دارایــی و ســەربازیی وڵاتەکــەی، دەداتــە ئــەو میلیشــیایانەی ســەر بــە ئێرانــن و لــەو نێــوەدا، هــەر یەکــە لــە (مەهــدی موهەندیــس و هــادی عامــری)، ڕۆڵــی گرنــگ و کاریگــەر لــەو یارییــەدا دەگێــڕن.

بــە گوێــرەی ڕاپۆرتێکــی پنتاگۆنیــش، دوای گەیاندنیــان بــە حکوومەتــی عێــراق، بایــی یــەک ملیــار دۆلار، ئــەو چەکــە ئەمریکییانــە ونبوونــە و لــە دەســتی ســوپای فەرمــی ئــەو وڵاتــەدا نەمــاون. ئــەو چەکانــەی دواجــار لــە لایــەن میلیشــیاکانی حەشــدەوە دەردەکــەون و دژی ســوننە و کــورد بەکاریــان دەهێنــن. گەیشــتنی (ئینجــا ڕاســتەوخۆ بێت، یان ناڕاســتەوخۆ) ئــەو چەکــە ئەمریکییانــە بــە میلیشــیاکانی حەشــدی شــەعبی ســەر بــە پاســداران و بێدەنــگ مانــەوەی ئەمریــکا لــە ئاســتیاندا، بــە مانــای ئــەوە دێــت کــە ئەمریــکا بــە دۆخەکــە ڕازییــە. ئــەم ڕازیبــوون و بێدەنگیــەی ئەمریــکاش لــە ئاســت ئــەو تاوانانــەی کــە چەتەکانــی حەشــد بــە چەکــی ئەمریکــی تاوانــی جەنــگ و دژە مرۆڤایەتــی ئەنجــام دەدەن، بــە دیوەکــەی تــردا، ڕێــک هەڵگەڕانەوەیــە لــەو مــەرج و ڕێنوێنیانــەی، کــە ئەمریــکا بــۆ فرۆشــتن، یــان بەخشــینی چــەک و لۆجســتی ســەربازی بــە لایەنــی دووەم دانــاون.

ســەرەڕای چەکــی کۆنــی ســوپای عێــراق و ئــەو چەکانــەی ئێــران دەیانداتــێ، هەنووکــە جۆرەهــا چەکــی ســووک و مامناوەنــدی و قورســی پێشــکەوتووی ئەمریکــی (ئەمــە وێڕای ئۆتۆمبێلی پێشــکەوتووی ســەربازیی گولەنەبــڕ و دژەمینــی ئەمریکــی)، لەگەڵیشــیاندا تانکــی پێشــکەوتووی لــە

جۆری (ئەبرامز) بە دەستی میلیشیاکانی حەشدی پاسدارانەوەن، ئەو تانکە پێشکەوتووە ئەمریکییەی، کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە کاتی هەوڵ و هێرشکردنی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و حزبوڵای لبنانی سەر بە پاسداران بۆ سەر هەولێر، لە داستانی (پردێ)دا دوو دانەیان تێکشکاند.

**کورد، نیازپاکی ناو هاوکێشەکان!**

بە درێژایی مێژوو، بە لایەنی کەمەوە لە دوای رووخانی بەعس، کورد لە نێو تەواوی هاوکێشە سیاسییەکانی ئەو وڵاتەدا، لەناو هەموو هاوپەیمانێتی و رێککەوتنەکاندا، بە نیازپاکییەکی بارگاوی بە خۆشباوەڕییەوە، بەشداری کردووە و دواجار باج و قوربانی داوە. وەک چۆن کورد بە خۆشباوەڕییەوە رۆڵی سەرەکی لە بونیادنانەوەی عێراقدا گێڕا، ئەو عێراقەی هەنووکە سواری کەلی شۆڤێنیەتی خۆی بووەتەوە و هەموو رێگا و میکانیزمێک دەگرێتە بەر، بۆ سەرکوتکردنی کوردان و زەوتکردنی مافەکانی و کۆتاییهێنان بە دەسکەوتەکانی. بە هەمان تۆن و ڕیتمەوە، لە دەسپێکی شەڕی تیرۆریستانی داعشەوە، کورد کەوتەوە داوی ساویلکەیی و شانازیکردن بە دۆستایەتیی ئەمریکا و جیهان، ئەو دۆستانەی بە بەرچاویانەوە، دوای ١٧١٢ پێشمەرگەی شەهیدی شەڕی تیرۆر، پاش داڵدەدانی دوو ملیۆن ئاوارە و دەربەدەری دەستی شەڕی تائیفی عێراق، حەشدی پاسداران نیوەی خاکەکەی داگیر کردەوە و ئەنفال و جینۆسایدێکی دیکەی لە خورماتوو لە دژیدا ئەنجام دا.

لەناو ئەو مێژووە ڕەشەی سیاسەت و بەرنامەی پرچەککردنی ئەمریکا بۆ گرووپەکان، هێزی پێشمەرگەی کوردستان، وەک هێزێکی

یاسـایی، کـە بـە گوێـرەی دەسـتووری عێـراق بەشـێکە لـە دامـەزراوەی بەرگریـی عێراقـی، تاکـە هێـزی فەرمـی و یاسـایی ناوچەکەیـە کـە لەگـەڵ دەرکەوتنـی داعـش، ئەمریـکا و هاوپـەیمانـان لـە بـاری چـەک و لۆجسـتیی سـەربازی (کـەم و زۆر) بـە شـێوەیەکی یاسـایی و بـە ئاشـکرایی و فەرمـی، کۆمەکیـان کـرد. وەک چـۆن لەنـاو هەمـوو ئـەو گـرووپ و هێزانـەی کۆمەکیـی سـەربازی کـراون، هێـزی پێشـمەرگە تاکـە هێـز بـوو تـا ئـەم چرکەسـاتە، ئـەو هاوکارییـە سـەربازییە سـەرەتایی و کۆمەکـە لۆجیسـتییە سـادە و بـڕە کەمـەی چـەک و تفاقـی هاوپـەیمانانـی لـە دژی تیرۆریسـتان بەکارهێنـاوە و بەکاریـان دەهێنـێ.

ئـەم هەڵوێسـتە ڕاسـتگۆ و مامەڵـە خاوێنـەی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان لەگـەڵ هاوکارییـە سـەربازییە نێودەوڵەتییـەکان لەکاتێکدایـە، کـە هەمـوو ئـەو چەکـە ئەمریکییـە سـووک و قورسـە پێشـکەوتووانەی کەوتنـە (یـان گەیەندرانـە!) دەسـتی حەشـدی پاسـداران، بـۆ کوشـتوبڕ و سـەرکوتکردنی سـوننە و کـورد بەکاریـان هێنـان. وەک چـۆن سـوپای عێـراق هەڕەشـەکانی ڕێکخـراوی تیرۆریتسـیی (ئەلقاعیـدە)ی کـردە بیانوو و بـە چەکـی ئـەم وڵاتانـە، لـە ڕۆشـناییدا قونەشـەڕی تیرۆریسـتانی پـێ دەکـرد و لـە تاریکاییشـدا، لـە میانـی پرۆسـەی گـەورەی سـەربازیدا، زۆرتریـن تاوانـی لـە دژی هاونیشـتمانییە سـوونەکانی خـۆی پـێ ئەنجـام دەدا. ئـەو سـوپایەی کاتـێ تیرۆریسـتانی داعـش ڕوویـان لـە وڵاتەکـەی کـرد، چـەک و تفاقـی پێشـکەوتووی ئەمریکـی دوو فیرقـەی سـەربازیی خـۆی، بەبـێ تەقـە و هیـچ بەرەنگارییێـک، وەک ئـەوەی ڕێککەوتنـی پێشـوەختەیان لەگەڵیانـدا هەبێـت، لـە مووسـڵ ڕادەسـتی تیرۆریسـتانی داعـش کـرد.

## پاسداران، کارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆر

کاتێک باس لە سوپای پاسداران دەکرێ، یەکڕاست خەیاڵی مرۆڤ بۆ هەموو ئەو پشێوی و ئاژاوە نانەوە و ناسەقامگیرییە دەچێت کە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا هەیە. ئاخر ڕۆڵ و کاریگەریی تێکدەرانەی کلک و گوێیەکانی ئەم سوپایە مەزهەبییە، هیچی لە ڕۆڵی تێکدەر و تیرۆرکارییانەی ئەلقاعیدە و داعش و گرووپە تیرۆریستییەکانی دیکەی دنیای ئیسلامی، نەک هەر کەمتر نییە، بەڵکو زیاتر و مەترسیدارتریشە.

حزبوڵای لبنانی، حەماسی فەلەستینی، شانە چەکدارە ئێرانییەکانی سووریا، حوسییەکانی یەمەن و حەشدی شەعبی عێراق، هەموو ئەو کلک و گوێیانەی سوپای پاسدارانن کە بەرفەرمانی جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی ستراتیژی پان ئێران- شیعەگەریی ئاخوندەکانی تارانن. ئەم فەوجە خەفیفانەی سەر بە پاسداران، بەسیجە مۆدێرنەکان، لە بەرامبەر هەر هێز و کەس و گوتارێک کە بەر بەم پاوانخوازی و کەڵەگاییەی پاسداران بگرێ، هەروەها بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکەیان و پێکانی ئامانجی سەرەکیی ئێران، سڵ لە هیچ ڕێگا و شێواز و میکانیزمێکی دوژمنکارانە ناکەنەوە. بۆیە بەلای کەسی چاودێرەوە ئاساییە کاتێ دەبینێ، چەتەکانی حەشد هەندێ جار لە مامەڵەکردن لەگەڵ نەیارەکانیان، تەنانەت لەگەڵ خەڵکی بێوەی و سڤیل، دڕندەیی چەتەیەکی داعش تێدەپەڕێنن. نموونەی ئەم دڕندەییانەی حەشد و دەستەخوشکەکانی لە عێراق و سووریا و لبنان و یەمەن کەم نین.

ڕاستییەکەی ئـەوەی ئێـران نـاوی نـاوە (هەناردەکردنـی شـۆڕش!) کـە پاسـداران دامـەزراوەی فـەرمیـی جێبەجێکردنـی ئەم کـردەی هەناردەکردنە و ئەجێنداکەیەتـی. لـە بنەڕەتـدا سـتراتیژی هەناردەکردنـی تیـرۆرە، سـتراتیژی بـە دنیاییکردنـی توندڕۆییـە، ئەنجێنـدای چاندنـی تـرس و تۆقاندنـە.

ئەو ڕاستییەش لە بەدیهیاتەکانە کە سپۆنسـەری سـەرەکیی پەروەردە و مەشـق و ڕاهێنانـی ئـەم بەسـیجانە، پڕچەککـردن و دابینکردنـی پێداویسـتییە لۆجسـتییەکانیان، پشـتیووانی و هاوکاریی داراییان، سوپای پاسـداران و بەتایبەتیـش فەیلەقـی قودسـە. ئـەو تـۆڕە جاڵجاڵۆکەییـەی کـە سـوپای پاسـداران لـەم هێـزە لۆکاڵییـەی وڵاتـەکان چنیویەتـی، بەرپێگرتنیـان هـەروا سـادە و ئاسـا نییـە. چونکـی بە تەنیشـت ئـەم هێزە میلیشـیاییانەوە، ئێـران لـە لایەنـی هەواڵگـری و تەنانـەت میدیاییەشـەوە بـە زانیـاری و ئاراسـتەکردنیان سـەپۆرتیان دەکات.

بۆیـە بەرگرتـن بـەم سـتراتیژە و شکسـتپێهینانی ئامانجەکانـی بـە هێـزی لۆکاڵـی، تەنانـەت بـەو دەوڵـەت و حکومەتـە شـپرزەیەی ئـەو وڵاتانـەش ناکـرێ کـە پاسـداران لەنـاوەوەدا کرمێـی کـردوون، بەڵکـو ئـەوە ئەرکـی هێزگەلێکـە کـە دەرەقەتـی ئـەم پاوانخوازییـە بێـن و میکانیـزم و شـێواز و هێـزی تایبەتـی خۆیـان هەبێـت بـۆ بەرگرتـن بـەم ئەجێندایـە و تەمێکردنـی سپۆنسـەرەکەی. ئەمریـکاش لـە پێشـەوەی ئـەو هێـزە زەبەلاحانـەی دنیـا دێت کـە سـنوورێک بـۆ ئـەم تەنافبازییـەی پاسـداران دابنێـت. هەڵوێسـتەکەی ترمـپ کـە لـە لای خۆیانـەوە هـەردوو وەزارەتـی گەنجینـە و بەرگریـی ئەمریـکا بـە دەنـگ داواکـەی سـەرۆکی وڵاتەکەیانـەوە چـوون و ئامـادەکاری دەکـەن، بـۆ ئـەوەی پـلان و بەرنامـەی سـزادانەکەی ئـەم سـوپا ترسـناکە جێبەجـێ بکـەن، سـوپایەک کـە کارگـەی بەرهەمهێنانـی تیـرۆر و توندوتیـژی و

توندڕۆییە. ئینجا گرنگی ئەم هەڵوێستەی ئەمریکا لەوێوە سەرچاوە دەگرێت، کەوا کلک و گوێکانی ئەم سوپایەش هەمان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ. سزایەک کە هاوشێوەی سزادانی ئەلقاعیدە و داعشە (ئەگەرچی تا ئێستاش لە ئاست ئەم دوو گرووپە تیرۆریستییەدا، سزاکەی ئەمریکا ئامانجی خۆی نەپێکاوە!). هاوکات لەگەڵ ئەم بڕیارەی ئەمریکادا، وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا و ئەنجوومەنی ئاسایش (بە خۆپاراستن لە پرسی هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنی ئەتۆمی!) هاوهەڵوێست و نیگەرانیی خۆیان لەگەڵ ئەمریکا لە ئاست ڕۆڵی نەرێنی و خراپی ئێران لە ناوچەکەدا دەربڕی. لەکاتێکدا ڕێککەوتنی ئەتۆمی و بەرگرتن بە ڕۆڵی ئێران و لەناویدا سوپای پاسداران، یەک پاکیجە، کەچی هاوپەیمانەکانی ئەمریکا دڕدۆنگانە مامەڵە دەکەن و پێیان وایە نابێ هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ سنووردارکردنی ڕۆڵی خراپی ئێران لە ناوچەکە لەگەڵ دۆسیەی ڕێککەوتنی ئەتۆمی تێکەڵ بکرێ.

بەهەرحاڵ، ئەوەی لەم نیوەدا و لە پەیوەست بە کلک و گوێکانی پاسداران جێی خۆشحاڵییە (سەرەڕای هەندێ هەوڵی نەزۆک لێرە و لەوێی باشووری کوردستان، بۆ چوونە ژێر باری بوون بە بەسیج و حەشد!)، بەڵام تاران نەیتوانی ئەم ئەجێندایەی لە کوردستان جێبەجێ بکات، بەوەی لە هەناوی کورددا میلیشیای چەکداری سەر بە خۆی دروست و تەیار و ئامادە بکات، وەلێ بەداخەوە (وێڕای هەوڵی نەپساوەی لە بواری هەواڵگریدا)، وەکوتر توانیویەتی میلیشیایەکی ترسناک لەناو میدیای کوردی (بە تایبەتی میدیای ئەلیکترۆنی!) دروست بکات و بە گژ کوردستانیدا بکاتەوە. بە وردبوونەوە لە هەواڵ و بەدواداچوونی ئەو دەزگا میدیاییانەی کوردستان، بە ئاسانی هەست بە ڕەنگدانەوەی گوتاری پاسداران

دەکرێ، نەک هەر ئەوە، بەڵکو بەم دواییانە بووبووە مۆدێل، برێ نووسەر و ڕۆژنامەنووسی کوردستان (کە دەشێ ناویان بنێین بەسیجی مەدەنی، یان میلیشیای قەڵەمی پاسداران!) بە تەوس و شانازییەوە، وتارەکانیان بۆ ماڵپەڕەکانی پاسداران بنێرن و بڵاوی بکەنەوە.

# لە پەراوێزی ڕووداوەکانی ناوچەکەدا.. ئێران و مۆتەکەی جەنگێکی ماڵوێرانکەر

## کەڵەگایی ئێران و کاردانەوەی نێودەوڵەتی

ئاڵـۆزی و گرژییێکـی زۆر ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتی گرتووەتـەوە، گەردەلوولـی ئـەم پشـێوی و ئاڵۆزییانـەش، تـەواوی وڵاتانـی ناوچـەی لـە گێژەنـی خۆیـدا لـوول داوە و ناوچەکـە و جیهانیشـی بەسـەر بـەرەی جیـاواز دابـەش کـردووە.

هەژموونـی ئێـران لـە وڵاتانـی (سـووریا، عێـراق، یەمـەن و لبنـان)، بـە هـۆی ڕۆڵـی میلیشـیاکانی (شـەبیحە، حەشـد، حووسـییەکان و حزبـوڵا) لـە یەکلاییکردنـەوەی کێشـە و ناکۆکییـەکان. هەروەهـا کاریگەریـی ئـەو هێـزە میلیشـیاییانەی پاشـکۆی ئێـران، لـە ئاراسـتەکردنی ڕووداوەکانـی ئـەو وڵاتانـە، ئەمانـە و دەرکەوتەکاتیـان لـە قووڵکردنـەوەی ململانـێ و ناکۆکیـی ناوچەیـی و هەرێمایەتـی، ڕۆژەڤـی گەرمـی جیهـان و ناوچەکـەن و کاردانـەوەی جیاوازیـان بـەدوای خۆیانـدا هێنـاوە.

لـەم بارەیـەوە ئەمریـکا لەسـەر زاری (ریکـس تیلرسـۆن، وەزیـری دەرەوە)ی خـۆی، هۆشـداری دایـە وڵاتـان و گرووپەکانـی ناوچەکـە لـەوەی لبنـان نەکەنـە گۆڕەپانـی شـەڕی بـە وەکالـەت و پشـتیووانیی خـۆی بـۆ سـەربەخۆیی و سـەروەریی لبنـان دووپـات کـردەوە. هـاوکات جەختـی لـەوە کردووەتـەوە کـە شـوێنی هێـزی بێگانـە و میلیشـیا لـەو وڵاتـەدا نابێتـەوە.

لای خۆیشـیەوە وتەبێـژی وەزارەتـی دەرەوەی ئەڵمانیـا جەختـی لەسـەر ئـەوە کردووەتـەوە، کـە ئەڵمانیـا لـە نیگەرانییەکانـی سـعوودیە لەمـەڕ دەسـتتێوەردانی ئێـران لـە یەمـەن و پشـتیوانیکردنی ڕژێمـی ئەسـەد و حزبـوڵای لبنانـی تێـدەگات.

گرووپـی نێودەوڵەتـی بـۆ پشـتیووانیی لبنـان (ئەمریـکا، ڕووسـیا و فەڕەنسـا)، لـە بەیاننامەیەکـدا جەختیـان لەسـەر پاراسـتنی لبنـان لـە گـرژی و ئاڵۆزییەکانـی ناوچەکـە و گرنگیـی گەڕاندنـەوەی (هاوسـەنگیی کارا و زینـدوو) بـۆ دامـەزراوە دەسـتووری و شـەرعییەکانی دەوڵـەت لـە لبنـان دووپـات کردووەتـەوە.

ئەنتۆنیـۆ گۆتیریـش، ئەمینـداری گشـتیی نەتـەوە یەکگرتـووەکان، نیگەرانیـی خـۆی لەمـەڕ قەیرانـی سیاسـیی لبنـان. هـاوکات سـووربوونی نەتەوەیەکگرتووەکانی لەسـەر پاراسـتنی سـەربەخۆیی و سـەروەریی لبنان و ڕیگرتـن لـە سـەرهەڵدانی ناکۆکـی و ململانێـی دیکـەی مەترسـیدار، دووپـات کـردەوە.

### سعوودیە و ستراتیژی نوێ

سـەعد حەریـری، سـەرۆکی حکوومەتـی لبنـان، هـۆکاری دەسـت لەکارکێشـانەوەی خـۆی بـۆ دەسـتتێوەردانەکانی ئێـران لـە وڵاتەکـەی و هەژموونـی حزبـوڵا بەسـەر دامـەزراوە شـەرعییەکانی وڵات گەڕانـدەوە. حەسـەن نەسـڕوڵڵا، ئەمینـداری گشـتیی حزبـوڵا لـە وەڵامـدا دەڵـێ، ئـەو هەنـگاوەی حەریـری کاری سـعوودیەیە و هیچـی تـر. پەیوەسـت بـەم پێشـهاتانە، (نەدیـم قەتیـش)، نووسـەر و ڕۆژنامەنووسـی لبنانـی، لـە وتارێکیـدا ڕۆژنامـەی (ئەلشەرقولئەوسـەت) نووسـیویەتی: " گوتـاری دەسـت لەکارکێشـانەوەی سـەرۆک سـەعد حەریر، تەنیا هەشـت خوولەکی

خایاند، ئـەم هەشـت خوولەکـەش، کۆتایـی بـە هەشـت سـاڵ مانـەوەی بـەزۆر- الاقامـە الجبریـە -ی لبنـان لـە باوەشـی سـووریا و ئێـران هێنـا".

پێشـتر و بـە پێـی ڕێککەوتنێکـی سیاسـی، لایەنەکانـی لبنـان لەگـەڵ حزبـوڵا گەیشـتنە ئەنجامێـک. دیوێکـی ڕێککەوتنەکـە، بێلایەنـی لبنان بوو لە شـەڕی سـووریا و ڕۆڵی حزبوڵا لەو جەنگە و هەڵوێسـتە سیاسـییەکان لەمـەڕ ململانێـی ئیـران و سـعوودیە، بـەڵام بە قسـەی نووسـەری بابەتەکە : " سیاسـەتەکانی حزبـوڵا نـەک هـەر گۆڕانیـان بەسـەردا نەهـات، بەڵکـو لەسـەر سیاسـەتە توندەکانـی لـە دژی سـعوودیە و بەرژەوەندییەکانـی ئاسایشـی نەتەوەیـی هاوبەشـی عەرەبـی بـەردەوام بـوو".

لـە لایەکـی دیکـە، دوای ئـەوەی لـە لایـەن حوسـییەکانەوە کرایـە ئامانجـی بۆردوومانـی مووشـەکی بالیسـتی، سـعوودیە ڕایگەیانـد کـە بـە هیـچ شـێوەیەک ڕێـگا نـادات حزبوڵایەکـی دیکـە (بـە ئاماژەکـردن بـۆ بزووتنـەوەی حوسـییەکان) لـە یەمـەن دروسـت ببێـت و ببێتـە هەڕەشـە بۆسـەر سـەقامگیری و ئاشـتی لـە ناوچەکـەدا. بـۆ ئەمـەش (عەبدوڵـڵا ئەلدۆسـەری) لـە وتارێکیـدا کـە لـە ڕۆژنامـەی (ئەلشەرقولئەوسـەت) بـڵاو کراوەتـەوە، نووسـیویەتی: " شـازادە محەمـەد کـوڕی سـەلمان گوتـی، ئێمـە دەزانیـن کـە گەیشـتن بـە ڕووگەی مووسـڵمانان، ئامانجی سـەرەکیی ڕژێمـی ئێرانـە. بۆیـە چاوەڕێ ناکەیـن تا شـەڕەکە دێتە سـعوودیە، بەڵکو شـەڕەکە دەبەینـە ماڵـی ئـەوان". بـە بۆچوونـی نووسـەر، ئـەم قسـانەی شـازادەی جێنشـین، جگـە لـەوەی پەیامێکـی ڕوون و ڕاشـکاو بـوون بـۆ ڕای گشـتیی نێودەوڵەتـی و ناوچەکـە، هـاوکات هۆشـدارییێکی توندیـش بـوون بـۆ ئێـران، بـەوەی ئەگـەر تـاران لـە پـرۆژە تێکدەرانەکـەی لـە ناوچەکـە بـەردەوام بێـت، ئـەوا سـعوودیە جەنگەکـە دەباتـەوە گۆڕەپانـی خۆیـان و میلیشـیاکانیان.

هاوکاتی ئەو کاردانەوە هەرێمایەتیانە، باڵوێزی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکانیش دەڵێ: " وڵاتەکەمان هەرگیز چاو لەو پێشێلکارییە ترسناکانەی یاسای نێودەوڵەتی لە لایەن ئێرانەوە ناپۆشێ". ئەم هەڵوێستەی ئەمریکاش، خەیاڵمان دەباتەوە سەر قسەیەکی بەناوبانگی هێنری کیسنجەر لە پەرتووکەکەی خۆیدا بە ناوی (سیستەمی نوێی جیهانی)، کە دەڵێ : "درەنگ یان زوو، مێژوو سزای یاریکردن و سەرکێشیی ستراتیژی دەدات".

**ئەگەری شەڕ، یان کارتەکانی فشار؟**

زۆر لە چاودێرانی سیاسی ناوچەکە پێیانوایە، ئیدی ئێران کەوتووەتە ناو سێرەی هاوپەیمانیی ئەمریکا- سعوودیە. ئەمەش بە هۆی سووربوونی تاران لەسەر سیاسەتی هەناردەکردنی ئایدیۆلۆژیای تایەفەگەریی، دنەدانی تیرۆر و پشتیوانیکردنی، پێشێلکردن و شکاندنی شکۆ و سەروەریی وڵاتانی ناوچەکە..

لەم ڕووەوە، جیاواز لە زۆر بۆچوونی دیکە، نووسەری ناسراوی عەرەب، (عەبدولباری عەتوان) لە نووسینێکی شیکاریدا کە لە ڕۆژنامەی (الرای الیوم) بڵاوی کردووەتەوە، ئاماژە بە ڕوودانی جەنگێکی گەورە دەکات و دەڵێ : " ناوچەکەمان لەسەر لێواری جەنگێکی ترسناک دایە...... ئەو پرۆسەی پاکسازییەیش کە شازادە محەممەد کوڕی سەلمان لە دژی بەرەی ناوخۆ دەستی داوەتێ، لە بنەڕەتدا پێشەکی سیناریۆی جەنگێکی هەرێمایەتییە".

(عەبدوڵلا ئەلدۆسەری)ش لە وتارەکەیدا، ئەم پێشبینی و گریمانانەی (عەتوان) دەربارەی هەڵگیرسانی شەڕ، پشتڕاست دەکاتەوە. ئەلدۆسەری پێیوایە ئەمجارە نەک بە شێوەی سیاسی و

دیبلۆماسی، بەڵکو بە زمانی سەربازی و هێز، ئەمریکا و سعوودیە لەسەر ڕەفتارە دوژمنکارەکانی، سزای ئێران دەدەن و دەڵێ: " ئیدارەی ئەمریکا پشتیووانی ئەم ستراتیژە نوێیەی سعوودیە دەکات. چاوەڕوانیش دەکرێ کە کۆشکی سپی دەسەڵاتێکی زیاتر بدەنە سعوودیە و چرای سەوزی بۆ داگیرسێنن، تا وەڵامی گێچەڵە دەریایی و ئاسمانییەکانی ئێران لە کەنداوی عەرەبی و گەرووی هورمز، بداتەوە.

(عەتوان) وردتر باس لەو پیلان و سیناریۆیە دەکات و دەنووسێ: " ئەوەی ئێستا دەگوزەرێ، بەشێکە لە چوارچێوەی پلانێکی پێشوەختەی بە وردی داڕێژراو و زەمینەساز بۆ شەڕێکی تایەفی، بەڵام بە بەرگی (نەتەوەیی عەرەبی). ئامانجی سەرەکیش لەم جەنگە، شکاندنی هێزی هەڵکشاوی ئێرانی (شیعەگەری) و لێدانی باڵ و پاشکۆ و کلکەکانیەتی لە یەمەن و لبنان و عێراق، بە پشتیوانیی ئەمریکا و ئیسرائیل و وڵاتانی هەرێمایەتی".

بە بۆچوونی (عەتوان) سعوودیەی کۆن کۆتایی هاتووە و هەنووکە سعوودیەیەکی دیکە، بە بەرگێکی نوێ لە دایکبووە. دامەزرێنەری سعوودیەی نوێش، شازادە محەممەد کوڕی سەلمانە، کە بە تێپەڕاندنی قۆناغی یەکەمی سیناریۆکە بە نەرمی و بەبێ ئاستەنگ، توانی هەر چوار جومگەی سەرەکیی دەوڵەت (ئابووری، ڕاگەیاندن، ئاسایش و سوپا، دامەزراوەی ئاینی) کۆنترۆڵ بکات.

بە ڕای ئەو، ئێستا لە سەروبەندی دەستپێکردنی قۆناغی دووەمی سیناریۆیەکە داین، کە ئەویش جەنگە. جەنگێک لەگەڵ خۆیدا هیچ وڵاتێکی ناوچەکە وەک تەماشاکار ناهێڵێتەوە، بەڵکو هەریەکە و ڕۆڵێکی دیاریکراوی تێدا دەگێڕێ و دەڵێ: " پاش چەند ڕۆژ و

هەفتەیەکی دیکە، قۆناغی دووەم و مەترسیدارتر دەست پێدەکات، ئەویش ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیی نێوان سعوودیە و ئێرانە و یەمەن سەرزەمینی جەنگەکە دەبێت".

**نووسەر لە چەند دێڕێکدا...**

- نووری ئیبراهیم عەلی، ناسراو بە نووری بێخاڵی
- ساڵی ١٩٧١ لە ڕواندز لەدایک بووە
- بەکالۆریۆس لە زمانی عەرەبی (زانکۆی سەلاحەددین- ١٩٩٤)
- ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان
- ئەندامی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان

**بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر...**

١-لە پێناو هۆشیاریی نەتەوەییدا، ساڵی ٢٠٠٠، بڵاوکراوەکانی هەفتەنامەی میدیا.

٢- گیروگازی چەمکی کۆمەڵی مەدەنی، وەرگێڕان بە هاوبەشی، ٢٠٠٢، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبیی نما.

٣- قوتابخانەی فرانکفۆرت، وەرگێڕان بە هاوبەشی، ٢٠٠٣، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبیی نما.

٤- ڕاگەیاندن و کاری ڕۆژنامەنووسی، ٢٠٠٦، بڵاوکراوەکانی سەنتەری ڕۆشنبیریی سۆران.

٥- شەلاڵم بە عەتری ئێوارە- شیعر، ٢٠١٠، بڵاوکراوەکانی سەنتەری ڕۆشنبیریی مێرگەسوور.

٦- دیدگا- لێکۆڵینەوەی فیکری و وتاری ڕۆژنامەنووسی ٢٠١٨، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای بەدرخان بۆ توێژینەوەی ڕۆنامەوانی و کولتوور.

٧- ڕوانگە- گۆشەی ڕۆژنامەنووسی ٢٠١٨، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای

بەدرخـان بـۆ توێژینـەوەی ڕۆژنامەوانـی و کولتـوور.

٨- سـەفەر نیشـتمانی نییـە و موسـافیر هـەر هیـچ- شـیعر ٢٠١٨، لـە بڵاوکراوەکانـی ئەکادیمیـای بەدرخـان بـۆ تویژینـەوەی ڕۆژنامەوانـی و کولتـوور.

٩- کـورد لەنـاو سـێرەی ئینگلیـزدا، ٢٠١٨، لـە بڵاوکراوەکانـی دەسـتەی ڕێکخـراوە جەمـاوەری و پیشـەییەکانی پارتیـی دیموکراتـی کوردسـتان.